**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سلێمانی**
**فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**کۆلێژی زمان**

# واتاو نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا

**نامەیەکە**

**برهان احمد عزیز**

پێشکەشی فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ کۆلێژی زمانی کردووەو بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا

**سەرپەرشت**
**پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف**

٢٧٢٢ کوردیی ٢٠٢٢ زاینیی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (واتاو نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا) لە لایەن (بورهان ئەحمەد عەزیز)ەوە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

ناو : پ.د عەبدولجەبار مستەفا مەعروف.

ڕۆژ : ٢٠٢٢

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو : پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ : ٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووەو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو : پ                                        ناو : پ

ئەندام                                        ئەندام

ڕۆژ :          ٢٠٢٢                                        ڕۆژ :          ٢٠٢٢

ناو : پ                                        ناو : پ

ئەندام و سەرپەرشت                                        سەرۆک

ڕۆژ :          ٢٠٢٢                                        ڕۆژ :          ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.

ناو : پ.د شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ :          ٢٠٢٢

## پێشکەشە بە:

_ ئەو دوو مرۆڤەی بێ ماندووبوون، هەمیشە لە دەورم بوون و پەرۆشی سەرکەوتنم بوون.

(دایک و باوکم)

_ ئەو کۆڵەکانەی لە خۆشی و ناخۆشی و تەنگییەکانی ژیاندا پشتیان پێوەدەدەم.

(خوشک و براکانم)

_ بە جوانییەکانی ژیان.

(خوشکەزا و برازاکانم)

_ بە هەر خوێنەرێک، وێڵی زانین بێت.

(بۆ خزمەتی نیشتیمان)

## سوپاس و پێزانین بۆ:

ـ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرپەرشتی نامەکەم، زۆر بەڕێز (پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف) بۆ ئەو ئەرک و ماندوبوونانەی، کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و لەخۆبوردووییەوە هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی زانستی کردووم.

ـ سوپاسی زۆرم بۆ (پ.د. شیلان عومەر حسەین)، (پ.ی.د.سازان زاهیر سەعید)، (پ.د ئومێد بەرزان برزۆ).

ـ سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ هۆبەی خوێندنی باڵای کۆلێژ، بەتایبەت کاک (زانا زاهیر).

ـ سوپاس و ڕێزم بۆ سەرجەم هاوڕێ بەڕێزەکانم.

# هێماوکورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / | یان |
| /   / | فۆرمی فۆنۆلۆژیی، مۆرفیم |
| > < | هێنانەوەی نموونە لە ناو دەقدا |
| (   ) | بۆ لێکدانەوەی واتای وشە |
| * | ناڕێزمانی |
| $X^o$ | توخمی فەرهەنگیی |
| ← | دەبێت بە |
| <------- | مەرج نییە ببێت بە |
| {   } | فرێز و دەستەواژیلە |
| <   > | ڕۆڵی واتایی/بابەتانە |
| A | ئاوەڵناو |
| AP | فرێزی ئاوەڵناوی |
| AGR | ڕێککەوتن |
| NP | فرێزی ناویی |
| $N^o$ | ناو |
| $P^o$ | پێشناو |
| P | فرێز |
| PP | فرێزی پێشناویی |
| Spec. | بۆشایی دیاریکەری فرێز |
| $T^o$ | تاف |
| TP | فرێزی تاف |
| $V^o$ | کرداری فەرهەنگیی |
| VP | فرێزی کرداریی |

| | |
|---|---|
| Y | تەواوكەر |
| $Y^{-}$ | فرێزی تەواوكەر |
| $V^{-}$ | نواندنی ناوەندی كردار |
| COMP | تەواوكەر |
| DS | دروستەی قووڵ |
| SS | دروستەی ڕووكەش |
| LP | فۆرمی لۆژیكی |
| PF | فۆڕمی فۆنەتیكیی |
| H1 | زرنگەی بەرز |
| H2 | زرنگەی نزم |
| Topic | سەرتۆپ |
| XP | فرێزی هەمەجۆر |
| [ -/+ ] | نیشانەی واتایی |
| Pro | پرۆی بچووك |
| [   ] | كەوانەی شكاوە |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| $X^{-}$ | پرۆژەی ناوەندیی |

# لیستی زاراوەکان:

| | |
|---|---|
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| Grammar | ڕێزمان |
| Grammar and meaning | ڕێزمان و واتا |
| Language competence | توانستی زمانیی |
| Semantic role | ڕۆڵی واتایی |
| Syntagmatic | پێکهاتەی تەکنشینی |
| Semantic structure | دروستەی واتایی |
| Semantic relation | پەیوەندییە واتاییەکان |
| Structural meaning | واتای دروستەیی |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگیی |
| Grammatical function | ئەرکە ڕێزمانییەکان |
| Syntax and meaning | سینتاکس و واتا |
| Form | فۆرم/ شێوە |
| Morpheme | مۆرفێم |
| Decompositional theory | تیۆری جیاکاریی |
| Systematic | پێڕەوبەندانە |
| Phonology distinction | جوداکاریی فۆنۆلۆژیی |
| Semantic distinction | جوداکاریی سیمانتیکی |
| Illocutionary force | هێزی مەبەست / دەربڕین |
| Phonology and meaning | فۆنۆلۆژیی و واتا |
| Grammaticalization | بەڕێزمانیکردن |
| Grammar and lexicon | فەرهەنگ و ڕێزمان |
| Argument structure | دروستەی ئارگۆمێنت |
| Mentality | ئاوەزمەندی |
| Putative words | وشە خەیاڵییەکان |
| Morphological categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە |

| | |
|---|---|
| Surface structure | دروستەی ڕووکەش |
| Deep structure | دروستەی قووڵ |
| phonetic form | فۆرمی فۆنەتیکی |
| Structure profonde | بونیادیی قووڵ |
| Semantic selection | هەڵاوێریی واتایی |
| Intonation | ئاواز |
| Predicate | پریدیکات |
| Claim | داواکردن |
| Support.data | پاڵپشت |
| Category | پۆلەڕەگەز |
| Stress | هێز |
| Primary stress | هێزی سەرەکیی |
| Morphological words | وشەی مۆرفۆلۆژیی |
| Interfix | ناوبەند |
| Pitch | زرنگە |
| Segmental_super | سەروسەگمێنت |
| Pitch structure | دروستەی زرنگە |
| Pitch theory | تیۆری زرنگە |
| Nominalization | بەناوکردن |
| Attributive | پەسن |
| Dainamic | داینامیکی |
| Internal representation | نواندنی ناوەکی |
| External representation | نواندنی دەرەکی |
| Morphological structure | دروستەی مۆرفۆلۆژیی |
| Syntactic supposition | ناواخنی سینتاکسیی |
| Derivation | هەڵگواستن |
| Variables | بگۆڕەکان |
| Level of morphology | ئاستی مۆرفۆلۆژیی |
| Non compositional | ناپێکهاتەیی |
| Compositional | پێکهاتەیی |

| | |
|---|---|
| Accusative case | دۆخی بەرکاریی |
| Nominative case | دۆخی بکەریی |
| Generative case | دۆخی خستنەپاڵ |
| Preposition | پێشناو |
| Interoretative semantic | سیمانتیکی لێکدەرەوەیی |
| Polysemy | فرەواتایی |
| Standard theory | تیۆری ستاندارد |
| Flat representation | نواندنی تەخت |
| Obligatory | خورتی |
| Topicalization | باسمەند |
| Semantic dimension | ڕەهەندی واتایی |
| Out put | دەرکردە/ دەرچووەکان |
| Adjunction | هەڵواسین |
| Non_compositionlity | ناپێکهاتەیی |
| Governing_category | کەتیگۆری حوکمکەر |
| Pronomoals | جێناوەکان |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Full NP | فرێزی ناویی پڕاوپڕ |
| Post_sentence | قۆناغی پاش ڕستەیی |
| Name of time | ناوی کات |
| Position | جێکەوتە |
| Sentence_selection | هەڵاوێرکردنی ڕستە |
| Refer | مەبەست |
| Sense | کرۆک |
| Structure | دروستە |
| Element | توخم |
| Idiom | ئیدیۆم |
| Anaphore | ئەنافۆر |
| Semantic dimension | ڕەهەندی واتایی |

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١-٣ |
| **بنەماو تیۆری پێویست** | ٤ |
| ١/١  فەرهەنگ | ٥-٨ |
| ١/١-١ فەرهەنگ و ڕێزمان | ٨-١٠ |
| ١/١-١-١  فۆنۆلۆژیی و واتا | ١١-١٣ |
| ١/١-١-٢  مۆرفۆلۆژیی و واتا | ١٣-١٥ |
| ١/١-١-٣ سینتاکس و واتا | ١٥-١٧ |
| ٢/١  سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | ١٨-٢٠ |
| ٢/١-١ دروستەی قووڵ | ٢٠-٢٢ |
| ٢/١-٢ دروستەی ڕووکەش | ٢٣-٢٤ |
| ٣/١ سیمانتیکی بەرهەمهێنان | ٢٥-٢٦ |
| ٣/١-١ دروستەی ئارگۆمێنت | ٢٦-٢٨ |
| ٣/١-٢ پریدیکات | ٢٨-٣٢ |
| **واتا لە مۆدێلی ڕێزماندا – فۆنۆلۆژیی – مۆرفۆلۆژیی –پرۆژەناوەندییەکان** | ٣٣ |
| ١/٢ واتاو ڕێزمان | ٣٤ |
| ١/٢-١ نواندنی واتایی لە فۆنۆلۆژییدا | ٣٤ |
| ١/٢-١-١ واتا لە فۆنۆلۆژیی کەرتییدا | ٣٥-٣٦ |
| ١/٢-١-٢ واتا لە فۆنۆلۆژیی ناکەرتییدا | ٣٧-٣٨ |
| ١/٢-١-٢-١ هێز | ٣٨-٤١ |
| ١/٢-١-٢-٢ زرنگە | ٤١-٤٣ |
| ٢/٢ نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا | ٤٤-٤٥ |
| ٢/٢-١ دروستەو واتای مۆرفۆلۆژییانە | ٤٥-٤٦ |
| ٢/٢-١-١ دروستەو واتای هەڵگواستن | ٤٧-٥٠ |
| ٢/٢-١-٢ دروستەو واتای لێکدراو | ٥٠-٥٨ |
| ٣/٢ نواندنی واتایی لە پرۆژە ناوەندییەکاندا | ٥٨-٦٢ |
| ٣/٢-١ واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە فرێزی ئاوەڵناوییدا | ٦٣-٦٧ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣/٢ واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە فرێزی پێشناوییدا | ٦٧-٧٠ |
| ٣-٣/٢ واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە فرێزی کردارییدا | ٧٠-٧٤ |
| **نواندی واتایی لە ڕستەدا** | ٧٥ |
| ١/٣ واتای ڕستە بەپێی سیمانتیکی لیکدەرەوەیی | ٧٦ |
| ١-١/٣ نواندنی واتایی لە دروستەی قووڵدا | ٧٦-٨١ |
| ٢-١/٣ نواندنی واتایی لە دروستەی ڕووکەشدا | ٨٢ |
| ١-٢-١/٣ واتا لە دروستەی ڕووکەش/ ڕستەدا | ٨٢ |
| ٢-٢-١/٣ واتا لە دروستەی ڕووکەش/ مۆرفۆسینتاکسدا | ٨٣-٨٦ |
| ٢-١/٣ واتا پێشنیازکراوەکانی ناو دروستەی ڕووکەش | ٨٧-٨٨ |
| ١-٢-١/٣ دروستەی ڕستەی باسمەند | ٨٩-٩٠ |
| ٢-٢-١/٣ دروستەی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی | ٩٠-٩٣ |
| ٣-٢-١/٣ واتای ئیدیۆمی | ٩٣-٩٦ |
| ٤-٢-١/٣ بەستنەوەی واتایی لە ڕووکەشدا | ٩٦-١٠٠ |
| ٥-٢-١/٣ دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان | ١٠٠-١٠٣ |
| ٢/٣ واتای ڕستە بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێنان | ١٠٣-١١١ |
| ئەنجام | ١١٢-١١٣ |
| سەرچاوەکان | 114-124 |
| پوختە | 125 |
| ملخص | 126 |
| Abstract | 127 |

# پێشەکی:

## ١/٠ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا) یە، نواندنەکە لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا کاری لەسەر کراوە.

## ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

نەبوونی کتێبێک، یان نامەیەکی سەربەخۆ، کە تێیدا واتاو نواندنی واتایی لە کۆی مۆدێلی ڕێزماندا یەکبخات و لێکچوون و ناوکۆیی ناو پێکهاتەکان بخاتەڕوو، بۆیە لێکۆڵینەوەکە هەوڵێکە بۆ پەسنکردن و شیکردنەوەی واتا لە فەرهەنگ و پێکهاتەکانی ڕێزماندا.

## ٣/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە""دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست بەکارهێنراوە و زۆربەی نمونەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی شێوەزاری ""گەرمیان "" وەرگیراون، بەڵام لێکچوونی فەرهەنگی وشەیی لە کۆی شێوەزارەکانی ئەو دیالێکتەدا وایکردووە، نموونەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبێت.

## ٤/٠ گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

نەبوون و تێکەڵییەک لە دیاریکردنی واتاو نواندنەکانی لە مۆدێلی ڕێزمان/ کۆی پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، هەروەها دەرنەخستنی قۆناغ و ڤێرژنەکانی پەسنکردنی واتایی، بۆیە ئەوە بە گرفت دانراوە و دەمانەوێت بە گریمانەو کاری زانستی، گرفتەکە چارەسەر بکات.

## ٥/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی "شیکاریی پەسەنکەرانەیە_ Descriptive Analysis "" پشت بە بە قۆناغی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی و سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەستراوە، بۆ ناساندن و خستنەڕووی نواندنی واتایی فەرهەنگ و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس.

**٦/. بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی، پێکهاتووە:

## بەشی یەکەم:

بە ناونیشانی (فەرهەنگ _ lexicon)ە، ئەم بەشە لە سێ پار پێکهاتووە :پاری یەکەم بۆ خستنەڕووی تیۆری زانیاری تەرخانکراوە، لەسەر پێکهاتەی فەرهەنگی و زانیاریی فەرهەنگیی، ئەویش بەوپێیەی فەرهەنگ سەرچاوەی نواندنە ڕێزمانییەکانە. پاری دووەمیش، لە ڕوانگەی تیۆرییەکانەوە بۆ سیمانتیکیی لێکدەرەوەیی و بەشە سەرەکییەکانی سیمانتیکیی لێکدەرەوەیی تەرخانکراوە. پاری سێیەمیش بۆ سیمانتیکیی بەرهەمهێنان و بەشە سەرەکییەکانی تەرخانکراوە، ئەو گریمانانەش خراونەتەڕوو، کە کاریان لەسەر فەرهەنگ و کردارەکان کردووە.

## بەشی دووەم:

بە ناونیشانی (واتا لە مۆدێلی ڕێزماندا _ فۆنۆلۆژیی_ مۆرفۆلۆژیی_ پرۆژە ناوەندییەکاندا) یە، لە سێ پاری سەرەکیی پێکهاتووە: پاری یەکەم بۆ نواندنی واتایی لە فۆنۆلۆژییدا بنەمای دیاریکردنی فۆنیمەکانە و بۆ جیاکردنەوەی فۆنیمەکانە، دروستکردنی فۆرمێکی نوێیە بۆ واتای نوێ، لێرەشەوە هێز و ئاوازە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی واتای وشەکان و کۆی دەرکردەکان دەبێت. پاری دووەمیش تایبەتە بە نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی زانیاری مۆرفۆلۆژییانەی گشتیی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەی تاک و بەکارهێنانی تاکلایەنانەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لێکدراوەتەوە. لە چێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکی بەرهەمهێناندا کارەکە کراوە، کارەکە هەم بۆ دروستە و هەم بۆ نواندنی واتا مۆرفۆلۆژییەکان گرنگە، بەجۆرێک لەڕووی پاشخانی فەرهەنگییەوە بۆ شیکردنەوە و نواندنی واتایی ناو دروستەی مۆرفۆلۆژیی و دەرکردەی واتایی ڕۆیشتووە. پاری سێیەم نواندنی واتایی لە دروستەی فرێزدا لە ناو پێکهاتەی سینتاکسیی بەرهەمهێنانی فرێزەکانە، پاشان واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی فرێزی ناویی و ئاوەڵناویی و پێشناویی و کرداریی، لە ڕووی دروستەوە بەڵگەکان لەسەر وشە هەڵگوێزراو و لێکدراو هێنراونەتەوە.

**بەشی سێیەم:**

به ناونیشانی (نواندنی واتایی له ڕستەدا)یە، ڕستەکان له زماندا پشت به هەردوو دارِشتەی دەنگ و واتا دەبەستن، هەنگاوەکان بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی سینتاکسییانه و واتاییانەی کەرەسته فەرهەنگییەکانه. له دوو پار پێکهاتووە: پاری یەکەم تایبەته به واتای ڕسته بەپێی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی له دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش و دروستەی ڕستەی باسمەند و واتای ئیدیۆمی و دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکاندا. پاری دووەم جێبەجێکردنی واتای ڕسته بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێنان و هەڵاوێرکردنی واتایی له سینتاکس و سیمانتیکدایە، لێکۆڵینەوەکه به چەند ئەنجامێک گەیشتووەو له کۆتاییەکەیدا خراوەنەتەڕوو. له کۆتایشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، هەروەها ئاماژە به سەرچاوەکان کراوە لەگەڵ خستنەڕووی پوختەیەکی نامەکه به زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# بەشی یەکەم

# بنەماو تیۆری پێویست

## ١/١) فەرهەنگ:

فەرهەنگ پاشخانی کۆزانیاریی زمانیی مرۆڤە، ئەوەیش ئەوە دەردەبڕێت، کە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیارییانە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت، لە ڕووی دروستەوە هەر سێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، ئەوەش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن، کەرەستەی بەرایی هەر یەک لەو پێکهاتانە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بەجۆرێک فۆنۆلۆژیی بنیاتی بڕگەو مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشەی نسادە دەنێن، دەبێت ئەوەش بزانرێت، "کە کار بە گریمانەی بە پێکهاتەبوونی فەرهەنگ بکرێت، ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەیش ئەوە دەردەبڕێت ئاستی فەرهەنگیی خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی، بەوەش ڕێزمان بۆ بەسەرەو ڕزبوونی خۆی لە کەرەستەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییدا نواندنێکی تری دەبێت" (مەعرووف،٢٠١٧، ٥٤).

فەرهەنگی ئاوەزیی بە واتا (وشەنامەکەی ناو مێشک) داڕشتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکییەکانە، زاراوەیەکە بۆ چۆنێتی (ڕێکخراوی ئاوەزی گەنجی وشە)ی مرۆڤێک گرنگترین بواری لێکۆڵینەوە پەیوەست بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە لەمانەدا کۆکراونەتەوە (١)ناسینەوەی وشە (٢)ڕێکخراوی ناوەوەی سیمانتیکیانەو مۆرفۆلۆژییانەی فەرهەنگی ئاوەزی (٣)هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی گفتوگۆدا یان لە ناوەڕۆکی دەقدا. فەرهەنگی ئاوەزیی لە چەمکێکی ڕێزماندا لە چێوەی ئاوەزداریدا ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاریی دەربارەی یەکە سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەکان گەنجدەکات، کە ناتوانرێت چی دی شیبکرێنەوە، زانیاریی وەک ئەوانە پەیوەستن بە فۆرمی فۆنۆلۆژیی فۆرمی فۆنۆتیکیی و لە ناو ئەوانەشدا (دروستەکانی بڕگە، دروستەکانی زرنگە، دروستەکانی قورسایی خستنەسەر/ پەیوەستن بە دروستە مۆرفۆلۆژییەکان وە خەسڵەتە سینتاکسییەکانی وشەکان و بە واتای وشە بە واتای ناوەڕۆکی سیمانتیکی/ پراگماتیکییەوە ( مەحوی ،٢٠٠٦، ١٢).بشڕوانە (Chomsky, 1995, 30 "فەرهەنگ سێتێک کۆتوبەندی فۆنۆتاکتیکی هەیە، کە وەک پاڵێوەر گۆدەکەن و تەنها ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە فۆنۆلۆژییانە فۆرم دروستن، بەر لەوەی وشەی دانراو/ خەیاڵییەکان بتوانن بچنە فەرهەنگەوە پێویستە دەنگەکانیان بەو جۆرەی لەزمانەکەدا ڕێپێدراون، بخرێنە تەک

یەک".(katamba, F.& stonhan,J.2006.83) لە (سەعید،٢٠٢٠،٢٥٠) وەرگیراوە.  بۆ نموونە فۆرمەکانی (ڵیر ، نبچ)ڕاستەوخۆ / ئۆتۆماتیکی ڕەتدەکرێنەوە، چونکە لە پێڕەوی فۆنەتاکتیکیی زمانی کوردییدا هاتنی دەنگی /ڵ/ی سەرەتای بە دواییەکداهاتنی /ن+ب/ ڕێپێدراو نیین، بەمەش مۆرفیم / وشەکانی لە هەنگاوی پێش _ فەرهەنگییدا پەیوەست بە فۆرمدروستیی و  واتاوە، بە گشتیی پابەندی دوو مەرج دەبن : (١) یاساکانی وشە دروستکردن (٢) پاڵێوەری پشکنین _فلتەری چێککردنەوە. (سەعید،٢٠٢٠،٢٤).

(چۆمسکی) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەناسێنێت، کە ئاستی قووڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەستێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەبەخشێت، بە پێی تیۆرییەکەی چۆمسکی (فەرهەنگ وەک وشەنامە لە ژمارەیەک یەکەی فەرهەنگی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانەی بریتیین لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاریی فۆنەتیکیی و واتایین ). ( Steinberg,1991,35) فەرهەنگ، لە بەشێک لە پێکهاتەی یاسا پەیوەندییەکان دانراوە، چونکە یەکەی فەرهەنگی بنیادی پەیوەندیکردنی فۆرم دروستیی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و چەمکی لەخۆدەگرێت،((ئەوەی بەڵگە نەویستەو ڕاستییەکی کرۆکییە ئەوەیە، کە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکی هەر زمانێک، بریتییە لە فەرهەنگی ئەو زمانە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەرج، کە لە سەر بنەمای دیاریکردنی پەسەندکردنی ڕێزمانی دانراوە، هەرچی یەکەمە ئەوەیە، کە لێکدانەوەی سیمانتیکیی ڕستە لە سەر واتای مۆرفیم و وشە پێکهێنەرەکانی و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوانیاندا دەوەستێتەوە، دووەمیش ڕێزمان ناتوانێت ئەو ڕستانەی کە لە ڕووی سینتاکسییەوە لە ڕەگەوە جیاوازن و واتای چوون یەکیان هەیە بە تەواوی لێکبداتەوە پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ فەرهەنگ، لەبەرئەوە بە پێکهاتەیەکی پێویستی سیمانتیکی دانراوە بەهای دروستەی دەروازەی فەرهەنگیی هی کەرەستەیەکی فەرهەنگیی لە سێ چەشنە زانیاری پێکهاتووە ، کە بە زانیاریی فەرهەنگی دانراوە (أ) زانیاریی فۆنۆلۆژیی (ب) زانیاریی سینتاکسیی (پ) زانیاریی واتایی)) ( حسین ،٢٠١٢، ١٠٨).

فەرهەنگ لیستی وشە تۆمارکراوەکانی بەشێکی هەر زمانێکەو تەواوکەری ڕێزمانەکەیەتی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پڕاوپڕێتیی پێڕەوی ناو مێشکی مرۆڤە، لێرەوە فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی یەکتر تەواودەکەن، واتا زانیاریی فەرهەنگی لە لایەن ڕێزمانەوە دەنوێنرێت، مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکەمان هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات و فۆڕمی بۆ هەموو

چەمک و واتا ناوەڕۆکەکان داڕشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی فەرهەنگی زمانەکە دەگرنە ئەستۆ. بۆ ڕونکردنەوەی باسەکە، بڕوانە هێڵکاری (١)




هێڵکاریی (١)

هێڵکاریی ژمارە (١) فەرهەنگ و ڕێزمانی لەبەرامبەر یەک داناوە، بەوەش هەر یەک لە فەرهەنگ و ڕێزمان وەک دوو پێکهاتەی سەربەخۆی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، کە خاوەنی کەرەستەو یاسای پێکەوەهاتنی خۆیانن، پێکهاتەی فەرهەنگیی، نواندنی ناوەکیی خۆی هەیە لە ڕووی فۆرمەوە پێش نواندنی ڕێزمانی دەنوێنێت، ڕێزمانیش دەبێتە نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی.(مەعروف، ٢٠١٢، ، ٢٦٢) فەرهەنگی وشەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆڕێکی واتایی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، پۆلێنکراون و خاوەن زمانەکانیش واتای وشەکانی زمانەکەیان دەزانن و فەرهەنگیش بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشەو واتا، ڕێزمان بێ فەرهەنگی وشە ناتوانێت جیاوازیی واتایی نێوان ئەم ڕستانە دیاریبکات، نموونەی (١)(أ ب پ)

أ. پشیلەکە مشکەکەی خوارد.

ب. پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

پ. پشیلەکە پەنیرەکەی خوارد.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەگەر واتای (پشیلەو مشک و پەنیرو گۆشت و خوارد) نەزانین، ناتوانین جیاوازیی ئەو سێ ڕستەیە بکەین، چونکە لە ئاستی ڕستەسازییدا یەکن. هەروەها فەرهەنگی وشە گرنگی هەیە، کاتێک وشەیەک شوێنی وشەیەکی تری گرتووەتەوە، ئەوا واتایان دەگۆڕێت

وەک :

ت. بوتڵێک/ دەبەیە ئاوم خواردەوە.              /بوتڵێک = دەبە/

ج. پەرداخێک/جامێک ئاوم خواردەوە.

واتای ڕستە، بەرهەمی واتایی فەرهەنگی و ڕێزمانییە.(دزەیی، ٢٠٠٩، ٤٧ ) فەرهەنگ بە شێوەی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان گەنجدەکات، بەجۆرێک کە قسەکەر بەهۆی نەخشەی بیریی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان فۆرم و واتاکەدا هەیە پەیڕەوبەندێتی لە بەکارهێنانی ئاوەزیانەدا وەها دەکات ئۆتۆماتیکییانە دەستی پێبگاتەوە، بەمەیش فەرهەنگی ئاوەزیی وەک پێکهاتەیەکی مۆدۆلاریەتی لێیدەکۆڵێتەوە، هەڵبەت فەرهەنگی ئاوەزیی وەک بە ئانۆلۆژیی گوزارشت لە وشەنامەی ناو مێشکمان دەکات، ئەم وشەنامە ئاوەزییە بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەگشتی هەڵگری زانیارییە سیمانتیکیی و سینتاکسییکانن.( ئەحمەد، ٢٠١٣، ١١) بشڕوانە (Chomsky, 1981, 87) فەرهەنگ خاوەنی چەند دەروازەیەکە لە لێکدانەوەو خستنەڕووی توخمەکاندا، کە بە دەروازە فەرهەنگییەکان ناسراون، ئەم دەروازانەش بە دوو شێوە داڕێژراوە : کە پێکهاتەی هێمای لێکسیمیی و فرێزی هەیە، تایبەتمەندییەکانیشیان بریتین لە : فۆن/phon، کە هەمیشە بەهۆی زنجیرەیەک پیت دەنوێنرێت، سینsyn زانیارییە سینتاکسییەکان دەگریتەوە، سیمsem واتا سیمانتیکییەکان لەخۆ دەگرێت.(حسێن، ٢٠٠٩، ، ١٢٩) فەرهەنگ سەرباری ئەوەی لیستی وشەکانە و زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییان تێدا هەڵگیراوە، نواندنی ئاوەزمەندیی نەتەوەیەکە، کە لە ڕێگەی زمانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوێزرێتەوە، واتاکانی ناو فەرهەنگ بۆ پەیوەندییەکی تەواوو بۆ گواستنەوەی زانیاریی دەستنیشانکراو تا کۆدی نێردراو لێکبدرێتەوە.(مەعروف، ٢٠٢٠، ١٣٥) بشڕووانە:( سەعید،٢٠٠٨،٧)

## ١-١/١ فەرهەنگ و ڕێزمان: Grammar and Lexicon

فەرهەنگ سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانیی مرۆڤە، کە لە کەرەستە تیا گەنجکراوەکانییدا زۆر بەکارهێنراون، زیاد لە پێویستن کە فۆنیم و مۆرفێم و وشەکانن، زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان هەڵگیراون، سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگ پێکهاتەیەکی سەربەخۆیەو بە کەرەستەو یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی کاردەکات، بەڵام بەهۆی هەڵگری زانیارییەکانەوە فەرهەنگ جڵەوی ڕێزمان دەگرێت، خودی ڕێزمانیش ئەو زانیارییانە دەنوێنێت، کە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون "فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی گشت تایبەتێتییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان،

تایبەتێتییەکانیش ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی دروستەی ئارگۆمێنتیی سەرەکاندا هەیە، هەروەک کردار وەک ئارگۆمێنت ـ داواکەر، چەند ئارگۆمێنت هەڵاوێر دەکات و چ ڕۆڵێکی سیمانتیکیش دەدات ، ئەمانەیش دەریدەخەن، کە پێکهاتەی فەرهەنگ بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی زمانیی جیاواز لەجۆری (بڕگە، وشە، فریز)". (katamba,F & stonhan,J,2006,14) لە (سەعید،٣٣،٢٠٢٠) وەرگیراوە. زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی بە پێکهاتەیەکی دیکەی زمان دەبەخشێت. بڕوانە هێڵکاریی (٢).




هێڵکاریی (٢) (سەعید، ٣٣،٢٠٢٠)

بەپێی هێلکارییەکە فۆنۆلۆژیی بە پێی نیشانەی فۆنیمەکان مۆدێلی بڕگەکان بەرهەمدێنن، کە بە پێی فۆنۆتاکتیکی زمانێک ڕیز دەبن . {https://www.researchgate.net} واتە فۆنۆتاکتیک، کە لە چێوەی بڕگەکاندا، نەریتی ڕیزبوونی فۆنیمەکان ڕێکدەخات، زانیارییەکی فەرهەنگی فۆنیمەکانەو ئاراستەی وشە دانراوو داهێنراوەکان دەکات، لە سەرێکی تریشەوە زانیاریی فۆنۆلۆژییانەی توخمە فەرهەنگییەکان ($X^0$)پەیوەست بە تەرزی هێزەوە، دیاریکراون و بوونەتە نیشانەیەکی فەرهەنگیی و بوون بە فەرهەنگیی، واتا پێوەری وشەیی و لێکسیمی بەشێکی زانیاریی فەرهەنگیی وشەو فۆرمە بە وشەبووەکانن.

وەک لە پێناسەی فەرهەنگدا خرایەڕوو، فەرهەنگ کۆزانیارییەکانی تێدا گەنجکراوە، زانیارییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاشەوە، بەشێکی ناواخنی (X)ەکانن، بەوەش(X)ەکان فرە زانیاریین و لە ڕێزماندا زانیارییە شاراوەکان دەنوێنرێن. بڕوانە هێڵکاریی (٣).

٣) 


هێڵکاریی (٣)

(X)ەکان کەرەستە فەرهەنگییە دەسەلاتدارەکانن، کە لە پرۆسەی بەڕێزمانیکردنەوە (Grammaticalization) فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی بەرهەمدێنن، (X) ەکان توخمی فەرهەنگیی پرۆژە سازدەرن و (کرداری ناوو ئاوەڵناوو پێشناوو .......)دەگرتەوە کە بوون بە ڕێزمانییان پێشبینیکراوە، چونکە هەریەک لەوانە خورتییانە لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی چالاکن و پرۆژە سازدەرن. (مەعروف، ٢٠٢١، ٥٢). بەو پێیەی ڕێزمان زانیارییە زیادە تیاداگەنجکراوەکانی فەرهەنگ دەنوێنێت، بۆیە واتا بەشێکی کۆی مۆدێلی ڕێزمانە، بەوەش دەبێت بەپێی هێڵکاریی (٢) واتا لە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشدا هەبوون و نواندنی هەبێت، چونکە هێڵکارییە ڕێزمان وەک چەتری کۆی زانیارییەکان دەردەخات و بەدڵنیاییەوە لە کۆی زانیارییەکاندا واتاش هەیە، بۆیە لێرەوە پەیوەندیی پێکهاتەکانی ڕێزمان بە واتاوە دەخرێنەڕوو.

## ١-١-١/ فۆنۆلۆژیی و واتا :phonology and meaning

پرۆسەی بە فۆنیم_بوون لە سەر بنەمای ئاڵوگۆڕی فۆنیمەکانە، ئەوەش هەنگاوی یەکەمی فۆنۆلۆژیی و واتایە، دوو ئاست بۆ زمان دەستنیشانکراون: ئەوانیش (دەنگ و واتا)ن. دواتر لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان خستەڕوو، کە دەبێت ئاستێکی تر هەبێت (ئاستێکی ڕۆنانی) بۆ لێکدانەوەی (دەنگ و واتا)، ئەویش ئاستی ڕێزمان بوو. لای سوسێر ئەوەبڕاوەتەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان دەنگ و واتادا نییە، چونکە پەیوەندییەکی نێوان دەنگ و واتا پەیوەندییەکی لەخۆوەیەو کۆمەڵگا ئەو پەیوەندییە دروستدەکات، (بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە، واتا کۆمەڵگا بەپێی سیستەم بڕیاری لەسەردەدات)، ئەو فۆنیمانەی لەسنووری وشەو مۆرفیمدان، پەیوەندیان بە واتاوە هەیە.( السعدان ، ١٩٦٢، ٢١٠)لە فۆنۆلۆژییدا جیاکاریی سیمانتیکی بەرامبەر جیاکاریی فۆنۆلۆژیی دەوەستێت جیاوازیی دەنگی و جیاوازیی سیمانتیکیی بە پەیوەندییەکی سەرەکی لە زمانی مرۆڤدا دەژمێرێت، بڕوانە /تاڵ و باڵ/ کاڵ و ساڵ/چاڵ و خاڵ/ جیاکارییەکان لەسەر بنەمای سیمانتیکە.(خورشید، ٢٠١٠، ١٧٢ ) پێکهاتەی بنچینەکانی تیۆری نموونەیی چۆمسکی ساڵی (١٩٦٥) بەپێی ئەو تیۆر و هێڵکارییە پێکهێنانی فۆنۆلۆژیی و واتای پێ لێکدایەوە، کەواتە باسی دەنگەکان یان واتاکان بەبێ ڕوودانی ڕستە دەکات، ئەوانە خۆیان ڕستە دروستدەکەن.(جیرمان، ٢٠٠٦، ٩٥)

ڕژێمی ڕستەسازیی، چەند بۆچوون و گریمانەیەکی لە بارەی سروشتی پەیوەندیی نێوان دارشتەی فۆرم و داڕشتەی واتا تێدایە، لێکۆڵینەوە لەم پەیوەندییە، خستنەڕووی فەرمان و ئامانجی ڕێزمانە، ئەمە ئەوە دەبەخشێت، کە داڕشتەکە ئاستێکی ڕووکەش (SS)ی نادیار و سەرپۆش بەسەردا دراوی تێدایە، کە فۆڕمی فۆنەتیک و فۆڕمی لۆژیک وابەستەی یەکترنین بەگوێرەی تیۆری سەردەم؟ جیاوازیی لە نێوان داڕشتەی بنەڕەتی (قووڵی) دەنگسازیی و دروستەی ڕووکەش، لە زانستی زماندا (واتا) بە جەوهەرو ناوەندی سیمانتیک دانراوە، کە بریتییە لە نرخ و سەنگی هێماکان کرۆکی هێزی مەبەست-دەربڕینە (illocutionary force)، هاوکات واتا بە هێزی وشەکانیش ناسراوە. (ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٧ ). ڕواڵەتی/داڕشتەی فۆنەتیکیی/هەر ڕستەیەک داڕشتەی ڕیزی دەنگسازییەکەی تەنها بریتی نییە لە ڕێزی یەک لە دوا یەکی سەگمێنتی دەنگەکان، داڕشتەی دەنگسازیی بەستراوە بە دروستەیەکی سینتاکسییەوە (ڕستەسازی)ییەوە زاراوەی جێگۆڕکێ، کە سەرپشکە لەم باسە دێنە ئاراوە. بۆ ئەوەش بڕوانە نموونەی (٢)

٢)أ. ئازیز بۆ قوتابخانە/ مەکتەب  چوو.

ب. ئازیز چوو بۆ قوتابخانە/ مەکتەب.

پ. بۆ قوتابخانە/ مەکتەب چوو ئازیز .

بۆ جێگۆرکێی دەنگەکان، یان فۆنیمەکانیش، لە نموونەکانی (٣) ئەم وشانە لەلایەک جیاوازیی فۆنۆتاکتیکین، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی لایەنی کۆمەڵایەتیی و جوگرافییەوە، وەکو دوو وشەی جیاواز هەڵسوکەوتدەکەن. لە نموونەکانی (٣)دا دەردەکەوێت:

٣). فڕین/ ڕفین، یونان/ وێنان، فلیم/ فیلم، تەرزە/ تەزرە...

"ڕوودانی گەنجی دەنگەکان لە زمانی ئاخاوتندا بەشێوە گۆکردنی جۆراوجۆر دەستدەکەون، چونکە دەنگەکان هۆی کۆنکرێتکردنی فۆنیمەکانن، ئەمەیش وادەکات دارِشتەی فۆنەتیکیی دروستەیەک پەیوەست بە ئەلوفۆنەکانەوە, جیاواز لە دارِشتەی فۆنیمەکەی ڕووبدات، هەربۆیە فۆنیمەکان لەگەڵ ئەلەفۆنێک, یان دەستەیەک لەگەڵ ئەلوفۆنەکانیاندا پەیکاڵی یەک دەبن و لەچێوەی دروستەیەکی دەنگی فۆنەتیکیدا هەمان واتا بە بیچمێکی جیاوازەوە هەڵدەگرن. بڕوانە نموونە(٤).

٤. /سیر/ > [سیر]

/سەوزە/ > [صەوزە]

/دەستگرە / > [دەزگرە]

/ت/ > [ ت ] ~ [ط ]

/هەتاو / > [هەتاو] ~ [هەطاو]

ئەوەی لە نمونەکانی (٤) پێشبینیدەکرێت بۆ هەندێک فۆنیم یەک جۆر بەرجەستەکردن باوو ڕێگەپێدراوە، چونکە تەنیا یەک ئەلوفۆنی نوێنراوەو وەک ئەڵتەرناتیڤی فۆنیمەکە کاردەکات". (سەعید، ٢٠٢٠، ٣٦-٣٧)

ئاستێکیی دارِشتەی ڕستەکان لێکدانەوەی فۆنەتیکەو ئاستەکەی دیکەی لێکدانەوە سیماتیکییەکەیەتی، ئەوەی یەکەمیان لەڕێی نیشانە فۆنەتیکیەکان و ئەوەی دووەهەمیان لە شێوەی نیشانە واتاییەکانی کەرەستەکانی ڕستەدا لە کەوانەی شکاوەدا دارِێژراون، پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و ڕێزمان دروستەیەکی ڕووکەش دەگۆڕێت و دەیکات بە دارِشتەیەکی فۆنەتیکی، پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی، بەردەوام ئەو زانیارییانەی دەوێت، کە لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەدوێت. شایەنی باسە دەستکەوتنی ئەم فۆنیمە جیاوازانە لە چوارچێوەی  وشەکاندا لە پەیوەندییەکی ستوونیدایە بە مەبەستی دیاریکردنی فۆنیمەکان، کە چەند جووتە وشەی تر بەم

شێوەیە بهێندرێتەوە، ئەوا فۆنیمی جیاوازترمان دەستکەوێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان نییە، بەڵکو دروستبوونی پەیوەندی فۆنۆلۆژییە لە پەیوەندیی ستوونی وشەکاندا لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی فۆنیمە جیاوازەکانەوە، کە فۆنیمێک بە فۆنیمێکی تر دەگۆڕێت لە ژێر کاریگەریی گۆڕانی وشەکاندا یاخود بەپێچەوانەوە کە وشەکان لەڕووی واتاوە گۆڕانیان بەسەردا دێت بەهۆی فۆنیمە جیاوازەکانەوە .(محی الدین ، ٢٠٠٨، ٥٠) بشڕوانە (مەحویی، ئەحمەد، ٢٠٠٤ ،١١٤)، (مارف،٢٠١٤،٢٠) (بۆ جێبەجێکردنی ئەوەش، بڕوانە بەشی دووەم، پاری یەکەم).

## ٢-١-١/١) مۆرفۆلۆژیی و واتا: morphology and meaning

مۆرفۆلۆژیی، لێکۆڵینەوەی پێکەوەهاتن و پێکەوەبوونی جۆراوجۆری پێڕەوبەندانەی systematic فۆرم و واتایە لە وشەدا. لەوەوە ئاشکرا دەبێت، کە چەمکی مۆرفیم، چەمکی بنەڕەتیی مۆرفۆلۆژییە و دەرهێنانیی وشەکان لە زنجیرەکانی قسە (_ کردن) speech بناغەی پێڕەوی نوسینمانە (مەحویی، ٢،٢٠١٠ ). لای زۆربەی زمانەوانان وشە بەبابەتی یەکەی سیمانتیکی دادەنرێت، واتاسازی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی یاساکانی ڕێککەوتنی واتایی لە نێوان وشەکان خۆیاندا، بەڵام ناکرێت لەڕێگای شیکردنەوەی فەرهەنگییەوە بگەینە مۆدێلێکی تەواوی بێ کەموکوڕیی لە پێڕەویکی واتایی کە هەموو دەربڕاوەکانی زمان بگرێتەوە.( ئیبراهیم ،٢٠١٤، ١٣). بشڕوانە (فەتاح، ٢٠١٥، ٥٢). مۆرفۆلۆژیش پەیوەست بەسیستەمی زمانەوە داڕشتەی فەرهەنگیی مۆرفیمی دارشتن و بناغەکەی بەجۆرێک دەنوێنێت، کە لەگەڵ سەرەوڕیزبوون و پارامیتەری مۆرفۆلۆژییانەی مۆرفیم و بناغەکەیدا بگونجێت، بۆیە دەکرێت پاشگرو پێشگرەکان جۆرێک بن لەسەری ڕێزمانی و جۆرێکیش بن لە دەسەڵاتی واتایی و دروستەی فۆرمە تازە دروستبووەکان و کاریگەریشیان لەسەر دەرکردە واتاییەکان هەبێت، چونکە لەڕووی سیمانتیکییەوە دەسەڵاتداری بەرەو لای پاشگرەکە ڕادەکێشرێت، بەمەیش پاشگر شوێنی سەرە دەگرێتەوە. لە نموونەی (٥)دا وەک :

<u>٥.مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی نواندنی مۆرفۆلۆژیی</u>

١/-ستان/ + کورد --------------------/کوردستان/

٢/-لە/ + مێروو--------------------------/مێروولە/

بەپێی ئەو نموونانە، پاشگری / ستان / واتاو ناوەڕۆکی فۆرمە نوێیەکەی گۆڕیوە بۆ شوێن. واتا سەرچاوەی بوون بەلێکسیمی / کوردستان /، پاشگرەکەیە لەبەرئەوەی فۆرم و واتای لێکسیمی/کورد/ی گۆڕیووە. (مەعروف ،٢٠١٤، ٩٥). بشڕوانە (Fromkin, 2011,41) ئەم نموونانەی (٦ ا،ب،پ) ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئێمە ناتوانین وەسفی شێوەیەکی فۆنۆلۆژیی مۆرفیمی ناسیاوی بکەین، ئەگەر ئاماژە بۆ ئەو دەنگە نەکەین، کە دەکەوێتە پێشەوەو پەیوەندییە واتاییەکانی چۆنن.بۆ نموونە لە (٦) دا

٦. أ. برا +یە / ە / ———— برایەکە (براکە)

ب. مامۆستا+ /ەکە (یەکە/ ———— مامۆستاکە (مامۆستایەکە)

پ.پیاوە + /–ەکە/ (ان) ———— پیاو+ەک +ان ——پیاوەکان.( محمد، ٢٠١٩، ٢٦).

مۆرفۆلۆژیی، کە لە وشەو مۆرفیم دەکۆڵێتەوە، گرنگی بە شێوەی پێکهاتنیان دەدات، ئەو وشەو مۆرفیمانەش بریتین لە بەشەکانی ئاخاوتن. هەروەها بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە وشە لە ڕووی پێکهاتن و واتاو گۆڕانیانەوە. (تاهیر، ٩٢،٢٠٢٠). پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگ لەلایەک و لەگەڵ واتاش لەلایەکی ترەوە ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ڕۆڵی سەرەکیی فەرهەنگ ئەوەیە، کە واتای وشە ڕیزدەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی هەمیشە پەیوەندیی نێوان وشەیەک و واتاکەی هەڕەمەکییە، واتا هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی، کە وشەی سادە ئەو واتا تایبەتییە بگەیەنێت، کە هەیەتی، بەڵام بۆ هەر وشەیەکی سادەی فەرهەنگیی، پێشبینیی هەبوونی واتایەک دەکرێت، چونکە پێڕەوی واتایی یەکێکە لە بنەمای بەفەرهەنگیی_بوونی وشەیەک و نەبوونی واتاش وادەکات پێشبینیی لەناوچوونی بکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا کەمتر ڕوونە ئەوەیە، کە فەرهەنگ دەبێت جۆرە زانیارییەکی دیکە گەنجبکات، بۆ ئەوەش پێویستی بە پیادەکردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دەبێت، لە پیادەکردنی مۆرفۆلۆژییشدا واتاو دەرکردەی واتایی یەکێکە لە پێواژۆو ئەگەرە گرنگەکان، چونکە دروستکردنی وشەی نوێ بۆ واتای نوێیە. بۆ نموونە لە مۆرفۆلۆژیی شکانەوەدا گەردانکردندا بەرهەمهێنانی واتای ڕێزمانیی لێدەکەوێتەوە. هەر لە پێناسەی مۆرفیمەوە بگرە تاپێکهێنانی ناوەوەی وشە، چونکە مۆرفیم بەوە پێناسەدەکرێت، کە بچوکترین دانەی واتاداری زمانە هەر گۆڕانێک لە پێکهاتەی وشەکاندا بکرێت، ئەوا کاریگەریی بەسەر واتاوە هەیە. بۆ نموونە واتای ڕێزمانیی وشەی (گوڵ) لە واتای ڕێزمانیی وشەی (گوڵان) جیایە، ئەمەیش لەوەوە هاتووە

مۆرفیمەکان لە گەشەکردندان جا هەر گۆڕانکارییەک لە فۆڕمدا ڕوودبدات، گۆڕان لەواتاشدا ڕوودەدات.وەک لە  نموونەکانی(٧)دا:

٧) گوڵ ⟵ گوڵەکان،  کوڕ ⟵ کوڕێک، .....

بەشێکی کەمی وشەکانی زمانی کوردی، وشەی سادەن، کە لە زانستی زماندا بە وشەی تاریک دادەنرێت. تاریکیی وشە فەرهەگییەکان و کورتهێنانی گەیاندنی واتا بە وشە سادەکان وادەکات، کە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن لە ڕێی تەرزەکانییەوە وشەی نوێ بۆ واتای نوێ دروستبکات. واتا لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا بە توخمەکانی ناوەوەی پەیوەستە، واتا (Y) یان (X)ەکان واتاکە بەسەر کۆی واتای دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکەدا دەسەپێنن. (بڕوانە پاری یەکەمی بەشی دووەم بۆ نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا).

## ٣-١-١/١) سینتاکس و واتا: syntax and meaning

سینتاکس پێکهاتەیەکی ڕێزمانەو لە دروستەی فرێزو ڕستە دەکۆڵێتەوەو بنەماو نواندنی ڕێزمانیی پاشان واتایی لە ناو سینتاکسدایە. هەرچەندە سینتاکس پێکهاتەیەکی ڕێزمانە، بەڵام تەواوکەری فەرهەنگی گشت زمانێکەوە بەدروستەکانی نیشانە لە کەرەستەی فەرهەنگی دەدات و لەڕێگەی کەرەستە بەلێکسیمبوەکانییەوە، کەلێنی فەرهەنگی پڕدەکاتەوە.

(لاینز) پێیوایە ڕستە گەورەترین دانەیە لە شیکردنەوەی ڕێزماندا، واتای وشە لە ناو ڕستەدا سنووردار دەبێت و بەشێک لە واتای زیادە لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتن وەردەگرێت ، ئەوەی گرنگە لە واتای ڕستەدا ڕیزکردنەکەیەتی، چونکە هەر وشەیەک نرخی لەشوێنەکەیدایە هەروەک (سوسێر) ئاماژەی بۆ دەکات. سینتاکس لە دوا وێستگەیدا پەیوەندیەکی پتەوی بە واتاسازییەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش لە کارەکانی چۆمسکیدا هەستپێدەکرێت، کاتێک لە کتێبی پێکهاتە سینتاکسیەکاندا ١٩٥٧ ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، ڕستە سێ پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت. (ناوخۆش، ٢٠٠٥، ٦٣) لە هێڵکاریی(٤)دا دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی (٤)

چۆمسکی بۆ جیاکردنەوەی ڕستە لە یەکتری، پەسەندی یاساکانی گواستنەوە دەکات، لە پاش پەیڕەوکردنی ئەم یاسایانە، ئەوا پێکهاتەی ڕووکەش، خوێندنەوەی ڕستەدەگەیەنێت و پێکهاتەی قووڵیش واتای ڕستەکە دەبەخشێت. ئەمەش دانپیانانێکی فەرمی بوو بەپەیوەندیی نێوان ڕستەو واتادا. (جۆن لاینز) پێیوایە ئەستەمە سنوور لەنێوان (ڕێزمان و واتا)دا دابنرێت، چونکە ڕستە لە سەر دوو بنەما بەندە، (پەسەندی ڕێزمانی و پەسەندی واتا)، بەمەیش ڕێزمان و واتا ئاوێتەی یەکتردەبن ناتوانرێت لە یەکجیابکرێنەوە، بڕوانە نموونە (٨) ڕستەیەکی وەکو:

٨.بەرخەکە وانەکەی نووسی ؟

ڕستەی (٨) لە ڕووی ڕێزمانەوە پەسەندە، چونکە پێداویستیەکانی (کردار)ی لە بکەرو بەرکار تێدایە، (بەرخ) /بکەرە/و (وانە) /بەرکار/ەو (نوسی)یش/کردارە/، لە ڕووی ڕێککەوتنی ڕێزمانیش تەواوی ئەوەی ئەم ڕستەیەی ناوێزەکردووە (واتا)یە، جا لەبەرئەوەی ئەم ڕستەیە لەڕووی واتاییەوە تەواونییەو بەڕستە ناژمێرێت. (دزەیی، ٢٠٠٩، ٥٧) بشڕوانە (سەعید،٣٠،٢٠١٥) لە ڕوانگەیەکی ترەوە سینتاکس نواندنی زانیارییە سینتاکسیەکانی توخمە فەرهەنگییەکانە، بەهۆیانەوە دروستەی سینتاکسی لە چەشنی فرێز دەخاتەڕوو، دەیانخاتە پاڵیەک و تەکیەک بۆ بونیادنانی ڕستە.بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٠ ،١١١-١٢٧). ئەوەی لەم پارەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین، ئەو لایەنە سیمانتیکییەیە، کە لە دروستەی سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت، واتا لایەنە واتاییە بەرهەمهاتووە سینتاکسییەکە دەخرێتەڕوو، لە ڕاستیدا زۆربەی تیۆرو وەچە تیۆرییەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان بۆ سینتاکسن، بەجۆرێک هەموویان بۆ فۆرم و ئەرکی سینتاکسی و واتای سینتاکسیین و هەر لەم قوتابخانەیەوە واتا لە سینتاکسدا پێشنیازکراوەو تیۆریزەکراوە، لەم پارەدا سیمانتیک / واتا بەرهەمهاتووەکان لە توخمە فەرهەنگییەکانەوە دەستپێدەکرێت، کە پێکهێنەرو دروستکەری سینتاکسن بەدەستی واتای(X) ەکان لەدروستەی سینتاکسدا دەخرێتەڕوو، تا نواندنی واتای ئەو توخمە دەستنیشانبکرێت، کە بەدڵنیاییەوە تیۆەری تایبەت بەخۆیان هەن. (بڕوانە پاری دواتر(١/٣). (مارف، ٢٠١٤، ١٥٢)

بە پێی ئەو ڕێزمانەی (Chomsky) خستویەتییەڕوو، ژمارەیەک دروستەی سینتاکسی بۆ چۆنیەتیی دیاریکردنی واتای هەر ڕستەیەک و لێکدانەوەی بەرهەمدەهێنرێت، کە ئایا لە کام دروستەوە واتا هەڵنجێنین، یان واتاکەی بۆ هەموو دروستەکان دەگەڕێتەوە، یان بۆ یەکێکیان؟ بە پێی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی، سیمانتیک لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەی قووڵە، بەهۆی ئەو

دوو پێکهاتەیەوە ڕستەکان واتا دەبەخشن و واتاکەیان لێکدەدرێتەوە. لە نموونەی (٩)دا ڕووندەکرێتەوە:

٩. أ. ڤالان جێگوڵ /گوڵدانەکەی شکاند.

ب. جێگوڵ / گوڵدانەکە لە لایەن ڤالانەوە شکێندرا.

نموونەکانی (٩) لەبەرئەوەی هەمان دروستەی قووڵیان هەیە، دەبێت لێکدانەوەی واتاییان بۆ بکرێت و هەمان واتاشیان هەبێت. (حسین،٢٠١٢، ٢٤٣). بنەمای لێکدانەوەی واتایی، ڤێرژنێکی دەستگەیشتنە بە واتا، کە تێیدا فەرهەنگ و دروستەی قووڵ دەکرێنەپێوەر، لەبەرئەوە ئاستەکانی نواندنی واتایی بەپێی لیڤڵە سیمانتیکییەکان دەخرێنەڕوو.

سینتاکس و واتا پەیوەندییەکی گشتگیری نێوان دروستەی سینتاکسیی و واتایە و زیاتر ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە کۆی دروستەکە هەیەتیی، بەڵام واتاکە لەلایەن توخمێکی ناوەکییەوە بەرهەمدێت، بەوەش واتاکە نواندنێکی فەرهەنگیی و سیمانتیکیی و سینتاکسیی دەبێت، واتا واتەکە لە نێوان پێکهاتەی فەرهەنگیی و سینتاکسیی و سیمانتیکییدایە، کە ئەمەش بەپێی ڕیبازو قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆ نموونە پێکهاتەی سیمانتیکیی لە سیمانتیکیی لێکدەرەوەییدا پەیوەندیی بە فەرهەنگ و دروستە قووڵەوەیە، چونکە بە پێی تیۆرەکە دروستەی ڕووکەش تەنها دروستەیەکیی سینتاکسیی هەیە نەک دروستەی سیمانتیکیی، ئەمە بەشێکی قۆناغی هێزو ڕێزمانی بەرهەمهێنانە کە بەتیشک خستنەسەر دروستەی واتایی بەئەنجامی گەیاندووە، بەڵام لە قۆناغێکیتری قوتابخانەکەدا کە بە تیۆری ستانداردی فراوانکراو ناودەبرێت دروستەی واتایی لەقووڵداو دروستەی واتایی لەڕووکەشدا لەیەک جیاکراونەتەوە. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی قۆناغەکانی سیمانتیکی لە سینتاکس و دروستە سینتاکسییەکاندا. بڕوانە (پارەکانی داهاتوو، لەگەڵ جێبەجێکردنەکەی لە بەشی سێیەمدا، ١/٣ )، پێویستە ئەوەش بزانین لێکدانەوەی واتای ڕستە لەسەر ئاستی فەرهەنگ جێبەجێدەکرێت ؟ تیۆرەکە دانی نا بە ڕیزکردنی دانەفەرهەنگییەکان لە فەرهەنگدا، بەڵام ڕەتیکردەوە کە واتای فەرهەنگی وشە، لە توانایدا هەبێت بە تەواوی واتای ڕستە دەستنیشان بکات، بەڵکو تیۆرەکە هەوڵیدا تەمومژی هەندێ ڕستە لەڕێی خستنەڕووی ئەو سیماواتاییانەوە ڕوون بکاتەوە، کە وشەکە هەیەتی.

## ٢/١) سیمانتیکی لێکدەرەوەیی: interpretative semantic

"لێکدەرەوەیی" زاراوەیەکە، کە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا ئاماژە بە جۆرو شێوەی پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی داڕشتن و نواندن دەکات، لە(standard Theory) ی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا دەکرێت دروستە سینتاکسییەکان لەو ڕێیەوە لێکبدرێنەوە، کە یاساکانی سیمانتیک، داڕشتەی سیمانتیکی و یاساکانی فۆنۆلۆژیی، داڕشتەی فۆنەتیکییان بۆ دادەنێت و لە مانیشەوە واتا دەربڕین هەڵدەگوێزرێن. (مەحویی،٢٠٠٦،٣).

کەواتە لە ڕوانگەی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی، هەم چۆمسکی هەم بۆ ئەوانەی دیکە لە ئاستی سینتاکسدا، کە تواناو هێزی بەرهەمهێنانی تێدایە لە (katz/fodor–٢١٣:١٩٦٣)دا دەبینرێت، کە داڕشتنی سیمانتیکیین، سیمانتیکی لێکدەرەوەیی لەسەر سێ گریمانە وەستاوە:

(١) گشت واتا دەربراوە زمانییەکان دەتوانرێت لەڕێی کۆگەنجێکی دیاریکراو و سنورداری نیشانە واتایەکانەوە، کەبە زۆری جیهانی پەسنبکرێت،کە ئەمەش فەرهەنگ دەگرێتەوە.

(٢) دروستە قووڵە سینتاکسییەکە گشت ئەو زانیاریە سیمانتیکیی و سینتاکسییانە دەدات، کە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکیی پێویستن، دروستەی قووڵ لە ڕێگەی پێکهاتەی سیمانتیکییەوە واتاییانە لێکدەدرێتەوە، دواتر لەڕێگەی یاساکانی گوێزانەوەو بەرەو دروستەی ڕووکەش دەگوێزرێتەوە.(دزەیی ، ٢٠٠٩،٥٠).

(٣)گواستنەوەی نێوان دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش بێ لایەنن لە واتاو کاریگەرییان لەسەر واتا نییە، ئەمانیش دەربڕی بیروڕاکانی سەرەتای قۆناغەکەن، واتە یاساکانی گواستنەوە هیچ کاریگەرییان لەسەر واتا نابێت، بۆ نموونە(باسمەند).

تێوری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی لە دوو پێکهاتە پێکهاتووە، کە (فەرهەنگ)و (یاساکانی پرۆژەسازدانن)، فەرهەنگ هەم زانیاریی سیمانتیکیی و هەم زانیاریی سینتاکسیی دەدات، لە زانیاری سیمانتیکیدا لە: (ا) پەیوەنییە سیمانتیکییەکان پێڕەوبەندو ڕێکوپێکن لە نێوان لێکسیم گەنجی وشەو نیشانە واتایەکان، بریتیە لە دیاریکردنی ئەو ڕێگایەی کە بەهۆیەوە لێکسێمەکەی پێ دەخرێتە پاڵ یەک بە مەبەستیی لێکدانەوەی سیمانتیکییانە بۆ فرێزو ڕستە. (ئیبراهیم،٢٠١٤،٣٧)، بشڕوانە(عبداللطیف،٢٠٠٠،١٧٤). (ب) (نیشانە ئیدۆسینکراسییەکان) کە پیڕەوبەندێکی ڕێکوپێک پێکدەهێنن.(پ).(نیشانە هەڵاوێرکەرەکان )پێکهاتوون. ئەم چەشنە (تۆمارکردنە فەرهەنگیانە) دەهێنرێنە ناو دروستەی قووڵی سینتاکسەوە، ئەگەر لێکسیمی فرە واتایان تێدابوو(polysemy)،

ئەوا بە گوێرەی ئەوە ڕستەکە چەند خوێندنەوەی واتایی جۆراوجۆری دەبێت، ئەو خوێندنەوە واتاییانەی، کە بونیان هەیە، لەڕێی (یاساکانی پرۆژەسازدان )ەوە (مەرجەکانی هەڵکردن لە گەڵ یەکتری)دا ڕەنگ ڕێژیان بۆ دەکرێت هەر یەک لە کەرەستە لێکسیەکان بە ڕەچاوکردنی پەیوەندییە ڕێزمانیەکانەوە-بۆ پێکهێنانی ((واتا گشت ))ەکەی ڕستە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بە واتا ( Amalgamiert,Amalgamierung) ئەم چەمکەی سیمانتیکی چۆمسکی کە لە (١٩٦٥) لە چێوەی ( standat theory)دا هێنرایەئاراوەو گەشەپێدرا. لەوەوە دەردەچێت، کەپێکهاتەی سیمانتیک تەنها خەسڵەت و ئاکارو لێکدەرەوەی هەیەو کە دروستەی قووڵ تێکردەیەکە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕێزمان. (مەحویی،٢٠٠٦، ٥). ئەم تیۆرییە وەها دادەنێت و گریمانەکەی وەهایە، کە دەبێت لێکدانەوەیەکی سیمانتیکیی لەسەر ئاستی قووڵ ڕوودات، بەجووتێک ڕستە دەبێت هەمان واتایان پێبدرێت، چونکە هەمان دروستەی قووڵیان هەیەو لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی قووڵن، کە واتا دەبەخشرێت، یان دادەنرێت. (بڕوانە بەشی سێیەم بۆ دروستەی قووڵی ڕستەی زمانی کوردیی ٣/١-١). بڕوانە نموونەی (١٠آب)و(١١آ ب).

١٠) أ. کتێبەکە / کتابەکەت بخوێنەرەوە ؟

ب. تۆ ئێستا کتێبەکە/ کتابەکەت دەخوێنیتەوە ؟

١١. أ. کە ئەو هات ، ئێمە لێرە/ لەمێ بووین .

ب.ئێمە لێرە/ لەمێ بووین ،کە ئەو هات .

دروستەی قووڵی هاوبەشی (أ و ب) لە ڕستەی (١٠) ئەوەی (أ وب) لە ڕستەی (١١)، بە بەڵگەی سینتاکسیی پاساوی دراوەتەوە، لایەنێکی پێشکەوتووی دانانی تێدایە لە دروستەی قووڵدا نەک لە دروستەی ڕووکەشدا، ئەوەیە کە دروستەی قووڵ پێکهێنەری تێدایەو دەبێت بگوێزرێتەوە، یان جێگۆڕکێی پێبکرێت، (بڕوانە١٠-أ) بەراورد بە (١٠-ب) زانیاریمان دەربارەی ئەرک / گۆکردنە سینتاکسییەکان پێدەدات، کە دەشێت بە گواستنەوەکان بگۆڕدرێن، وەک لە (١١) بە واتایەکی دیکە بۆ گەلێک لەچەشنەکانی ڕستەکان، دروستەی قووڵە بەسینتاکسی پاساودراوەکە گشت ئەو پێکهێنەرە پێویستانەی تێدایە، کە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکیی پێویستن، بە واتای فەرهەنگیشەوە، بەڵام دروستەی ڕووکەش ئەم زانیاریانەی تێدا نییەو ئەمەیش بۆ سیمانتیکییەکانی ڕستەی کوردی گرنگ و بنەمایە. (مەحوی ،٢٠٠٩، ٢٠١). لە تیۆری ستانداری فراوانکراودا واتای دروستەی قووڵ و ڕووکەش جیادەکرێنەوە، بەمەش دوو نواندن دروستدەبێت، نواندنێکی واتای قووڵ و نواندنێکی واتای ڕووکەش، لەواتای قووڵ (ڕەگی کردار ڕکێفی واتایی بەدەستەوەیە بەپێی نیشانە

واتاییەکان کردار دروستە قووڵەکە لەڕێی سیمانتیکییەوە دروستدەکات.(مەعروف،١٦٧،٢٠٢٠-١٧٤)، بەڵام لەڕووکەشدا پێشبینیدەکرێت واتاکان بەتەنیا هی کردارەکان نەبن، بەڵکو دروستەو سەرەوڕیزبوون و کلیتیکردن و بەستنەوە هۆکاری لێکدانەوەی واتایی بێت) بەڵام لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا پەیوەندییەکان بۆ نواندنی واتایی لە دروستەی قووڵدا نابن، بەڵکو پەیوەندییە سیمانتیکییەکان وردتردەبنەوە بەجۆرێک پێشنیازی توخمە کردارییەکان دەکرێت، بۆیە دروستەی ئارگۆمێنت پەیوەست بە دروستەی لۆژیکەوە لەم قۆناغەدا وردتردەبێتەوە، بۆ(کردارن وناو وئاوەڵناو وپێشناون )بۆیە لەو ڕوانگەیەوە دروستەی قووڵ نابێتە پاشخانی سیمانتیکی ڕستە، بەڵکو پریدیکات و ئارگۆمێنت___داواکەرو ئارگۆمێنتەکان نواندنە وردەکان دەنوێنن، کە پێشبینیدەکرێت لەسینتاکسدا لەسەر بنەمایەکی پێکهاتەیی بنیادبنرێت. (بڕوانە پاری کۆتایی بەشی یەکەم)، بەڵام لەپێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا توانستی تری هەبێت، بۆیە پەیوەندیی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی دەبێتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ، نەک هەر دروستە، بەڵکو نواندنی تایبەتیی خۆی دەبێت.

## ١-٢/١) دروستەی قووڵ: Deep structure

یەکێکە لە نواندنە سیمانتیکییەکانی ڕستە، لە قۆناغی یەکەمدا پەیوەندییەکان لە نێوان دروستەی قووڵ و فەرهەنگدایە، داڕشتە سیمانتیکییەکە بونیاددەنێت، بۆیە دەبێت پەیوەندیی نێوان کردارو ئارگۆمێنتەکانی لەڕووی دروستەو واتاوە لێکبدرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستی بە کردارە فەرهەنگییەکان دەبێت لەگەڵ ئەو کردارانەی لە سینتاکسدان، لەگەڵ تەواوکەرەکانیدا ئارگۆمێنتی تر هەڵدەبژێرن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی بکەریی .

واتا ———— فەرهەنگ

دروستەی قووڵ = واتای ڕستە = کردار

دروستەی قووڵ ئاستی یەکەمی بەرهەمهێنانی ڕستە بەقۆناغی یەکەمی بەرهەمهێنانی ڕستە دادەنرێت، تێیدا لیستێک دیاریدەکات، کە بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی لە ئاوەزیی قسەکەردایەو پێویستیەتی، دیاریکردنی کەرەستەی وشەکان لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندی و پەیوەندیی

هاوبەشی ئەو وشانەیە لەگەڵ یەکتردا. (پەیوەندیی و پەیکاڵ بە ئارگۆمێنت، ئەمەیش بەستراوە بە پێدانی ڕۆڵی سیمانتیک بە ئارگۆمێنتەکانی، کە بەهەڵاوێرکردنی واتایی ( semantic selection)ئاماژەی پێدەدرێت. (فرەج ٢٠١٦، ١٣٠). مەبەست لەڕۆڵی سیمانتیکیی ڕۆڵی ئارگۆمێنتەکانە، کە وەریانگرتووە ، لەڕێی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵیاندا پەیکاڵە. ( قادر ،٢٠١١،٢٧)لەم ساتەدا کردار بەپێی پێویستیی خۆی ئەو ئارگۆمێنتانە هەڵدەبژێرێت، کە پێویستیەتی، هەر لەم ئاستەدا چەمکە ئەرکییەکان وەک (بکەر، بەرکار، کردار) دیاریدەکرێن. (ئەوەی گرنگە لەم ئاستەدا ئەوەیە، دروستەی قووڵ بە دیاریکەری ئاستی سیمانتیکیی دەربڕاوەکان دانراوە، تەنانەت پەیوەندیکردنی هەر چەشنێکی زانیاری بەرجەستەنابێت بەبێ بوونی پێکهاتەی دروستەی قووڵ).(حسین ،٢٠١١، ٦٠). زمانە سروشتیەکان لەڕووی بەرهەمهێنانی دروستەی قووڵەوە چوونیەکن و هەر هەمان یاسا لە هەموویاندا بەدیدەکرێت، چونکە زۆربەی بەڵگەی لۆژیکی و تەجریبی دەیسەلمێنن، کە زمانی مرۆڤ هەموو بەپێی هەمان پیرەو کاردەکەن و هەڵدەسووڕێن، ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت هەر لە سیمادایە، لە بنجدا هەموو یەکن و یەکدەگرن. (حسین، ٤،٢٠٠٨ ). لەم ئاستەدا واتا ئاشکرا نییە تا ئەو کاتەی ڕستە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی (ss)و دەبێتە خاوەنی (pf) دەربڕین، ئەو دروستەیە هەموو ئەو توخم و پەیوەندییانەی نێوان وەچەپێکهاتەی تێدایەو تەنها هەر ئەوانەش، کە بۆ بنەمای دروستە ناوەڕۆکی پێویستن ئەم دروستەیە بە نادیار دانراوە >> دروستەی قووڵ<< بە پێچەوانەی ئەوەوە دروستەی وەچە پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی زنجیرە – وشەکان دانراوە . >> دروستەی ڕووکەش<< تەنیا بە دروستە قووڵەکان دروستەیەکی ناوەڕۆکی لەلایەن یاسا سیمانتیکییەکانەوە دەدرێت دەخرێتە تەکیان هەمان – واتای زنجیرە – وشە جیاوازەکان لەڕێی ئەو یاسایانەوە ڕووندەکرێتەوە، کە ئەو دروستە ڕووکەشانەی ئەو زنجیرە وشانە لە دروستەیەکی قووڵی هاوبەشیانەوە هەڵدەگوازرێت، لەڕێی یاسایەکەوە دەبێت ئەو یاسایە >> یاساکانی گواستنەوە <<یە. (مەحوی ، ٢٠٠٩، ١٦٧). دروستەی قووڵ هەر لە سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا گرنگی پێدراوە بەتایبەتی لە تیۆری ستانداردو تیۆرەکانی دواتردا زۆر جەختی دەکرایە سەر، ئەم دروستەیە بە ئاستێکی ئەبستراکتی ڕستە دادەنرێت. (قادر ،٢٠١١،٢٧) لە هێڵکاریی (٥)دا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە هەر دوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش لە ڕستەدا بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ڕستە پێویستن :




هێڵکاریی (٥) (قادر، ٢٠١١، ٢٧)

ئەو بەڵگەیە، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت ،کە هەر دوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش واتای ڕستە دیاریدەکەن، ئاواز (intonation)ە، کە پەیوەندی بە دروستەی ڕووکەشەوە هەیە، بڕیار لە سەر دیاریکردنی واتا دەدات، هەر ڕستەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبوو، ئەوە مانای وایە زیاتر لە یەک دروستەی قووڵی هەیە، واتە گۆڕینی واتایان نەبەستووەتەوە بە یاساکانی گواستنەوە، بەڵکو بە دروستەی قووڵەوە، بۆ نموونە (١٢-١٣)

١٢.أ. من بۆ بازار چووم.

ب. من چووم بۆ بازار

١٣.أ. من کتاب/ کتێبەکەی تۆم برد

ب. کتاب/ کتێبەکەی تۆ، من ...بردم

لەم ڕستەکانی (١٢، ١٣)دا گواستنەوەکان نەبوونەتە هۆی گۆڕینی سیمانتیکیی.( Barware 2004.M،12-13).

## ٢-٢/١) دروستەی ڕووکەش:surface structure

دروستەی ڕووکەش نواندنی سینتاکسیی ڕستەیەو پارامێتەرو ئەرکە سینتاکسییەکان لەوێدا جێبەجێدەبن، بەوەش بنەچەیەکی سینتاکسیی، نەک واتایی دەبێت. دروستەی ڕووکەش دوا ئاستی ڕێزمانیی ڕستەیە. (قادر،٢٠١٥،٢٢). وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا لە ڕووکەشدا هەمان ئەو واتایە دەنوێنرێتەوە، کە لە دروستەی قووڵدا داڕێژراوە، بەڵام پێشبینییدەکرێت، هەندێک واتا هەبن هی دروستەی ڕووکەش بن و باکگراوندە واتاییەکەیان لە قووڵەوە وەرنەگرتبێت. بەوەش لە یەکێک لە قۆناغەکانی دروستەی واتاییدا نواندنە سیمانتیکییەکان دەبنە ڕستە لە دروستەی ڕووکەشەوە ، بەوەش قۆناغی واتایی دەبێتە سێیەم هەنگاوی نواندنی سیمانتیکیی، چونکە وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێدا، لێکدانەوەی واتایی تەنها لە دروستەی قووڵ و فەرهەنگدان. فەرهەنگ توخمەکان بە نیشانە واتاییەکان هەڵدەگرێت، نواندنە سیمانتیکییەکەی لە دروستەی قووڵدا ڕوون دەبێت، بەڵام نیوەی سێیەم پەیوەستە بەنیوەی ستانداردی فراوانکراو جیاکردنەوەی سەر فێربوونی دروستەی ڕووکەشە لەواتادا، (چۆمسکی) بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ لە یەکتری جیادەکاتەوە ، بونیادی ڕووکەش لە لای ئەو، بونیادی دیاردەیە لە بەدوایەکدا هاتنی ئەو شتانەوە نمایان دەبن، کە لە لایەن قسەکەرەوە دەردەچن. هەرچی بونیادی قووڵیشە ئەو ڕێسا ڕێزمانیانە دەگرێتەوە، کە ئەم بە دواییەکدا هاتنە دروستدەکات، کە لە مێشکی قسەکەرو گوێگری نمونەیی پێکدێت، واتە ڕاستەقینە عەقڵییەکە بە دواییەکدا هاتنی واژەی ڕستەکەوە پێکدێت واتە بونیادی ڕووکەشانە پێکدێنێت.(خەلیل ،١٩٨٥،١٥٩) جەخت لەوە دەکاتەوە بونیادی قووڵ (structure profonde) بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن لە قسەو شرۆڤەکردنی، کە ئەمەش شتێکە لەناو مێشکی قسەکەرو گوێگردایە لەو بەدواداچوونەی قسە درکێندراوەکاندا ڕەنگدەداتەوە، کە لە بونیادی ڕووکەشدایە. بونیادی قووڵ بونیادێکی ڕەهایە و بنەمایەکە بەرهەمیدەهێنێت و هەموو پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و ئەرکەکانی پێکهاتەو زانیارییە سیمانتیکییەکان لەخۆدەگرێت، بونیادی ڕووکەش ئەو بونیادە ڕواڵەتییەیە، کە لە بوارێکدا لە زنجیرەیەکی ئاسۆیی وشەکاندا بەکاردەهێنرێت. (خۆشناو ،٢٠٠٦، ٢٣٤)

دەبێت لێرەوە ئەو واتایانە بدۆزرێنەوە، کە لە دروستەی ڕووکەشدا دەنوێنرێن، هاتنەئارای نواندنی سیمانتیکیی لە دروستەی ڕووکەشدا دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە دەستنیشانی ئەو واتایانە بکرێت، کە واتای دروستەی ڕووکەشن و هاوشێوەی دروستەی قووڵ تیۆری سیمانتیکیی بۆ دروستەی ڕووکەش هەبێت، بۆیە لێرەوە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین: (١) دەبێت کردارێکمان هەبێت لە ئاستی ڕووکەشدا واتایەکی تایبەت بدات بە دروستە ڕووکەشەکە، جیاواز لەو واتایەی لە

دروستەی قووڵدا هەبووە، ئەویش واتا ئیدیۆمی و ناپێکهاتەییەکانی کردار دەگرێتەوە. (٢) دەبێت واتاکە لەو کەرەستانە بمانگەیێنێت بە واتای دروستەی ڕووکەش، کە هەر لە خودی دروستەی ڕووکەشدا، بە فریزەکاندا هەڵدەواسرێن، ئەوانیش واتای دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکانە، چونکە دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان پەیوەستن بە دروستەی ڕووکەشەوە، جێگۆرکێ پێکردنیان دەبێتە نواندنی واتای نوێی ڕستەکە. چۆن جێگۆڕکێ پێکردنی دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان دەبێتە نواندنی واتای نوێی ڕستە ؟

یەکەمجار توانای لێکدانەوەی واتایی بۆ ڕستە درا بەئاستی قووڵ، دەوترا ئەم ئاستە لەگەڵ واتا لە پەیوەندیدایە، لە مۆدێلەکانی سەرەتای سیمانتیکیی لێکدانەوەدا،لێکدانەوەی واتا بە هیچ شێوەیەک لەسەر ئاستی ڕووکەش جێبەجێنەدەکرا ، بەڵام لە مۆدێلەکانی تردا دەوترا، لێکدانەوەی واتایی لە هەندێ ڕستەدا پەیوەندی بەهەردوو ئاستی قوول و ڕووکەشەوە هەیە.

بڕوانە نموونەکانی (١٤ا، ب)

١٤/ ا. تەنها تۆ ئەم کتابە بخوێنەرەوە.

ب. تۆ تەنها ئەم کتابە بخوێنەرەوە.

(٣) لێرەدا کەرەستەکان پاش تێپەربوون بە دروستەی ناوەندیدا، دەبێتە دانەیەکی گۆکراو (بڕوانە بەشی سێیەم)و نواندنی (واتایی لە سینتاکس)دا و بەراوردی بکە لەگەڵ نواندنی (سیمانتیکی بەرهەمهێنان) لە خوارەوە، کە پەیوەستە بە نواندنی واتایی لە دوو قۆناغی سیمانتیکی لێکدەرەوەییدا/ تیۆری ستانداردو تیۆری ستانداردی فراوانکراودا.

واتا لە تیۆری ستانداردا          واتا لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا




نواندنی (واتا لە تیۆری ستاندارد)دا          نواندنی (تیۆری ستانداردی فراوانکراو).

## ٣/١) سیمانتیکی بەرهەمهێنان:

سیمای"داهێنان" لە زمان دا، لە گرنگترین و دیارترین سیماکانی زمانی مرۆڤە، چونکە ئەو قسەکەرەی، کە خاوەنی توانستێکی زمانیی تەواوە، لە توانایدایە لە ئاستە جیاوازەکانی زمانەکەیدا (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و ڕستەسازیی و واتاسازیی)دا پرۆسەی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوە ئەنجامبدات.

لەبەرئەوە"بەرهەمهێنانی واتا" بریتییە لە کردەی داهێنانی واتای/ فەرهەنگیی و ڕستەسازیی/ نوێ لەلایەن ئاخێوەرەوە. جیاوازە لەو واتایانەی دانە، یان دروستە فەرهەنگییەکان هەیانە، کە زانراوو ناسراون لە نێوان کۆمەڵێکی دیاریکراوی زمانێکی دیاریکراودا. بە جۆرێک تاکەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییە دیاریکراوە هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی واتای نوێ، کە هەڵگری نرخی واتای نوێن، بۆ ئەو دروستە فەرهەنگییانەی، کە پێشتر لە زمانەکەدا هەبوون، واتا نوێیەکە دەوروبەرو هەڵوێست و بارودۆخی زمانیی دەیسەپێنێت و دەیچەسپێنێت، هەرگیز پێشتر لە ئاماژەبەندی دروستە فەرهەنگییەکەدا نەبووە. (ئیبراهیم ،٢٠١٤،٧٧). زۆر گرنگە لێرەدا دوو شت لێکجیابکرێتەوە، ئەویش: مەبەستی بەرهەمهێنانی سیمانتیکیی و ئەوەی، کە دەینوێنێت لە بەرهەمهێنان و داهێنانی واتای نوێ بۆ دروستە فەرهەنگییە لەئارادا بووەکان، لەگەڵ "بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژیی/ وشە" بۆ دروستەو دانە دەربڕاوەکان، کە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی سامانی وشەو دەربڕاوی زمانێکدا هەیە.(صدیق ،٢٠١١، ٥٧) ئەمیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە هەڵگرتنی واتاو ناوەڕۆکی نوێدا، بە بەکارهێنانی فۆرمە ڕۆنانییە نوێیەکان، ئەو بەرهەمهێنانە مۆرفۆلۆژییانەش، کە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵگواستن و شیکردنەوەو لێکدان و گریمانەکردن و.......هتد پەیدادەبن.

هەندێک لەو بابەتانەی، کە بەرهەمهێنانی واتا دەیانخاتەڕوو، پەیوەندییان بەم دوو ئاستەی خوارەوە هەیە:

١.ئاستی پێکهێنی/ پێکهاتەی واتایی.

٢.ئاستی پەیوەندییە واتاییەکانی ناو فەرهەنگ. (البهنساوی،٢٠٠٣،١٠)

ئامانجی هەر تیۆرییەکی واتایی، بریتییە لە دیاریکردنی بنەما واتاییە تۆکمەکان لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی پێکهاتە واتاییە بەرهەمهاتووەکاندا، هەروەها دیاریکردنی ئەو یاسایانەی، کە ئاماژەدەکەن بۆ بەستنەوەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان دانە فەرهەنگییەکان، لە نێوانیاندا گرنگیدەدات بەو پەیوەندییانەی، کە لە ئاڵوگۆڕو گواستنەوەی واتایی بەرپرسن ، کە بەرهەمهێنانی

واتایی بنیاتدەنێن لە ڕێگەی پرۆسەی فراوانکردن و گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی دانە فەرهەنگییەکان. (ئیبراهیم ،٧٨،٢٠١٤). ئەم تیۆرییە سیستمێکی واتاسازییە، ئامانجی شیکردنەوەی زمان و لێکدانەوەی واتای ڕستەکانە لە سنووری سیمانتیکدا دوور لە دەوروبەر لە ژێر ڕۆشنایی سیمانتیکی بەرهەمهێناندا، کە تێیدا دروستەیەکی لۆژیکی لە شێوەی درەختی لقوپۆپداردا دەنواند، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەی دروستەی سینتاکسیی ڕووکەشی ڕستە بە دروستەی واتایی قووڵەوە، بەجۆرێک کە دروستەی قووڵی تیۆری ستاندارد فرواوانبکرێت، بۆ ئەوەی ئاستێکی جیاوازتر بەرهەمبهێنن، بەجۆرێک وردترو قوڵترو ئەبستراکتتربێت لەو ئاستە قووڵەی یاساکانی فرێزپێکهێنان بەرهەمیدەهێنن. (عەبدول کریم،٤٣،٢٠١٥).

## ١-٣/١) دروستەی ئارگۆمێنت: Argument Structure

ئارگۆمێنت زاراوەیەکە لە لۆجیکی ماتماتیکی وەرگیراوە، مەبەستیش لێی ئەو کەرەستە سینتاکسیانەن، کە لەلایەن کردارێکەوە داوادەکرێن بە واتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش ئەو بەشانەی ڕستەن، کە هەواڵێک لەبارەیانەوە بەهۆی گوازەیەکەوە ڕادەگەیەنرێت. (شمیسا، ١٣٨١ ،٦٥) بەواتایەکی تر دروستەی ئارگۆمێنت ئەو فرێزە ناویی و بەندانەن، کە بە پەیوەندییەکی ڕێزمانی (بکەر، بەرکار،.......) یان واتایی (کارا ، کارتێکراو .......) بە کردارێکەوە پەیوەستکراون، لەنێوان تیۆری ستانداردی فراوانکراودا لێکدانەوەکان بۆ واتا دەبن بە سێ قۆناغ، ئەوانیش فەرهەنگ، دروستەی ڕووکەش، دروستەی قووڵ. ( محەمەد ،٢٠٠٩، ٨٥). ئارگۆمێنت پێویستیی سیمانتیکیی تێرکردن و پڕکردنەوەی جێکەوتە بۆشەکانی پریدیکاتە. (سەعید،٥٥،٢٠٢٠) بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی لایەنە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان سینتاکس و سیمانتیک، پێویست بە ئاماژەدان بە ئارگۆمێنت و دروستەکانی دەکات، زاراوەی ئارگۆمێنت بەو کەرەستانە دەوترێت، کە لەلایەن ئارگۆمێنت (predicate)ەوە داواکراون، لە لۆژیکی فۆرمەڵدا ئارگۆمێنت ئەو جێکەوتە بۆشانەی ئارگۆمێنت _ داواکەر، یان گۆکردنەکەی دەگرێتەوە. چەندێتی و چۆنێتی ئەو ئارگۆمێنتانەی ئارگۆمێنت_داواکەر داوایاندەکات و بەپێی ژمارەیان، سێ جۆر پریدیکاتی جیاکردووەتەوە:

١.پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی.

٢.پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی.

٣.پریدیکاتی سێ جێکەوتەیی. (Aarts,B :2001,91-92)

هەرچی دروستەی ئارگۆمێنتە زاراوەیەکە تایبەتمەندی ڕووکارو پەیوەندیی نێوان سیمانتیکی وشەو ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانی دەگەیەنێت، یان بە کردەی دیاریکردنی تایبەتێتیی کردارەکان لە وەچە پۆلەڕەگەزە جیاوازەکاندا بەهۆی دەروازەی فەرهەنگییەوە لە دروستەی داتاکاندا بە (دروستەکانی ئارگۆمێنت) ناوبراوە، لە بواری فەرهەنگدا دروستەی ئارگۆمێنت بۆ دیاریکردنی تایبەتێتی هەریەک لە ئارگۆمێنت-داواکەرەکان زۆر گرنگە، بۆ نمونە کردارێکی وەک /کێڵا/ بۆئەوەی کردەی ئەم کردارە جێبەجێبێت، یان تێربکرێت و گۆکردنەکەی بە ئاکام بگەیەنێت، پێویستە کەسێک کردەی کێڵانەکە بە ئەنجامبگەیەنێت و شتێکیش هەبێت، کە ئەم کردەیەی بەسەردا جێبەجێبکرێت بە نەبوونی هەریەک لەمانە، کردەی کرداری /کێڵا/ ناتەواودەبێت. بڕوانە نموونەی (١٥ آ ب پ )

١٥.أ. جوتیارەکە/ فەلاحەکە زەوییەکەی کێڵا.

ب. جوتیارەکە/ فەلاحەکە کێڵا.

پ. زەویەکە کێڵا.

بە هەریەک لەو ئارگۆمێنتانەی وەک / جوتیار، زەوی/ ی کرداری /کێڵا/ دەگوترێت (ئارگۆمێنتی سیمانتیکی )ی کردار بەم شێوەیە دەتوانین لە دروستەی چەمکی کرداری /کێڵا/ دا دوو ئارگۆمێنتی سیمانتیکی دیاریبکەین ، وەک لە نموونەی (١٦) دا دیارە.

١٦.کێڵا (Y. X)

هەریەک لە( Y. X) ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە جۆرو چەشنیان بەپێی دیاریکردنی ئەوەی چ جۆری گیانلەبەرێک دەتوانێت ئەم کردەیە بکات، کام چەشنە دەتوانرێت بکێڵرێت، دەگۆڕێت، ئەم چەشنانەی دیاریکردن، یان تایبەتمەندی بە (کۆت و بەندی هەڵاوێر کردن )ی ئارگۆمێنتەکان ناونراون و بەشێک لە واتای بنەڕەتیی کرداری /کێڵا/ دیاریدەکەن، ئەو ڕۆڵانەش کە ئارگۆمێنتەکان لە ڕوودانی کردەیەکدا یان ئارگۆمێنت – داواکەردا دەیگێڕن، بە (ڕۆڵی بابەتانە، یان ڕۆڵی سێتا/ ناونراوە. (حسین ،٢٠١٢، ٢١٢). "دروستەی ئارگۆمێنتی کردار یان توخمی فەرهەنگی دیکە، کردەی ڕێکخستنی ئەو ئارگۆمێنتانەیە، کە دەشێت یان پێویستە ئارگۆمێنت داواکەرەکان وەریانبگرن، ئەمەش بەشێکی پەیوەستداری بنەڕەتییە بەبڕشتیی کردارەوە." (ڕەشید، ٢٠١٦، ٨) "لە چوارچێوەی تیۆری دروستەی ئارگۆمێنتدا، کردار بەچەشنی جیاواز پەیوەندی بەپێکهاتەکانی دیکەی ڕستەوە هەیە، پەیوەندییەکەش بە واتای کردارەوە بەندە، بە دەربڕینێکی تر کردار پەیوەندیی سیمانتیکییانەی بەخشینی ڕۆڵە بابەتییەکان ئامادەو ڕێکدەخات، بۆ ئەمەش توخمێکی

فەرهەنگی ڕۆڵ- وەرگر لەلایەن کردارەوە لە جێکەوتەی هەبوو و چەسپاوی خۆیدا جێگیردەکرێت". (سەعید، ٥٦،٢٠٢٠) "بەمەش هەر NP یەک لە ڕستەدا ڕۆڵێکی واتایی دیاریکراو لە پەیوەندییدا بە کردارەوە دەنوێنێت".(parker, F. & riley, K. 2005,265) بۆ نموونە لە(١٧)دا، NP ی (کوڕەکە) کارا – Agent ی کردەی دۆزیینەوەکەو NP ی (قەڵەمەکە)ش بابەت them ی کردەکەیە، ئەمەش دەریدەخات "رۆڵی سیمانتیکی (کارا ، کارتێکراو )دەتوانن لە ژمارەیەک جێکەوتەی سینتاکسی وەک (بکەر ، بەرکار) ڕووبدەن" .(سەرچاوەی پێشوو). بۆ نموونە لە (١٧):

١٧- کوڕەکە قەڵەمەکەی دۆزییەوە.

دروستەی ئارگۆمێنت پێکهاتەیەکە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی پێویست جێگیرن: (١)داخوازی (داواکردن)ـــــ(claim).(٢)پشتیوان, یان پاڵپشت (support, data). (٣)زەمینە, یان ژێرخانی هزرلای (wararant). هەروەها سێ کۆڵەکەی دیکە, کە قسەکەر سەرپشکە بۆ ئارگۆمێنتەکەی خۆی ئەنجامدا بۆ قایلکردنی تەواوەتلای خوێنەر, یان بەرامبەر بەکاربهێنرێت, بەم شێوازە ئەژماریان دەکات : (١) هەموار کەر بۆ داخواز. (٢) پاڵپشت بۆ داخواز. (٣) پاڵپشت بۆ زەمینە, یان ژێرخانی هزریی. (عبدالهی ،١١٧،١٣٩١) دیاردەکان لە زمانی سروشتیدا پەیوەندی بە کۆمەڵێک ئارگۆمێنتەوە هەیە، کە بەشێوەیەکی سیمانتیکی لە مانای بارودۆخی واتاکە پێشبینیناکرێت، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەک بابەتی ڕستەی پێشبینیکراوو بابەتی ڕاستەوخۆ هتد تێدەگەین(Leonard H.Babby, 2009,127).

## ٢-٣/١ پریدیکات:

"بەپێی ئەو بۆچوونانەی زمانەوانان لە بارەی زاراوەی پریدیکاتەوە پێشنیازیان کردووە، زاراوەکە بۆ ئەو یەکانەی ڕستە بەکاردێن، کە ئەرکیان دیاریکردنی ئەو کارەیە، کە بکەر ئەنجامیدەدات".(Aarts,B,2001,9) لە (سەعید،٤٧،٢٠٢٠) وەرگیراوە ."بە واتا بیرۆکەکە لە هەندێک ڕستەدا هەر شتێک دەگرێتەوە، جگە لە بکەر" .(Crystal,B,2003,366) لە (سەعید،٤٧،٢٠٢٠) وەرگیراوە. بەوەیش بۆچوونەکان پەیوەست بە پریدیکاتەوە تیشک دەخەنە سەر مەودای گۆکردنی زاراوەکە لەسنوری بەشە کرداردا، کە وەک پێکهێنەرێکی گرنگی دروستەی ڕستە دیاریدەکات، پریدیکات بە ناوەکی ڕستە دادەنرێت و بەرپرسیارن لەگەیاندن و دەربڕینی واتا، پریدیکاتەکان لە ئەنجامی لێکدانی دروستەیەک لە دروستەیەکی تر پەیدادەبن، پریدیکاتەکان بەزۆری بکەرێکی ڕێزمانییە، واتا تەنیا یەک ئارگۆمێنتی پێویستە، بەشێک لەکردارە تێنەپەڕەکان لەزمانی کوردیداو

زۆربەی ئاوەڵناوەکان لە جۆری ئەو پریدیکاتانەن. (ئیبراهیم، ٨٣،٢٠١٤). "بەشە کرداریش بەشێوەیەکی باو بە ڕاڤەکردنی دوو بەشەوە پەیوەستە، پێکهێنەرە خورتییەکان و پێکهینەرە سەرپشکییەکان، بۆ ئەمەیش دەتوانین پشت بە دیاریکردنی ڕۆڵی واتایی بەشەپێکهێنەرەکان ببەستین. (سەعید،٤٨،٢٠٢٠). بڕوانە نموونەی (١٨آ ب).

١٨.أ. پشیلەکە مشکەکەی خوارد.

ب. مشکەکە پشیلەکەی خوارد.

دروستەی ئەم ڕستانە لە نێو کەوانەی شکاوەدا بەم جۆرەیە :

أ. {{پشیلەکە} {مشکەکەی} {خوارد}}.

ب. {{مشکەکە} {پشیلەکەی} {خوارد}}.

ڕستەکانی (١٨، ١ ب) لە بنەڕەتدا لە واتادا جیاوازن، جیاوازیی واتایش لە ئەنجامی جیاوازی ڕۆڵبینینی پێکهێنەرەکانەوە پەیوەست بە جۆری سەرەوڕێزبوونیانەوە ڕوویداوە، بۆنموونە فرێزەکانی بەشی بکەر (پشیلەکە، مشکەکە)ئەو کردەیەیان جێبەجێکردووە، کەکردارەکە ئاماژەیپێکردووە، هەروەک ڕستەی (أ) لەبارەی (پشیلە)کەوەو ڕستەی (ب) لەبارەی (مشک)ەکەوە، زانیاریمان دەدەنێ، بکەری ڕستەکەیش وەک بەشە پێکهێنەرێک دوو جۆر زانیاری دەبەخشێت (١) لە لایەکەوە پێماندەڵێت، ئەوەی چالاکیەکە هەڵدەسوڕێنێت، کە بە هۆی کردارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، کارایە. (٢) لەلایەکی دیکەیشەوە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ڕستەکە دەربارەی چی یان کێیە؟ هەر لەم ڕوانگەیەوە یەکەکانی نێو کەوانە شکاوەکانی (آ،ب) بەشە پێکهێنەرەکانی (مشکەکەی خوارد)، (پشیلەکەی خوارد)، زانیاری زیاتر لەبارەی بکەری ڕستەکانەوە دەدەن، کە لە هەردوو ڕستەکەدا ڕۆڵی کاراو کارتێکەر پێچەوانە بوونەتەوە، گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، ئەو زنجیرە وشانەی وەک پریدیکات دەناسرێنەوەو گۆدەکەن، لەدروستەی ناوەکییاندا جیاوازن، وەک لەنمونەکانی (١٩)دا بەهۆی نواندنی ڕستەکەوە لەسێ ئاستدا دروستە ناوەکییەکەی نیشاندەدرێت:

- ئاستی گۆ کەریی > پۆلیسەکان بانکەکەیان پاراست.

بکەر | بەرکار | پریدیکات

- ئاستی فۆرم.
- ئاستی سیمانتیکی.

پریدیکات / ئارگۆمێنت/ داواکەر

آ. ئوتومبیلەکە تێکچووە.

ب. کەش و هەوا گەرمە.

تیکچووە
پریدیکات ———
گەرمە

کەرەستە هێڵبە ژێرهاتووەکان ئەوە دەردەخەن، کە هەرچەندە بکەرەکان پەیوەندییان بە پریدیکاتەوە هەیە، بەڵام ئاماژەبەندییەکانی وەک/ تێکچوون و گەرم بوون/ هیچ جۆرە چالاکییەکیان ئەنجامنەداوە بۆیە بە نائاماژەیی ناودەبرێت.( سەعید، ٤٨،٢٠٢٠). پریدیکات یەکەیەکی ڕستەسازییە وەک یەکێک لە دوو بەشە پێکهێنەرەکەی ڕستە کاردەکاتە سەر ئەوەی تریان، کە بکەرە، لە کردارو هەموو ئەو شتانەی تر پێکدێت کە کردار حوکمیاندەکات. (P:H.mattews. 2007,63 ).

پریدیکاتی ڕستە بەشێکە لە گۆڕانی ڕستە بەهەندێک ڕستەی تر، چونکە بکەر دەکرێت ناوی کەسێک یان شتێک بێت، کە ڕستەکە لەسەر ئەو یان تایبەت بە ئەو بێت، بەڵام پریدیکات بەشەکەی ترەو لە دوای بکەر دێت :/کچەکە سەمای کردووە/ بکەری ڕستە (کچەکە) ئەو کەسەی قسەی لەسەر دەکرێت هەروەها کچەکە کارێکی ئەنجامداوە، کە جەستەی ئەنجامیداوە ئەویش /سەماکردنە/ە وەسفی بکەری کردووە، بەڵام ئەگەر سینتاکس فراوانبکەین و بڵێین/کچەکە سەردانی خاڵۆی کرد چاویشی بە هاوڕێکانی کەوت/ دیسان کچەکە بکەرە، بەڵام<سەردان ،چاوپێکەوتن > دەبنە پریدیکات.( https:grammar.your dictionary.com)./ پریدیکاتەکان وادەکەن هۆکاری ڕوودانەکان بگەڕێتەوە بۆ بکەری ڕستەکە.( الانصاری،٢٠٠٩،٢٠٤ ) پریدیکاتەکان جیاوازی دەکات لەنێوان تەواوکەرەکان، لەبنەڕەتدا جیاوازی لە سیمانتیکدا دروستدەکەن. (بن أبی بکر، ١٩٩٨، ٣-٧) پریدیکاتەکان ڕوون و ئاشکران دامالڕاون لەهەموو لایەنە سیمانتیکییەکان سێ جۆر مەرجیان هەیە؛ (ا)دەبێت وەسفی بن. (ب)گرنگیبدات بە لایەنی پرسیاری و نەرێکردنی لەڕستەدا. (پ) دیارو ئاشکراو ڕوونن، هۆکاری دەربڕینی واتان.(عزیز، ١٩٩٩، ١٥٩). پریدیکات

بەناوکی ڕستە دادەنرێت و بەرپرسیارن لەگەیاندن و دەربڕینی واتا، پریدیکاتەکان لەئەنجامی لێکدانی دروستەیەک لە دروستەیەکی تر پەیدادەبن، پریدیکاتەکان بەزۆری بکەرێکی ڕێزمانییە، واتا تەنیا یەک ئارگۆمێنتی پێویستە بەشێک لە کردارە تێنەپەڕەکان لەزمانی کوردیداو زۆربەی ئاوەڵناوەکان لە جۆری ئەو پریدیکاتانەن، لە ڕستەیەکی وەک (١٩):

١٩.أ. منداڵەکە نووست/ خەوت.

ب. ئاشنا جوانە. شیکردنەوە واتاییەکەی بەم جۆرە دەنوسرێتەوە :

پریدیکات ڕۆڵی بابەتیانە دەسەپێنێت بەسەر ئارگۆمێنتەکاندا، ئەگەر ئارگۆمێنتەکان لەو جۆرە نەبن، یان ئەو جۆرە پەیوەندییەیان لەگەڵ پریدیکاتەکاندا نەبێت کە ئەم دەیەوێت ئەوا ڕستەکە ناڕێزمانیی دەردەچێت، بۆ نموونە کردارێکی وەکو (xiwa:rd)، پێویستی بە هاوبەشکردنی ئەو کەسەیە، کە بە خواردنەکە هەڵدەستێت، لەلایەکی ترەوە ئەو شتە کاریگەری خواردنەکەی دەکەوێتە سەر، واتا دەخورێت، لەلایەکی ترەوە کردارێکی وەکو (pekani:n) هەڵوێستەکە واناخوازێت، کە لەیەک بەشداربوو زیاترتێدا بەشداریبکات ئەمەش بەهۆی ئەوەی ماناو ناوەڕۆکی کردارەکە، پێویستی بەکەرەستەی تایبەت هەیە بۆ ئەنجامدانی پێکەنینەکە، لەم بارەی دواییدا کردارەکە هەر یەک ڕۆڵی بابەتانە بەهەر ئارگۆمێنتێکی دەبەخشێ( Bresnan,J.(2000).304. ). پریدیکاتەکان پەیوەندیی واتایی نێوان ئارگۆمێنتەکان دەردەبڕێت، بۆ نموونە پەیوەندی واتایی نێوان پریدیکاتی (hal^wari:n) گەر نەزانین کەوا ئەو پریدیکاتە پێویستی بەچەند ئارگۆمێنت هەیە. ئەو سیما واتاییە پێی دەڵێن ڕۆنانی ئارگۆمێنتی زانینی ڕۆنانی ئارگۆمێنتە لە هەر پریدیکاتێکدا، نەک زانینی ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی ئەو پریدیکاتەیە بەڵکو زانینی جۆرەکەشێتی، بەمەش هەموو کردارێک ڕۆنانی ئارگۆمێنتی هەیە، جۆرو ژمارەکەی بەپێی جۆری کردارەکە دەگۆڕێت .( Haegman,L.and G.Gacgueline,1999:25,) پریدیکات قۆناغێکی لێکدانەوەو نواندنی واتاییەو کە تێیدا کەرەستە کردارِیی و ناکردارییەکان کە لە هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتەکاندا، لەڕووی واتایی و لۆژیکییەوە (فۆرم) هەڵدەبژێرن، لەم قۆناغەدا، کە قۆناغی سیمانتیکی بەرهەمهێنانە، پەیوەندییە واتاییەکان وردترو چڕتر دەبنەوە، بەجۆرێک دەگاتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکان جلەوی دروستەو واتا بگرن، بۆیە تێڕوانینەکە دەگات بەوەی، کە دروستەی قووڵ وەک یەکێک لە نواندنە واتاییەکان بەرەو کالبوونەوەو لەناوچوون بچێت. بۆ کردار (بیرۆکەی پریدیکاتۆر). بەرز(N) بالابەرز (N) کچ.

"پریدیکاتۆر مەرجە کرداری سەرەکی بن". & Matthews, P.H. (2007, 315) (Aarts,B,2001,75)، لە (سەعید،٢٠٢٠،٥١) وەرگیراوە. "چونکە کرداری ناتەواو، ناتوانێت وەک پریدیکاتۆر گۆبکات" (سەعید،٢٠٢٠،٥١). (بڕوانە شێوازبەندکرنی یاسای پریدیکات لە ( ١) پەیوەست بە زمانی کوردییەوە.

١) [[ ئارگۆمێنت +[[ئارگۆمێنت + پریدیکاتۆر ]] پریدیکات ]]

# بەشی دووەم

# واتا لە مۆدێلی ڕێزماندا- فۆنۆلۆژیی- مۆرفۆلۆژیی- پڕۆژەناوەندییەکان

## ١/٢) واتا و ڕێزمان:

وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، فەرهەنگ بۆ گەنجکردنی زانیارییە زمانییەکانە، هەر یەکە لە زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان لە توخمە فەرهەنگییەکاندا گەنجکراون، ڕێزمان بۆ نواندنی زانیارییەکانی ناو فەرهەنگە، وەک لە پارەکانی (٢/٢)دا دەخرێنەڕوو، نواندنی واتایی لە کۆی پێکهاتەکانی ڕێزماندا، لە کۆی مۆدێلی ڕێزمانەکەدا بوونی هەیە، بڕوانە مۆدێلی نواندنەکە لە خشتەی (٦)دا، بەوەش لە ڕێزماندا توخمە فەرهەنگییەکان جگە لە بنیاتنانی فۆرم و دروستەی ڕێزمانیی، بۆ واتاو نواندنی واتایی چالاکدەکرێن.

| | |
|---|---|
| نواندنی واتایی | فەرهەنگ |
| | مۆرفۆلۆژیی |
| | سینتاکس |
| | مۆرفۆسینتاکس |
| | فۆنۆلۆژیی |

هێڵکاریی(٦)

## ٢ /١-١) نواندنی واتایی لە فۆنۆلۆژییدا:

پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ڕێزمانە. ئەم پێکهاتەیە بە کەرەستەو یاساو ڕێساکانی، فۆرمی فۆنۆلۆژیی بەرهەمدەهێنێت، کەرەستە فەرهەنگییەکانی ئەم پێکهاتەیە، فۆنیمەکانن، کە بەپێی یاساو ڕێساکانی، تەرزەکانی بڕگەی کوردی دێنێتەبەرهەم، بڕگە نواندنی ڕێزمانیی فۆنیمەکانە. وەک هەر پێکهاتەیەکی تری ڕێزمان، کەرەستەو پرۆسە پێکهێنەری دەزگاکەیەتی، بەڵام پرسیاری ئەم پارە ئەوە دەبێت و دوای گریمانەی ئەوە دەکەوێت، کە ئایا ئەو فۆڕمانەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان بەرهەمیدەهێنن، بۆ واتان، یان بۆ فۆڕمی ڕێزمانیی؟ وەڵام و لێکدانەوەی ئەو پرسە لە وەچەپارەکەی دایە،(٢/١-١-١).

### ١/٢-١-١) واتا لە فۆنۆلۆژیی کەرتییدا:

فۆنێم کەرەستەیەکی کەرتیی ناو فۆنۆلۆژییە، واتا کەرەستەکانی بوونێکی کۆنکرێتییان هەیە. لە ناواخنی فۆنێمەکاندا فیچەری دەنگیی بۆ بەرهەمهێنانی بڕگە هەن، ئەوەش بەرهەمە فۆڕمییەکەی پێکهاتەی فۆنۆلۆژییە. لە ڕووی واتاشەوە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، کە خودی فۆنیمەکان بەپێی تاقیکردنەوەی واتایی دەسەلمێنرێن، واتا فۆنیم بگۆڕی واتای وشەو مۆرفێمەکانە، لەوێشەوە دەروازەی یەکەمی واتاو فۆنۆلۆژیی دەکرێتەوە، بەجۆرێک دەکرێت بە نواندنی واتا شاراوەکەی ناو فۆنیمەکان لە قەڵەمبدرێت، بڕوانە نموونەکانی (٢٠، أ ، ب ، پ ، ت........) کە تێیدا ئاڵوگۆڕو جێگرتنەوەی جێنشینیانەی فۆنێمەکان واتای نوێ بۆ توخمی نوێی فەرهەنگیی دروستدەکەن

٢٠-أ. چارە

ب. جار

پ. بار

ت. دار / هار.... ).

فۆنێم و سەگمێنتە کەرتییەکان هەر ئەوەندە دەسەڵاتی واتاییان هەن، کە لە نموونەکانی پێشتردا خرانەڕوو، بەڵام سەرەڕای کەرەستە سەگمێنتی و کەرتییەکان، پێشبینییدەکرێت، کە مۆدێلی جیاوازی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە جۆری هێزو زرنگە، نواندنی واتایی بە پێواژوی فەرهەنگیی و ڕێزمانییەوە هەبێت.

هێزو زرنگە دوو نیشانەی ناکەرتیی لێکجیان، چونکە زرنگە لە زانستی (فۆنەیتیکی فیزیکی – acoustic)دا لە شێوەی شەپۆلی دەنگییدا هەن، بەو واتایە بەندە بە فرە– لەرەیی frequence لەرینەوەی تاڵە باریکەکانەوە. (موسا، ٢٠٠٩، ٣١) بشڕوانە (وەیس، ١٩٨٤، ٢٩) هێز دەرکەوتەیەکی فەرهەنگیی ڕێزمانیی هەیە، لە فەرهەنگدا لە وشە یەک لێکسیمەکاندا هێز کۆتاییەو واتاکەی بە پێڕەوی هێزکۆتاییەوە لێکدەدرێتەوە، ئەوەش دەبێتە پێوەری بوون بە وشە لە فۆنۆلۆژییدا، جێبەجێنەکردنی پێواژوی هێز کۆتایی لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا (هەڵگواستن و لێکدان)، تێکدانی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەکرێت پێشبینیی واتاو بە وشە بوونی فۆڕمە بەلێکسێمبووەکە شوێنی هێزەکە بێت. هێزی ئاسایی لە وشەی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستەدەکرێت، مەبەستیش لە وشەی فەرهەنگی، تەنها (ئایتمە تاک و تەنهاکان – isolated items) بەبێ هیچ پاشگرو پێشگرێک لە زماندا بەکاردەهێنرێت. هەندێ جار قسەکەر بە مەبەستی جیاکردنەوەی وشەیەک لە ناو وشەکانی ڕستەدا، هێزی وشەیەک زیاددەکات، بۆ نموونە لە(٢١)خراوەتەڕوو:

٢١-دوێکه/ دوێنێ له سلێمانی بووم. {دوێنێ- دوێکه}

< دوێکه/ دوێنێ له سلێمانی بووم > .

دانانی هێز لەسەر هەر وشەیەک لە وشەکانی ڕستە، واتاو مەبەستی جیاواز بە دەستەوەدەدات. (Fasold and Connor-Linton, 2006, 28) جلەوی واتایی لە ئاست و پێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی کەرتییەوە ئەوە دەردەخات کە فۆنیمەکان بە پێوەری واتایی و گۆڕانی واتاییەوە بە فۆنیمبوونی خۆیان دەسەلمێنن، وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، فۆنیمیش واتایەکی شاراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە لە نواندنەکەیدا لە چێوەی وشەدا دەینوێنێت، لە ڕوویەکی ترەوە بۆ سەلماندنی ئەوەش فۆن و ئەلۆفۆنی فۆنیمەکان تاقیدەکرێنەوە، لەبەرئەوەی ئەوانیش جگە لە دەربڕینی ئەکسێنت و واتای کۆمەڵایەتی، واتای فەرهەنگی ناگۆڕن، ئەمەش پەیکاڵ لەگەڵ بیری مۆرفیمدا یەکدەگرێتەوە، کە مۆرفیمەکان واتایان تێدا هەڵگیراوە، نەک ئەلۆمۆرفەکانی،ئەگەر ئەلۆمۆرفەکان واتایان تێدا هەڵنەگیرابێ،کەواتە کۆی دروستەی وشەکە بێ واتا دەبێت،لەلایەکی ترەوە بۆ فۆن و ئەلۆفۆنەکانیش بەهەمان شێوەیە.

ئەلۆمۆرفەکان تەنها بە یاسای مۆرفۆفۆنۆلۆژیی فۆرمیان دەگۆڕێت، بڕوانە نمونەی (٢٢ أ،ب،پ) بۆ فۆن و ئەلەفۆن) بۆ ئەلۆمۆرف.

٢٢. أ. سوپاس
سوپاس
صوپاص
سوپاص

ب. دابەزین
دابەزین
دابەضین

پ. /-ەکە/
/-یکە/ (قاپێکە، شامێکە، ماسێکە ......
/-کە/ (چاکە، براکە، جانتاکە...........
/-ۆکە/ (پەمۆکە، خانۆکە..........

### ٢-١-١/٢) واتا لە فۆنۆلۆژیی ناکەرتییدا:

وەک پێشتر ڕوونکرایەوە، کەرەستەی فۆنۆلۆژیی، کەرتی و ناکەرتییەکانن، ناکەرتییەکان کەرەستەی بێ فۆرم/ بێ وێنەو بیچمن، بۆیە لە کەرتکردنی فۆرمی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشدا جیاناکرێنەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا نواندنی واتایی لە پرۆسەی فۆنۆلۆژیی ناکەرتیدا ڕوودەدات؟

پێشنیازی هەبوون و نواندنی واتایی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە ($X^o$)ە فەرهەنگییەکانەوە بەستراوەتەوە، واتا مەرجەعەیک بۆ واتا پێشنیازکراوە، بەڵام نیشانە ناکەرتییەکان بوونێکی فەرهەنگییان نییە.

شیکرنەوەکە پەیوەست بە فۆنیمە ناکەرتییەکانەوە ئەوە دەردەخات، کە پێواژۆکە لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندایە. بڕوانە.(مەحویی، ٢٠١٦). بۆ نموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە واتا گۆڕ نییە، بەڵکو تەنیا مەرجی مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستن و لێکدانەکە جێبەجێدەبێت، بە دیوێکی تردا دەتوانرێت بگوترێت واتا بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکەوە نەبەستراوە، بەڵکو بەشێکە لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکە، ئەویش بەوپێیەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێیە بۆ واتای نوێ ، واتا لە فۆرمی مۆرفۆلۆژییدا دوو مەرجی سەرەکیی هەن، گۆڕانی فۆنۆلۆژیی (تایبەت بەهێز) لەگەڵ گۆڕانی واتایی. (مەعروف و غەریب،٢٠٢١، ٣٣). یاسا فۆنۆلۆژییەکان ئەو دیاردە گۆڕانە دەنگیانەن، کە لە ئاستەکانی فەرهەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازییدا ڕوودەدەن، کە ئەمەش لە فەرهەنگی وشەکان لە نێوان زارەکان، یان شێوەزارەکانی زمانێکدان، هەروەها لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمە سەربەخۆو وشەداڕێژەکان لە ئاستی وشەسازییدا بە مەبەستی داڕشتن و لێکدان، یان ڕیزکردن و خستنەتەکیەکی مۆرفیمە سەربەخۆو وشە گۆڕەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی و ڕستەسازییشدا دروستدەبن، هەندێ جار دوو دەنگ دەچنە سەریەک، بەمەش دەنگێکی جیاواز دێتەکایەوەو یاسایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی دروستدەبێت و لەو پێواژۆیەشدا ئەلۆمۆرفەکان دێنەبەرهەم، بەڵام لە گۆڕانی وشەی مۆرفۆلۆژییدا هێندەی فۆنیمە کەرتییەکان دەگۆڕێن، هێندە ناکەرتییەکان ناگۆڕێن، بڕوانە. ( ٢٣ آ،ب):

٢٣.أ. /ی/ + /ە/ دەبێتە /ێ/

ب. /و/ + /ە/ دەبێتە /ۆ/

| | | |
|---|---|---|
| قاپی +/ەکە/ | ——— | قاپێکە |
| شامی +/ەکە/ | ——— | شامێکە |
| ماسی +/ەکە/ | ——— | ماسێکە |
| پەمو +/ەکە/ | ——— | پەمۆکە |

## ١/٢-١-٢-١) هێز:

گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەکات، کە دەخرێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە بەرجەستەدەکرێت، یاخود دەخرێتە سەر بڕگەیەک لە ناو بڕگەکانی یەکەیەکی زمانییدا (وشە ، فریز ، ڕستە).( مەحویی ،٢٠١٦، ١٦٧) هێزێکی سروشتییە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لە سەر وشەو فریزو ڕستە. (Fromkin, Roaman and Hymas ,2002, 198), بشڕوانە (مەحویی، ٢٠١٦، ٢٢٦)هێز لە ڕووی ئۆرگانییەوە گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەکات، کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانیی وشە، ئەو بڕگەیە هێزی لەسەرە، قسەکەر بە شێوەیەکی جیاوازتر لە بڕگەکانی تر لە گوتندا دەریدەبڕێت، گۆکردنیشی بۆ جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزە سەرەکییە فەرهەنگییەکان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا (بە فۆنیمی ناکەرتیی / بێوێنە) ناسراوە.( موسا ،٢٠٠٩، ١٤) لە وشەی فەرهەنگیی (یەک –بڕگەیی و فرە بڕگەیی)دا هێزی سەرەکیی لە سەر دوا بڕگەی وشەیە، بەڵام هێزی لاوەکیی ـ ناسەرەکیی دەکرێت سەرپشکییانە لەسەر بڕگەی سەرەتایی ـ یەکەم (b a . r a:n) بەرجەستەبکرێت، لە وشەی ناسەرەکیشدا هێزی سەرەکیی –primary stress لە سەر بڕگەی سەرەتایی ـ یەکەم (h ə . mu) بەرجەستەدەکرێت، ئەم دابەشبوونە بۆ تەرزی هێز بە گشتیی و هێزی تایبەتیی. جۆری لێکسیمە سەرەکیی و ناسەرەکییەکان لەناو خۆیانداو هەمبەر بە کاتەگۆرییە سینتاکسییەکان دەگرێتەوە. ( مەعروف،٢٠٢١،٦٠).

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا هێزو گۆڕینی هێز بۆ گۆڕین و نواندنی واتایەکی تری ئارگۆمێنتەکانی فەرهەنگە ؟

یاخود پرۆسەیەکی بەرێزمان بوونە ؟

هەرچەندە هێز زیادە وزەیەکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات، واتە هێز سەر بە ئاستی فۆنۆلۆژییەو دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (مەحویی، ٢٠١٦). گۆڕینی شوێنی هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، ئەگەر هێزەکە بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، واتای وشەکە جیاواز دەبێت لەوەی بکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی، ئەمەش بەهۆی ئامێری(sound spectrograph) دەتوانرێت تەرزی هێز لە سەر وشەکان دیاریبکرێن. وەک لە نموونەکانی (٢٤ أ ، ب ، پ ، ت)دا، خراوەتەڕوو

| | |
|---|---|
| ٢٤. أ. نوستن | nu^stin /nust'in |
| ب. ئازادی | az'adi^ /azad'i |
| پ. برایەتی | bra^yeti/ bra^yat'i |
| ت. سەوزە | se^wze/ sewze^ |

(ئەمین ،٢٠٠٤، ٢٨٧ ). بڕوانە ( ئەمین،٢٠٠٩، ٢٨٥).

هێز لە زمانی کوردییدا هەر وەک چۆن (foneme) فۆنیم دەگۆڕێت بۆ یەکە یەکی کە، هەروەها ماناش دەگۆڕێت، کاتێک هێز دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە.بڕوانە (٢٥ أ ، ب)

٢٥. أ. هەمانە ——— کرداربەند

ب. هەمانە ——— وشە

لە نمونەکانی (٢٥ أ)دا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، هێز کەوتووەتە سەر بڕگەی یەکەم (/هە/)و لە نموونەی (٢٥ ب)دا لەسەر دوابڕگەیە(/- نە/) لەم ڕووەوە دەڵێین ((ئەگەر وردبینەوە لە واتایان تێدەگەین، کە هەر یەکەیان واتایەکیان هەیە)) ئەمە بۆ ئەم نموونانەی (٢٦) دروستە. بڕوانە(٢٦ أ ،ب ،پ)

٢٦. أ. /سێبەر/

ب. /کەرە/

پ. /چوارتا/

سەبارەت بەهێزی ڕستەش لە نمونەکانی (٢٧ أ ، ب) خراوەتەڕوو

٢٧. أ. کەی هاتی؟ (پرسیاریی)

ب. دوێنێ/ دوێکە هاتم. (وەڵام)

لە نموونەی (٢٧ أ)دا ئەوە دەخرێتەڕوو، ئەگەر هێز بخرێتە سەر وشەی (/کەی/)، هەست بە وەستانێکی زۆر لە نێوان وشەی(/کەی/)و (/هاتی/)دا دەکرێت. بەو جۆرە هەموو کوردزمانێک دەزانێت، کە پرسیارە، بەڵام لەرستەی( ٢٧ب)دا ئەوە دیارە، کە قورسایی هێز بەسەر وشەکانی ڕستەتەکەدا یەکسانە. (هەورامی، ١٩٧٤، ١٩) بشڕوانە (کدکنی، ١٣٨٥، ٣٢٥).

لە کاتی ئاخاوتندا هێز لە یەک وشەدا شوێنی لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر دەگوێزرێتەوە بێ ئەوەی کاربکاتە سەر مانای وشەکە، بەڵام هەندێ جاریش لە گواستنەوەی هێزدا مانای جیاواز پەیدادەبێت. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکە، چەند نموونەیەک دەهێنینەوە. وەک نموونەکانی (٢٨ أ ، ب)

٢٨. أ. /سەوزە/ (هەموو جۆرە شینایییەک، (ناوە))

ب. /سەوزە/ (ڕەنگی سەوز (ئاوەڵناو))

٢٩. أ. /تەختە/ (ناو)

ب. /تەختە/ (ئاوەڵناو).

لە نمونەکانی (٢٨،٢٩، آ)دا،وەها دانراوە، کە هێز لەسەر دوا بڕگەی وشەکانە، بۆیە سەر بەپۆلەڕەگەزی ناون، بەڵام نمونەکانی( ٢٨،٢٩ ،ب) لەبەرئەوەی شوێنی هێزەکە لە بڕگەی کۆتاییەوە بۆ بڕگەی یەکەم گواستراوەتەوە، پۆلەڕەگەزی وشەکان لە ناوەوە گۆڕاوە بۆ ئاوەڵناو، ئەوە دەردەکەوێت، کە هێز تەنها واتای وشەکان ناگۆڕێت، بەڵکو فۆرمی وشەکانیش دەگۆڕێت بۆ ڕستە. ( مارف،١٩٧٦، ٧٣) بڕوانە هێڵکاری (٧ ) پیشاندانی ڕۆڵی هێز لە گۆڕینی واتادا.




هێڵکاری (٧) پیشاندانی ڕۆڵی هێزە لە گۆڕینی واتای وشەدا. (ئەحمەد، ٢٠٢١، ٧٠).

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کوردییەکاندا وەها نیشاندراوە، هەندێک لێکسیمی فەرهەنگیی هەن، لە ڕووی فۆرمەوە لەیەکدەچن، بەڵام بەهۆی هێزەوە واتای جۆراوجۆر دەبەخشن. بڕوانە (حاجی مارف، ١٩٧٦، ٤٥-٧٥)و بشڕوانە (کانەبی، ٢٠٠٩، ١٠٨) لە ڕاستیدا ڕاستە ئەو فۆرمانە لە یەکدەچن، بەڵام سەگمێنتەکانیان جیاوازن، چونکە دروستەکانیان لە دوو پێکهاتەی جیاوازدان. بەجۆرێک (١-أ) سەگمێنتەکانیان مۆرفۆلۆژین، بەڵام (ا-ب) سەگمێنتەکانیان سینتاکسین، (ب) ئەوەش وا دەکات لە ڕووی فۆنەتیکیشەوە جیاواز بەرجەستەبکرێن و جگە لە دروستە، هێزیش تێیاندا ببێتە سیمای جیاکردنەوەیان. بڕوانە نمونەکانی (١٣٠ و ب) و(١٣١ و ب)

٣٠. أ. (/بەرزە/) [bər .z^ ə ] (لێکسیمی فەرهەنگی/ئاوەڵناو + / _ ە/ (پاشگر) = ناو)

ب. (/بەرزە/) [b^ər.z^ə] (ڕستە. کرداربەندی / pro بەرز+ە.

٣١. أ. (/کوردە/) [k^ ur.d^ ə] (لێکسیمی فەرهەنگی/ناو +/_ ە/ (پاشگر) = ناو)

ب. (/کوردە/) [k^ ur.d’ ə] (ڕستە. کرداربەندی/ pro کورد-ە.

زانیاریەکانی(٣٠ و ٣١)ی (أ.ب) ئەو راستییە دەسەلمێنن، کە لە دەروازەی فەرهەنگیدا، دروستە واتای جیاوازیان هەیە. دروستەکانی (٣١،٣٠ أ.ب) پۆلەڕەگەزی دوو پێکهاتەی جیاوازن، بۆیە پێشبینیی هێز- جیاوازییان دەکرێت و جێکەوتەی هێز پۆلەڕەگەزە کەتیگۆرییە بەلێکسێمبووەکە دەناسێتەوە. (غەریب، ٢٠١٩، ١٦٩).

## ٢-١-٢-١/٢) زرنگە:

لە فۆنۆلۆژییدا، زرنگە، بە هەمان شێوەی هێزو تەوژم بۆ نیشانەی سەرو_سەگمێنتیە – segemental – supra دەربڕاوە زمانییەکان بەکاردەهێنرێت.(مەحویی،٢٠١٦،٥٢١).

زرنگە زاراوەیەکە لە زانستی acoustic physics دا، بۆ لەرە دووبارەبووەکان بەکاردەهێنرێت، کە لە سروشتدا لە شێوەی شەپۆلی دەنگییدا هەن و بە چەمکی بیستەنییەوە واتای (کۆی بەشە زرنگەکان)ی هەیە، لە کوردییدا، دەربڕدراوی چۆن ئەم دەنگەت بەر گوێ دەکەوێت؟ بۆ ئەم واتایە بەکاردەهێنرێت و دەبیسترێت، بە گوێرەی زانستی/ تیۆریی زرنگە، دروستەی زرنگە دەربڕاوە زمانییەکان لە هەندێک زماندا، لەتەک جیاوازیی دروستەی فۆنۆلۆژییدا، تەوژمیی و ـ بڕگەییدا بۆ جیاکردنەوەی واتا سودلێبینراوە. کەواتە دەبێت دەنگ لە زرنگە دروستبێت، وشەو دەربڕاوی

/زرنگدانەوە/ resonance , resounding لەگەڵ بەبێ زرنگە، toneless, klangloss و چۆنایەتی زرنگە tone-colour or quality یش هەر لە تیۆرەکانی زرنگەدا ئاسایی و بەربڵاون لە بەکارهێناندا. مەحوی،٢٠١٦،٥٢٢) ، بەوەش لە یەکەوە نزیکن، بە جۆرێک (بەرزیی زرەنگە - pitch height) لە سەر بڕگەییەکانی ناو بڕگەکانی لێکسیم بەرجەستەدەکرێن، نەک خاوو گرژیی، لە شیکردنەوەو خستنەڕووی نمونەکاندا . نیشانەی (H1) بۆ زرەنگەی (بەرز / چڕ)و (H2) (بەرز / چڕ)تر، وەک هەمبەریی بەکاردەهێنرێن و بەسەگمێنتەوە دەبەستریتەوە، وەهایدادەنێین ناوە تایبەتییەکان لە فەرهەنگدا زرنگەی (H1)و پۆلەڕەگەزەکانی تریش، زرنگەی (H2) بەرزتریان هەبێت. بەو واتایە، لە فەرهەنگدا مارکەلێدراون و گۆکردنی جیاوازیان هەبێت و هاوبێژ نەبن.

بڕوانە نموونەکانی (٣٢،ا ب)

٣٢.أ. /شیین/ { ʃ I :n } <ناو– شین> /کەوە/ {ناوە}

H1

ب. /شیین { ʃ I : n } <ئاوەڵناو–ڕەنگ> /کەوە/ {ئاوەڵناو}

H2

زانیارییەکانی (٣٢، ا ب) ئەوە دەردەخەن، کە وشە فەرهەنگییەکانی ( ٣٢ أ ، ب) لە ڕووی فۆرم و وشەوە هیچ جیاوازییان نییە، بەڵام لە ڕووی واتاوە، بەپێوەری فۆنۆلۆژیی (زرنگە)ی جیاوازەوە واتای جیاوازیان هەیە، بۆیە دەکرێت زرنگەی بەرز هەمبەر بە زرنگەی نزم بۆ کاتیگۆری هەندێک وشەی سەرەکیی بەکاربهێنرێت، بەو واتایە وشە فەرهەنگییەکانی سەرەوە لە فەرهەنگدا زرنگەیان جیاوازە، بۆیە داوای (هێزو زرنگە )ی جیاواز دەکەن، بۆ نموونە لە(٣٢ أ )دا وشەکە یەک بڕگەیەو سەر بە پۆلەڕەگەزی ناوە، بەڵام لە ( ٣٢ب)دا هێزی سەرەکیی زرنگەی بەرزتر (H2) لەسەر بڕگەی { i }دایە، بۆیە بڕگەییەکە بە فۆنەتیکی بەرزی { i:: }لەوەی باری ئاسایی خۆی گۆدەکرێت و لە فەرهەنگدا وەک پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو) دیاریدەکرێت.

لەسەرێکی ترەوە زرنگە - جیاکەرەوەی ئەو فۆرمانەن، کە لە فەرهەنگدا زرنگە - جیاوازو پۆلە ڕەگەز جیاوازن، بەوەش لەم تەرزی زرنگەیەدا (H1)و (H2)ش دەبنە پێوەری بەلێکسیمبوون، بڕوانە نواندنەکەی لە (٣٣)دا لە ڕوانگەییەکی تریشەوە نموونەکانی (٣٤)ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە زرنگەکانی لەچەشنی (H2) لە پێواژۆی بەناوکردندا لێکسیمێکی سەربەخۆی لە چەشنە زرنگەی

(H1) بەرهەمدێنن، بەوەش لە ئاوەڵناوەوە دەبنە ناو. بڕوانە نواندنەکەی لە (٣٣)دا،نموونەکانی لە (٣٤)دا.

٣٣ )




٣٤) <u>زرنگەی نزم</u> <u>زرنگەی بەرز</u>

أ. سوور (H2) (ئاوەڵناو) ———— سوور (H1) (ناو)

ب. جوان (H2) (ئاوەڵناو) ———— جوان (H1) (ناو)

پ. زیرەک (H2) (ئاوەڵناو) ———— زیرەک (H1) (ناو). (مەعروف،غەریب، ٢٠٢١، ٦٥).

لە ڕووی ئۆرگانییەوە، دەنگ لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێت، زرنگە لە فۆنۆلۆژییدا تا ڕادەیەک ڕێژەییەو کەمبەهایە، چونکە مەرج نییە لە ئاستی قووڵدا بەردەوام بۆ گۆڕینی واتا بێت. بە جۆرێک لە سەر بڕگەکانی ناو (pitch height) (بەرزیی زرنگە) بڕگەکانی لێکسیم بەرجەستەدەکرێن، نەک خاووگرژیی . (H1) لەشیکردنەوەو خستنەڕووی نمونەکاندا نیشانەی (بەرز/ چڕ )تر وەک (H2) بۆ زرنگەی (بەرز / چڕ)ترو هەمبەریی بەکاردەهێنرێن و بە سەگمێنتەوە دەبەسترێتەوە (غەریب، ٢٠١٩، ٥) وەهایدادەنێین ناوە تایبەتییەکان لە فەرهەنگدا زرنگەی (H1)و پۆلەڕەگەزەکانی تریش، زرنگەی (H2) بەرزتریان هەبێت، بەو واتایە لە فەرهەنگدا مارکەلێدراون و گۆکردنی جیاوازیان هەبێت و هاوبێژ نەبن، بڕوانە نموونەکانی(٣٥، ٣٦، ا ب)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥-أ. /ناسک/ | {na: sik } | ناو-شێوەن | H1 |
| ب./ناسک | {na: sik} | ئاوەڵناو-ڕەنگ | H2 |
| ٣٦-أ. /جوان/ | {cwan} | ناو | H1 |
| ب. /جوان/ | {cwan} | ئاوەڵناو | |

ڕوونکردنەوەکان بۆ زرنگەو نواندنی فۆنۆلۆژیی توخمێک پەیوەست بە زرنگەی جیاوازەوە، بیرۆکەو گریمانەی ئەوەمان پێدەدات، کە توخمەکانی نموونەکانی (٣٦،٣٥ ،أ ، ب ) سەرەڕای ئەوەی بە دوو زانیاریی فۆنۆلۆژیی جیاوە لەناو فەرهەنگدا هەڵگیراون، زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نموونە:

بەناوکردنی ئاوەڵناو لەڕێگەی زرنگەوە، ئاوەڵناوەکە لە پەسنی (attributive) دەخات، هەروەها ڕووبەری واتایی لە چۆنێتی دەخات.

## ٢/٢) نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا:

مۆرفۆلۆژیی لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، کە ئەمە ڕوانگەیەکی دروستەیی و یاسابەندانەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام ئەو ڕوانگەیەی دەڵێت مۆرفۆلۆژیی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ بەکاردەهێنێت، لایەنێکی دروستەیی و واتایشی لەخۆگرتووە. لەو ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە خۆی بە واتاو نواندنی واتایی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا خەریکدەکات.

مۆرفۆلۆژیی وەکو پێکهاتەیەکی ڕێزمان، لایەنێکی تری زانیارییە واتاییە فەرهەنگییەکانە، ئەوەش بەوپێیەی (X)ەکان جا چ مورفیمی بەندی داڕشتن بن، یان مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی بن جڵەوی فۆرم دروستکردنی مۆرفۆلۆژیی و واتای مۆرفۆلۆژییانەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەریەکێک لە (X)ەکان بە تایبەت مۆرفیمی سەربەخۆکان لێیکسیمن و پێشبینیدەکرێ، واتایەکی نادیار یان جوڵاویان هەیە (داینامیکی dainamci)یان هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە دەبێت نەخشەڕێگایەک بەم جۆرە بێت کە پەیوەستە بە مۆدێلێکی ڕێزمانی کوردی، ئەویش فەرهەنگە پاشان مۆرفۆلۆژیی پاشان سینتاکس.

فەرهەنگ هەڵگری لێکسیمەکانە بە زانیارییە واتاییەکانەوە بۆیە دەکرێت لە یەکێک لە بەرجەستەکردنەکاندا، کە پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژییە، یەکێک لە واتاکانی کونکرێت بکرێت، پاش کونکرێتکردنەکە، لە واتای دەرکردەکەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی دەکۆڵرێتەوە، بەوەش دەبێتە واتای ناوەوەی مۆرفۆلۆژییانەو واتای دەرەوەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان.

بەوەش زانیارییەکان لە خەزنکراوە فەرهەنگیەکەدا نواندنێکی ناوەکیی (internal Representation )دەبێت لە ڕێزمانیشدا نواندنێکی دەرەکیی(External Represenration) دەبێت. واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبێتە بنەمای فۆرم دارشتن لە ڕێزماندا، لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیش فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بەرهەمدێنێت. (مەعروف، ٢٠٢٠، ١٦٧).

## ١-٢/٢) دروستەو واتای مۆرفۆلۆژییانە:

مۆرفۆلۆژیی لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، کە ئەمە ڕوانگەیەکی دروستەیی و یاسابەندانەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام ئەو ڕوانگەیەی پێیانوایە: مۆرفۆلۆژیی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ بەکاردەهێنێت، لایەنێکی دروستەیی و واتایشی لەخۆگرتووە. لەو ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە خۆی بە واتاو نواندنی واتایی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندایە خەریکدەکات.

مۆرفۆلۆژیی وەکو پێکهاتەیەکی ڕێزمان لایەنێکیتری زانیاریە واتاییە فەرهەنگیەکانە ئەوەش بەو پێیەی (X)ەکان جا چ مۆرفیمی بەندی هەڵگواستن بن یان مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیی بن جڵەوی فۆرم _دروستکردنی مۆرفۆلۆژیی و واتای مۆرفۆلۆژییانەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەر یەکێک لە (X)ەکان بەتایبەت مۆرفیمی سەربەخۆکان لێکسیمن و پێشبینیدەکرێت، واتایەکی نادیار یان جوڵاویان/ (داینامیکی dynamic)یان هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە دەبێت نەخشە ڕێگایەک بەم جۆرە بێت، کە پەیوەستە بە مۆدێلێکی ڕێزمانی کوردییەوە: ئەویش لە فەرهەنگ پاشان مۆرفۆلۆژیی پاشان سینتاکسدا واتاکان لێکبدرێتەوە، بەوەش واتا لە سەرتاپای مۆدێلی ڕێزمانییدا لێکبدرێتەوە.

بڕوانە واتا لە هێڵکاری (٨)و نموونەی (X)ەکان لە (٣٧)دا

٣٧-بەفر ← بەفرین،بەفریی(مۆرفۆلۆژییانە)(بۆ واتای ڕەنگەکەیەتی)
← بەفرماڵ (بۆ بەفرە وەک شت)
← بەفراو (بۆ ساردیەکەیەتیی)




هێڵکاریی (٨)

هەریەک لە فۆرمەکان لە هێڵکاریی (٨)دا پرۆژەیەکن. لە ڕووی فۆرمەوەو پەیوەست بە پۆلەرەگەزدیارییکردنەوە لەلایەن مۆرفیم و وشە دەسەلاتدارەکەنەوە(Individual Words) دروستدەکرێن، کە نرخ و ئاستی نواندنی (x) یان هەیە.زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان لە تێکردەی وشەیی زمانەکەمانەوە وەردەگیرێن و دەبنە هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وشەی نوێ لەسەر بنەمای دروستەو واتا. بڕوانە: (مەعروف، ٢٠٢٠، 168)و https://www.researchgate.net/publication/274569335_Morphology.

بەوپێیەی فەرهەنگ لێکسیمەکان بە زانیارییە واتاییەکانەوە خەزن دەکات، بۆیە دەکرێت لە یەکێک لە بەرجەستەکردنە مۆرفۆلۆژییەکاندا یەکێک لە واتاکانی کۆنکرێت بکرێت، پاشان کۆنکرێتکردنەکە لە واتا دەرکردەکەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی دەکۆڵرێتەوە، بەوەش دەبێت واتای ناوەوەی مۆرفۆلۆژییەکان واتای دەرەوەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان ڕوون بکرێتەوە. واتا زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبێتە بنەمای فۆرم داڕشتن لە ڕێزماندا، لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیش فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی بەرهەمدەهێنێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٠، ١٦٧).

## ٢/٢-١-١) دروستەو واتای هەڵگواستن:

دروستەو فۆرمی پرۆسەی هەڵگواستن (derivation) لە ژێر جڵەوو ڕکێفی توخمە فەرهەنگییەکاندان. توخمە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە دروستەوە بۆ وشەدروستکردنن. لێکۆڵینەوەکە بەو گریمانەیە کاردەکات، کە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن ڕکێفی زانیارییە واتایی و دروستەییەکانی وشەی ناسادەی هەڵگوێزراو دەگرن، نرخی ئاستی نواندنی ئەو مۆرفیمە هەڵگواستنانە $X^{-1}$ ن.(https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph)، بشڕوانە (سەعید، ٢٠١٥، ٣٤). کە بە تەواوی لە مۆرفۆلۆژییدا دەسەڵاتیان هەیەو وشە دروستدەکەن، بڕوانە نواندنە فەرهەنگیی و دروستەییەکەی لە (١)و هێڵکاری (٩)دا:

/١

$Y + X^{-1}$ ———— $X^{o}$ وەک (بەفرین، ڕەشیی، پرتەقاڵی، کوردستان، سەوزایی، تەنکایی)

$X^{-1} + Y$ ———— $X^{o}$ وەک (هەڵهاتن، هەڵچوون، ڕاگرتن، داهێنان، لێبڕین)




واتای ناو دروستەی مۆرفۆلۆژییە بڕوانە دروستەی (١)          واتای ناو دروستەی مۆرفۆلۆژییە.

هێڵکاریی (٩)

٣٨) ا. کوردستان

ب.گوڵدان

پ.مۆمدان

بگۆڕەکان لە دروستەی (١)و هێڵکاریی (٩)دا ئەوە دەردەبڕن، کە مۆرفێمەکان لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەکرێنە سەنگی مەحەک بۆ فۆڕمە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە، دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لە دەستی ئەواندایە، لە فۆرمێکدا کۆمەڵە واتایەک هەڵگیراون، کە لە فۆرمی

وشەکەدا ڕەنگینەداوەتەوە، بەوەش وشەکان، بناغەی لێکسیمێکن، لەناو دروستەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا واتاکانیان بەرجەستەدەبن، یان مارکەیانلێدەدرێت، لە (٣٩)دا نیشانەکانی لێکسیمەکانی (پرتەقاڵ)و (کورد)و (چوون) تاقیدەکرێنەوە، دواتر لە (٤٠) دا پێشبینی لە واتا تێدا هەڵگیراوەکانی دەکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| ٣٩)پرتەقاڵ | کورد | چوون |
| + میوە | +مرۆڤ | +کردە |
| +ڕەنگ | +نەتەوە | +ئاراستە بۆ خوارەوە/ بۆ سەرەوە/ ئاسۆیی |
| +تام | +شوێنی ژیان | |
| +شێوە | | |
| +قەبارە | | |
| +بۆن | | |

لێکسیمی <پرتەقاڵ>و <کورد>و <چوون> لە (٣٩)دا بۆ زانیاریی واتایی جیاواز، کە لە خودی فۆرمەکاندا ڕوون نییە و ئاخێوەری زمان لە کۆنکرێتکردنیان هەمان فۆرم، کە لە ئاوەزییدا هەڵگری کۆزانیارییەکانە دەناسێتەوە، بەڵام لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا لە سەرەوەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستندا واتای ڕەنگ و شوێن بەرهەمدەهێنن. بە جۆرێک لە خوارەوەی دروستەکە پێش بوونی بە نسادە واتاکەی کۆی زانیارییەکانەو بەهۆی ($X^{-1}$)ەکەوە دەبێتە دەرهێنەرو بەرجەستەکەری واتایەکی لێکسیمەکان. بڕوانە نموونەی (٤٠) هێڵکاریی (١٠) بۆ نواندنی زانیارییە واتاییەکانیان!

٤٠)پرتەقاڵ ـــــــ پرتەقاڵی (بۆ ڕەنگ هەڵگوێزراوە، دەرکردە واتاییەکەی ڕەنگە).

کورد ـــــــ کوردستان (بۆ شوێن هەڵگوێزراوە، دەرکردە واتاییەکەی شوێنە).

چوون ـــــــ هەڵچوون (بۆ ئاڕاستەی چوون هەڵگوێزراوە دەرکردە واتاییەکەی چوون بۆ سەرەوە، ئەوە جگە لە واتای ناپێکهاتەیی توڕەبوون).




هێڵکاریی (١٠)

هێڵکاریی (١٠) پەیوەست بە نواندنی واتایی (پرتەقاڵ) ئەوەمان پێدەڵێت، کە (ا) واتای لێکسێمەکە لە ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکەدا فۆرم و واتایەکەی ئاستی نواندنی فەرهەنگیی هەیە، واتا لە هێڵەکانی خوارەوەی دروستەکەدا فەرهەنگییە تا لە سەرەوەی هێڵکارییەکە دەچێتە دروستەی مۆرفۆلۆژییەوە، (ب) بەوپێیە دروستە و نواندنی واتایی مۆرفۆلۆژیی لە سەرەوەی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانە، بەوە توخم و فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان، سادە یەک لێکسێم نین، بەڵکو کە دەبنە نسادە، ئەو کات چ لە ڕووی دروستەو چ لە ڕووی واتاوە بە مۆرفۆلۆژیی هەژمار دەکرێن. ( مەعروف ،٢٠٢٠، ١٦٩)، ئەوەش وایکردووە، زاڵێتیی واتای مۆرفیمەکە لە سەرەوەی دروستەکە، ئەگەریی ناڕوونکردنی واتای (Y)ی دروستە هەڵگوێزراوەکەی لێبکەوێتەوە. گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٤٠)، ئەوە دەردەکەوێت، نموونەکە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە تەواوکەری هەڵگوێزراوەکە واتاکەی ناڕوونە، بەڵام لە سەرەوەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەدا واتای دەرکردەکە ڕووندەبێتەوەو دەرکردەی واتایی و سەنگی پێگەی دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکە گرنگترە، لیڤڵی فەرهەنگیی وشەکەن، بڕوانە هێڵکاریی (١١).

٤١) هەڵواسین، حەسانەوە، ....




هێڵکاریی (١١)

بەڵام (حەسانەوە ، هەلواسین) لەمڕۆدا بە وشەی سادە دادەنرێن، واتە (حەسان ، واسین)بەتەنیا بەکارناهێنرێن، بۆیە (-ەوە ، هەڵ-) بە بەشێک،لە وشەکە دادەنرێت بەپێی لێکۆڵینەوەی سینکرۆنی.

## ٢/٢-١—٢) دروستەو واتای لێکدراو:

پرۆسەی لێکدان بەپێی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە (X،Y) بەرهەمدێت، کە ئەمانە هەریەکەیان لە قۆناغێکدا خاوەنی ڕێزبوونی خۆیانن. لایەنە دروستەییەکەی ڕیزبوونی (X،Y) ئەوەمان پیدەڵێت، کە (X)ەکان جڵەوی دروستەیی و جڵەوی واتاییان بەدەستەوەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئاماژە بە دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژییانە بدەین، کە لە هەناوی دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکسییەوە هاتوونەتەدەرەوە، لێرەوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژییانە لە دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکسیی بچێت، چونکە پێڕەوی جێبەجێکردنی دروستەیی هەردووکیان لەیەکدەچن، بەوەش دروستەی ئارگۆمێنت بۆ فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی و فۆرمێکی سینتاکسییەو پەیکاڵی یەک دەبن (بشڕوانە: https://www.blackwellpublishing.com/content/BPL_Images/Content_Store/WWW_Content/9780631226949/12Chap10.pdf ).بشڕوانە (طباطبایی، ١٣٩٥، ١٢٣)

لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەو پێوەرەدا دەڕوات، کە کردارو ناکردارەکانیش بە پریدیکات دادەنێت، کردارییەکان کردار بەرجەستەیاندەکات و ناکردارەکان (ناو و ئاوەڵناو)ن، هەریەکێک لەوانە پەیوەندییەکی لۆژیکی و سینتاکسیی دوو دانەیین (دوو پەلکین)، نەک بەو جۆرەی، کە لە دروستەی ئارگۆمێنتدا/ یان سیمانتیکی بەرهەمهێناندا ئاماژەپێیدراوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم قۆناغەی دروستەیی ئارگۆمێنت، کە دوو پەلکییە زیاتر لەگەڵ فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان دەڕوات و دەگونجێت.

نەک ئەوەی لە سیمانتیکی بەرهەمهێنان ئاماژەی پێدراوە. دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژیی و دروستەی ئارگۆمێنتی پێکهێنەری ڕستە، لەیەک جیاواز دەبن. بڕوانە هەڵاوێرکردنە کەتیگۆرییەکەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لە (٢)دا و دروستەکەی لە (٣ ، ٤)دا

| | |
|---|---|
| ٢- دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژیی | دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکسی |
| {N}+V | {N}+V |
| {N}+A | {N}+A |
| {N}+N | {N}+V |

دروستە ئارگۆمێنتەکەی (٢) بۆ فۆرمێکی سینتاکس و فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی، هەمان کەرەستەیان تێدایە، یان توخمیان تێکرا، گەر بڕوانرێتە جێبەجێکردنەکە لە(٣، ٤)دا ، دەتوانین لە دوو فۆرمی جیاوازدا، کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە، هەمان توخمی پێکهێنەری دروستەی ئارگۆمێنت بدۆزینەوە. (مەعروف، ٢٠٢٠، ١٧٨). بۆ نموونە دروستەی ئارگۆمێنتی (٣)

٣- جێبەجێکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژیی/

| A | V | N |
|---|---|---|
| چاوشین | بەفرماڵ | بەردەنوێژ |
| باڵابەرز | پیاوکوژ | گوڵەگەنم |
| بەردەسوور | قۆڵبڕ | گوڵەباخ |
| کێوەڕەش | دەستبڕ | دارسێو |
| جوانەمەرگ | سەربڕ | دارخورما |
| سورەماسی | میوەفرۆش | داربەڕوو |
| شۆخەژن | ژنکوژ | مارماسی |

٤- جێبەجێکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی سینتاکس/

| A | N |
|---|---|
| گوڵی سوور | بەردی نوێژ |
| باڵای بەرز | گوڵی گەنم |
| چاوی شین | داری سێو |
| کچی زیرەک | چاوی ئەو |
| چاوی ڕەش | شاری سلێمانی |
| کوڕی باش | چەمی سیروان |
| پیازی تەڕ | شاخی بەمۆ |

لێرەوە دروستە مۆرفۆلۆژییەکەی لێکدان لەسەر واتای ناوەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی بەرجەستەدەکرێن، تا واتای ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی دەربهێنرێت، گریمانەی (X+Y)، (Y+X) بۆ دروستەی وشەی لێکدراو بەپێی قۆناغەکانی دروستەی مۆرفۆلۆژیی بوونەتە گریمانە (بشڕوانە: https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph) بشڕوانە، (سەعید، ٢٠١٥، ٨٣)، (دزەیی، ٢٠١٣، ٩٠) ئەوانەی گریمانەی سەری واتایی دەکەنە پێشینەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەشەوە تەرزی (X+Y) ، کە تێیدا سەری ڕێزمانی توخمە پرۆژەسازدراوەکانی وەک ( V, A, N) دەکەنە دەسەڵاتداری دروستەی واتایی. بڕوانە هێڵکاریی (١٢).




هێڵکاریی (١٢)

واتای ئەو دروستانەی تەرزی (Y+X) بەجێدەهێنن، بە سەرە واتاییەکەوە پەیوەستە، ئەوەش بەوپێیەی دروستەکە هەر نواندنێکی هەبێت، واتاکەی لە دەوری واتای سەرە واتاییەکە دەسووڕێتەوە، گەر لە ناو نموونەکاندا <چاوشین و باڵابەرز> وەربگرین، دەردەکەوێت، کە واتای

دروستەکە لە دەوری (چاو، باڵا)دا دەسوڕێتەوە، بەوەش (چاو، باڵا) سەرەن و واتای سەرەکان نەگۆڕاون و هەمان واتای فەرهەنگیی خۆیان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی (١٣).




هێڵکاریی (١٣)

گریمانەی دووەم، واتا (X+Y) بۆ لێکۆڵینەوەکە جێگای سەرنج و تێڕوانین دەبێت، چونکە هەنگاوی لێکۆڵینەوەکە بەوە گەیشتووەو کار بەو گریمانەی دەکات، کە سەرە ڕێزمانییەکان زانیاریی دروستەیی و واتاییان تێدا هەڵگیراوە، تەواوکەرەکە خۆی بە تەنها کەرەستەو توخمێکی فەرهەنگییەو سەرەکە دەیکاتە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی، چونکە گەر سەرنجی نموونەکانی بدرێت، ئەوا دەردەکەوێت، کە ناوی یەکەمی وشە لێکدراوەکان واتا (Y)ەکان گشتین و هەر واتای فەرهەنگیی خۆیانیان هەن، سەرەکان (X)ەکان لە ڕووی دروستەو واتاوە ڕکێف و جڵەویان هەیە.

ڕکێفی (X) لە ڕووی دروستەییەوە ئەوەیە، کە (X)ەکان دروستەی فەرهەنگی دەکەنە دروستەی مۆرفۆلۆژیی، بەڵام ڕکێفی واتایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (X)ەکان واتایەکی نادیارو شاراوەی خۆیان دەنوێنن و لە لوتکەی دروستبووە/ بەرهەمهاتووەکان واتایەکی تر بەرجەستە دەبێت، بەوەش سێ نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا پەیڕەودەکرێن، بڕوانە هێڵکاریی (١٤) جێبەجێکردنەکە لە نموونەکانی (٤٣)دا.




هێڵکاریی (١٤)

هێڵکارییەکە بۆ ساغکردنەوەی گریمانەی دروستبوونی وشەی لێکدراوەو نواندنی واتاییە تێیدا، بۆ ئەوەش ئاست و لیڤڵی واتایی لە فەرهەنگ و بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە جیاکراونەتەوە ، هەروەها بۆ دیاریکردنی سەرو تەواوکەر بۆ بنیادنانی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی، گریمانەی واتایی و زاڵێتی و ڕکێفی واتاییش یەکێک دەبێت لە جیاکارییەکان. وەک گوتراش واتای (X) زاڵێتی هەیە بۆ واتای لوتکەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکە. بڕوانە نموونەکانی (٤٣ ا-ب-پ)

٤٣)

ا. گوڵە سوورە

ب. بەردەنوێژ

پ. سەرگەرم

نواندنی واتاییە بۆ نموونە (٤٣-پ) تاقیدەکرێتەوە، دروستەکە لە سێ ئاستی <گەرم> <سەر> <سەرگەرم>

گەرم: پەیوەست بە دروستەکەوە سنووردارە، پلەیەکە لە گەرمی.

سەر: واتای سەری مرۆڤی هەیە.

سەرگەرم: کەیفکردن و سەرقاڵی.

نواندنی واتایی (سەرگەرم) دەریدەخات <گەرم> ڕکێفی واتایی دروستەکەو واتاکەی بەدەستەوەیە، ئەمەش لە نواندنە سینتاکسییەکەی فرێزەکاندا دەردەکەوێت، کە ($X^o$)ەکە

دروستکەری فرێزەکەیەو واتاکەشی ($X^{o}$)، کە جیای دەکاتەوە. بڕوانە (نواندنی واتایی فرێز لە پاری داهاتوودا).(چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ٢٠٢٢/٢/١٦)

کەواتە بەپێی شیکردنەوەی سەرەوە نواندنی واتایی وشەی لێکدراو نواندنێکی سێ جەمسەری هەیە، نموونەی زیاتر بۆ سەلماندنی بیرۆکەکە دەهێنریتەوە، گەر بڕوانینە نموونەکانی (٤٤) دەردەکەوێت، کە واتای لوتکە/ واتای سەرەوە دیاریدەکات. بڕوانە هێڵکاری (١٥).




هێڵکاریی ( ١٥ )

هێڵکارییەکان لە (١٥)دا ئەوە دەردەبڕن، کە واتای (X, Y)ەکان لە خوارەوە واتای فەرهەنگیان هەیەو لە سەرەوە/ واتا ئەو کاتەی دەبێتە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی/ لێکدراو واتای مۆرفۆلۆژییانەی دەنوێنرێت. بە جۆرێک (Y)یەکان ناوی گشتیین و واتاکەیان دەربڕی چەمکە گشتییەکەی فەرهەنگە، واتا بە تەنها نەبووەتە فۆرمێکی ناو مۆرفۆلۆژیی، (X)ەکان بەپێی ئەو واتا تایبەتییەی لە فەرهەنگدا تێیاندا هەڵگیراوە، واتا واتای (X)ی فەرهەنگیی چەمکی و گشتییە تا بۆ نواندنی واتاییەکەی لەگەڵ (Y)دا بۆ بەرهەمهێنانی فۆرم و واتاکەی سەرەوە دەچنەپاڵیەک. بۆ نموونە <سوور> لە فەرهەنگدا کۆی واتاو پلەکانی ئەو ڕەنگە دەنوێنێت، بەلام لە <گوڵاڵە + سوورە> دا <سوور> واتایەکی تایبەت بە گوڵی هەیە، تا لە سەرەوەدا دەبێتە ناوی جۆرێک لە گوڵ/ گوڵاڵە سوورە.

واتای نموونەکانی ناو هێڵکارییەکە بیروڕای ئەوەمان دەداتێ، کە جەمسەری لوتکەی نواندنە واتاییەکە، لە نێوان واتای پێکهاتەیی (واتای پێشبینی لێکراو)و ناپێکهاتەیی (واتای پێشبینی لێنەکراو، جا ئیدیەمی بێت یان نائیدیەمی) دایە. واتا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا لە واتای توخمە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراودا واتای ناپێکهاتەیی دەچێتە سەرەوەی دروستەکە یان لە توخمە

پێکهێنەرەکانەوە بۆ سەرەوە سەردەکەوێت؟ دەبێت لە توخمە پێکهێنەرەکانەوە بێت لەبەرئەوەی هەموو واتایەکی ناپێکهاتەیی لە دروستەو توخمە پێکهێنەرەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە هەمیشە واتای توخمەکانی ژێرەوە بۆ سەرەوە دەچن. گەر گریمانەی ئەوە بکرێت، ئەوا جەمسەری چوارەمی نواندنی واتایی لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکەدا بەرهەمدەهێنرێت. نموونەکانی (خوارەوە) ئەوە بەدەستەوەدەدەن لە سەروو جەمسەری واتایی فۆرمە مۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکانەوە، کە خۆی واتای پێکهاتەیی هەیە، واتای ناپێکهاتەییش بەرهەمدێت، مەرجە هەموو فۆرمێکی فۆنۆلۆژیی واتای پێکهاتەیی هەبێت ، پاشان لەسەروو واتا پێکهاتەییەکەوە، واتای ناپێکهاتەیی بەرهەمبێت. وەک ( قۆڵبڕ ) واتا واتای ناپێکهاتەیی دەرکردەی دواتری واتای پێکهاتەیی لێکدراوەکەیە. بڕوانە نموونەی (٤٥) و هێڵکاریی (١٦).









هێلکاریی (١٦)

بەپێی نموونەکانی <دەستبڕ و دەستکورت> نواندنە واتاییەکان دەبێتە چوار جەمسەریی، ئەویش بەوپێیەی واتای ناپێکهاتەیی/ ئیدیەمی جەمسەری چوارەم و سەرەوەی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکەی گرتووە، ئەوە لە کاتێکدا نموونەی <بەفرماڵ> واتاکەی پێکهاتەییەو هاوشێوەی لێکدراوەکانی دیکە نواندنە واتاییەکانی سێ جەمسەرە. لەبەرئەوەی نواندنی واتایی لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا دروستە و دەرکردەی واتایی لە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکاندا گرنگ و مەبەستە، ئەویش بە واتای ئەوەی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا (Level of morphology) دروستەو واتاکان دەبن بە مۆرفۆلۆژیی، بۆیە دەرکردەکە مامەڵەی مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ دەکرێت. بۆچوونەکە دەمانگەیەنێت بەوەی، کە پێشبینیی ئەوە بکرێت، کە ئەو وشانەی واتای جەمسەری چوارەمیان ناپێکهاتەییە، واتای چوارەم بەسەر کۆی واتای دروستەکەدا بسەپێنێت. بۆ نموونە گەر بڕوانرێتە نموونەکانی <دەستبڕ و دەستکورت> لە ئێستای زمانی کوردیدا، واتای جەمسەری سێیەمان نەماوە، یان دەتوانرێت بوترێت کەم چالاکە.

زاڵێتیی واتای ئاستی مۆرفۆلۆژیی، وای لە واتای ناوەوەی هەندێک فۆرمی مۆرفۆلۆژیی کردووە، کە واتای کەرتەکانی جەمسەری خوارەوە یان یەکێک لە جەمسەرەکان بە سینکرۆنیی ناڕوون بن، لەو بارەیەوە گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٤٦)، کە وشەی لێکدراوی تەکخراون، وشەتەکخراوەکان ئەگەر چیی لە ڕووی دروستەوە پەیوەندیی نێوان کەرتەکانیشیان پەیوەندی هاوپۆلەڕەگەزیی و هاوشانییە. (Booji, , 2007, 80). کەچیی لە ڕووی واتاو دەرکردەی واتایەوە

دەردەکەوێت ئەو وشانە یەکێک/ هەردووکیان لە نواندنە واتاییەکانی وشەکە لە جەمسەری خوارەوە بە ئێستایی/ سینکرۆنیی ناڕوون بێت. بڕوانە هێڵکاری (١٧) و نموونەکانی (٤٦).

٤٦) أ- نەرمونۆڵ، سپیوسۆڵ، گورجوگۆڵ، جڕوجانەوەر، ...

ب- مشتومڕ، کتومت، کەلوپەل،خەسوخۆڵ ... ...( مەحویی ،١٠٤،٢٠١٠)




هێڵکاریی (١٧)

نموونەو هێڵکارییەکانی (٤٦ ,١٧) ئەوە دەردەخەن، کە: (أ) واتای سەرەوەی لوتکە مۆرفۆلۆژییەکە زاڵە، تەنانەت واتای هەندێک لە کەرتەکانی خوارەوە بە سینکرۆنیی ناڕوونن و بەکارهێنانی سەربەخۆیان نییە، (ب) ئەگەرچیی واتای لوتکەکە لە دانە پێکهێنەرەکانی خوارەوە هاتوون، بەڵام واتای سەرەوە چڕتر و وردترە لە واتای هەریەک لە پێکهێنەرەکان. بۆ نموونە واتای <نەرم> بەشێکە لە واتای <نەرمونۆڵ>، واتای <سپی> بەشێکە لە واتای <سپیوسۆڵ> ...

## ٣/٢) نواندنی واتایی لە پڕۆژەناوەندییەکاندا:

لەناو پێکهاتەی ڕێزماندا پاش بونیادنانی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یەکەم هەنگاوی چوونە ناو پێکهاتەی سینتاکسەوە، بەرهەمهێنانی فرێزەکانە، فرێز دروستەیەکە لە سەرو تەواوکەرێک بەرهەمدێت وەک یەک یەکەی سینتاکسیی، دروستەو ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە. (مەعروف، ٢٠١٢، ١٣) پێش ئەوەی نواندنە سیمانتیکییەکەی فرێز بخرێنەڕوو، دەبێت ئەوە بزانرێت،

که فریز بەپێی تیۆری (x-bar) بەپێی زمانی کوردی ئەم هێلکارییەی خوارەوەی بۆ پێشنیاز کراوە، ئەویش پاش جێبەجێکردنی بنەما پاشان پارامێتەر بۆ زمانی کوردی جێبەجێبووە.

بنەماکە بەپێی تیۆری(x-bar) هەر فرێزێک لە زمانی مرۆڤدا لە توخمەکانی (x,y,spec) بەرهەمدێت، کە ئەمانە بەپێی پارامێتەری زمانی کوردی وەک هێڵکاریی ژمارە (١٨) دەردەکەوێت ئەو ڕیزبوونەیان دەبێت. (سەعید،١٠٣،٢٠٢٠).




هێڵکاریی (١٨)

لێکۆڵینەوەکە پاش پێشنیازکردنی پەیکەری دروستەیی فرێزەکان لە هێڵکاریی (١٨)دا، گرنگی بە نواندنە واتاییەکانی توخمەکان دەدات، کە فرێزەکانی لێپێکهاتووە، بۆیە دەبێت لەو توخمەوە دەستپێبکرێت، کە سەرەو حوکمکەری توخمەکانی ترە. (X) سەرەتاو دەسپێکی هەموو فرێزێکەو سەری فرێزەکەیە. (سەعید،٢٢،٢٠١٥). ئەوانیش توخمە فەرهەنگییەکانن، کە فرێزە فەرهەنگییەکان بەرهەمدەهێنن، سەرە فەرهەنگییەکان کردارو ناوو ئاوەڵناوو پێشناون، کە ئەوان لەڕووی دروستەییەوە تەواوکەرەکان بۆ بەرهەمهێنانی فرێز داوادەکەن، بەوەش (X) یک تەنها (Y)یەک وەک تەواوکەر داوادەکات تا پێکەوە ($X^{-}$)یک دروستبکات، جا لێرەوە دروستە پەیکاڵی ئەو دروستەی ئارگۆمێنتە دەبێت، کە لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا پێشنیازکراوە،(مەبەست بابەتی مۆرفە لێکدراوەکە )، چونکە فرێزەکان دروستەی ئارگۆمێنتیان دوانییە (X)ەکە ئارگۆمێنت – داواکەرە و (Y)کە دەبێتە ئارگۆمێنت – داواکراو، هەر بەپێی هێڵکارییەکە ($X^{-}$) لە توخمێکی سینتاکس (.spec)ەکە حوکمدەکات، بەپێی لێکۆڵینەوە کوردییەکان (.spec) لە دوو ڕوانگەوە تەماشاکراوە، کە ئەوانیش خورتیی و سەرپشکین، ئەم لێکۆڵینەوەیە (.spec)ەکان وەک

کەرەستەیەکی سەرپشکی مامەڵەدەکات. کە زیاتر بوونی واتایی هەیە، نەک دروستەیی، بۆیە ڕوانگە واتاییەکەی (.spec)ی بەڵاوە گرنگە، لێرەوە نواندنە سیمانتیکییەکەی (spec. X, Y) دەبێتە خاڵی تێڕامان و کارکردنی لێکۆڵینەوەکە. دەبێت ئەوەش بزانین زمانی کوردیی سەرکۆتایە لە زۆرینەی دروستەی فرێزەکانیدا بەدەر لە فرێزی پێشناویی. (ڕەسول،١٣،٢٠١٣).

سەرە ڕێزمانییەکان ($X^{O}$) جگە لە حوکمی سینتاکس و دروستە، حوکمی واتایی تەواوکەری(Y)ەکان دەکات، قۆناغی دیاریکردنی (X,Y) لە دیاریکردنی فرێزەکاندا جێگای مشتومڕەو تێڕوانینی جیاوازە، چونکە لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوارە سەری واتایی و سەری ڕێزمانیان تێکەڵ بەیەک کردووە، ئەوەش هۆکارێکە بۆئەوەی نواندنی واتایی لە پرۆژەناواندییەکاندا، لە ناوو ناونانی فرێزەکان دروستبکرێت، سەرە فەرهەنگییەکان دەکاتە ناولێنەری فرێزەکان ئەمەیش پەیکاڵی ئەو بانگەشەیە دەبێت، کە تیۆەری (X-BAR) پێیوایە توخمە فەرهەنگییەکە دەبێتە هەڵگری ناوی فرێزەکە، بۆیە هەریەکە لە کردارو ناوو ئاوەڵناوو پێشناو لە چەشن و توخمی خۆیان فرێز دروستدەکەن. (سەعید،١١٣،٢٠٢٠-١٢٢)، کە ئەوانیش فرێزی کرداریی و فرێزی ناویی و فرێزی ئاوەڵناویی و پێشناوین، بۆیە ئێمەش توخمە فەرهەنگییەکە بۆ جڵەوکردن و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی تاقیدەکەینەوە، ڕاستە (Y)ەکە ئەوان وەک سەری واتایی ئاماژەیانپێداوەو باسی لێوە کراوەو بابەتی دروستەکەیە، بەڵام (X)ەکان هەڵاوێری سیمانتیکی (Y)ەکان دەکەنەوەو نرخی دروستەی سیمانتیکی دەدەن بە فرێزەکە. سیمانتیکی (X)ەکان ڕوانگەی نواندنی پێکهاتەیی و ناپێکهاتەییان هەیە. واتا پێکهاتەییەکەیان واتاییەکی پێشبینیکراوی فەرهەنگییە، کە لە ئاوەزی ئاخێوەری زمانی کوردی و لە پێکهاتەی سیمانتیکیی زمانی کوردیدا گەنج (خەزن) کراوە، بۆیە وادادەنرێت، کە واتای پێکهاتەیی، هەڵاوێرکردنە سیمانتیکییە فەرهەنگییەکە بێت، لێرەوە دەبێت یەک بە یەکی سەرە فەرهەنگییەکان بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی واتای پێکهاتەییان بخرێنەڕوو.

واتای پێکهاتەیی، واتایەکی پێشبینیلێکراوە لە نێوانی پریدیکات و ئارگۆمێنتەکاندا، لەسیمانتیکدا بریتییە لەو تێڕوانینەی، کە واتای تاکە وشە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بنیاتنانی واتای یەکەیەکی گەورەتر: واتای گشتیی بە واتای هەریەکە لە یەکە پێکهێنەرەکانی و چۆنێتی پێکهێنان و پێکهاتەو ڕیزبوون و کۆبوونەوەیان دیاریدەکات.( دەیڤد، ٢٠١٢ :٩٦) واتای پێکهاتەیی ڕێگەدەدات بە زمانە سروشتییەکان تا بتوانن بەشێوەیەکی گونجاو واتایەکی سیمانتیکیی چڕو ئاڵۆز لەڕێگەی تێکەڵکردنی پێکهاتەو دروستەی یەکە سادەکانی سیمانتیکەوە دروستبکەن، ئەمەش بەمشێوەیە :

واتای سیمانتیکیی گشتی لەسەر بنەمای یەکەکان و پێکهاتەکان کاردەکات، بۆیە واتای سیمانتیکیی پێکهاتە ئاڵۆزەکان پشت بە چۆنێتی تێکەڵکردنی پێکهاتە و یەکەکانی دەبەستێت ( https:// link.springer.com/).

وەک ئاماژەپێدرا، بۆ دروستەی فرێزەکانیش دروستەی ئارگۆمێنتی دووپەلکی لێکدەرەوەییە، بۆیە پەیوەندیی نێوان کردارو ئاوەڵناوو پێشناوەکان دیاریدەکرێن، بۆیە دیاریکردنی کردار بۆ فرێزی کرداریی گرنگ دەبێت، کەواتە واتای پێکهاتەیی، واتایەکی فەرهەنگیی پریدیکاتەکانە لەسەر بنەمای نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکان بونیاددەنرێت، بەڵام ناپێکهاتەیی واتای پێشبینیلێنەکراوە، ئاخێوەری زمان پەیوەست بە واتای پریدیکات و ئارگۆمێنتەکەیەوە پێشبینی لە واتاکەی ناکات، بەمەش دوو ڕوانگەی دەبێت، یان ئەوەیە لە فەرهەنگدا واتا پێکهاتەییەکان هەڵگیراون و لە ئاوەزی هەموو ئاخێوەرێکی کوردیدا هەڵدەگیرێن، کەواتە لە دەربڕیندا واتاکە دەبێتە ناپێکهاتەیی، بەوەش واتا پێکهاتەییەکە دەبێتە بناغە بۆ ناپێکهاتەییەکە. ڕوانگەکەی تر، هەموو توخمێکی پریدیکاتی فەرهەنگیی هەموو پریدیکاتێک، دوو پێکهاتەی هەڵگرتووە، واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەین. دەکرێت واتای پریدیکاتی <مردن> لە (پیاوەکە مرد.)دا پێکهاتەیی بێت، بەڵام لە (پاترییەکە مردووە)دا ناپێکهاتەیی بێت، بۆ نواندنی واتای پێکهاتەی کرداریی وئاوەڵناوەکان، بڕوانە نموونەکانی(٤٧آ، ب).

(٤٧

أ. (دەست بڕ، نامە بەر، زەوی کێڵ، سێوخوار، دار بڕ، ماڵ بڕ......)

ب. (داری کورت، دەستی درێژ، دەستی پیس، ماڵی سپی، دڵی تەنگ، ماڵی خۆش، سێوی ترش .....) (مەعروف،٢٠٢٠، ١٨٧).

ناپێکهاتەیی جۆرێکە لە فراوانبوونی واتای پریدیکاتەکان، ناتوانین واتاکانیان پێشبینیلێبکەین، کە پێشبینیمانلێنەکرد، دوو قۆناغ هەیە، یەکێکیان ئەوەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەچێت بەرەو ئیدیۆمی، یان ئەوەیە لە چوارچێوەی واتا فراوانکردندا دەمێنێتەوە.(محەمەد،٢٠٢١،١٨١)، بۆنموونە (مردن) یان (زیرەک) کە (زیرەک) واتایەکی پێشبینیلێکراوە لەگەڵ مرۆڤدا، کە وتمان (موبایلی زیرەک) ئەوا ئێمە ئەم پریدیکاتەمان لە (Compositional) بۆ (Non Compositional) پێکهاتەیی بۆ ناپێکهاتەیی بردووە، کەواتە فراوانبوونی واتایی پریدیکات زیاتر بەرەو واتای ناپێکهاتەیی دەڕوات، ئەوکاتە ئەرکی واتایی دەکەوێتە سەر پریدیکاتەکانی تر، لەباتی پریدیکاتێکی تر دروستبکەین.

ئاخێوەری زمانی کوردیی، زانیاریی پێکهاتەیی لەسەر ئەو کردارو ئاوەڵناوانە هەیە، بۆیە بەئاگاییەوە هەڵیاندەوەشێنێتەوە، بەوەش واتا ناپێکهاتەییەکانی دەکاتەوە بە واتای پێکهاتەیی و تاکلایەنانە بەکاریدەهێنێت.بڕوانە ( ٤٨، ٤٩)

| <u>ناپێکهاتەیی گشت ئاخێوەرێک</u> | <u>هەڵشاوەنەوەی تایبەتی/ تاکلایەن</u> |
|---|---|
| ٤٨. أ. نەوزاد دەستی کورتە. | وەلا نەک دەستی قاچیشی کورت نییە. |
| ب. وریابە قۆڵت نەبڕێت. | وەلا پەنجەیەکیشی بۆ نابڕێتەوە. |

(٤٩). أ. دڵم تەنگە وەکو خونچەی دەمی تۆ.

ب. وەک بەختەکەی من ڕەشە خاڵەکەی ڕوومەتی.

لە(٤٨ أ-ب)دا هەریەک لە ئاوەڵناوەکانی (تەنگ و ڕەش) بە واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەییەوە بەکارهێنراون، پەیوەست بە (دڵ و بەخت)ەوە ناپێکهاتەیین بۆ (خونچەو خاڵ)یش پێکهاتەیین (مەعروف، ٢٠٢٠، ١٨٨). بڕوانە هێڵکاریی(١٩)




هێڵکاریی (١٩)

کەواتە دەگەینە ئەوەی بڵێین، زمانی کوردی زمانێکی پێکهاتەییە، بەڵام هەنگاودەنێت بەرەو زمانێکی ناپێکهاتەیی، ئەمەش دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی دروستکردنی پریدیکات، واتە لەبری ئەوەی دروستیبکەیت، هەر ئەو پریدیکاتە دەهێنێت و ئەرکی تری بەسەردا دەدەیت، کەوایە یەکەم پێکهاتەییەو دووەم ناپێکهاتەییە، لە ناو ناپێکهاتەییەکەش دوو دانە هەیە، ئەوانیش یەکێکیان بووە بە ئیدیۆم، ئەوی تریان نەبووە بە ئیدیۆم. (محەمەد ، ٢٠٢١، ١٨٠-١٨٤)

## ١-٣/٢) واتایی پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە فریزی ئاوەڵناوییدا:

ئاوەڵناو یەکێکە لە سەرە فەرهەنگییەکان، کە فریزی ئاوەڵناوی دروستیدەکات، ئاوەڵناو بەپێی دروستەی ئارگۆمێنتەکەی، ئارگۆمێنت – داواکەرە، بۆیە نواندنی تاکلایەنانەی نییە، بەڵکو هەمیشە لە گەڵ (Y)دا دروستەی فریزی ئاوەڵناویی دروستدەکەن. بەوەش ئاوەڵناوەکە فریزێکی تەواوکەر لە ڕووی دروستەییەوە هەڵدەبژێرێت و دۆخی خستنەپاڵ (gerative case)ی دەداتێ. بڕوانە هێلکاریی ( ٢٠ ).




هێڵکاریی (٢٠)

فۆرمی بەلێکسێمبووی ئەم فریزە، کە (A)ەکانن، لەبەرئەوەی پاش بەلێکسێمبونیان دەبنەوە بە (N) زۆرجار ڕێگە بە هەڵوەشانەوە دەدەن، نموونەکانی لەجۆری (باڵا کوڵ، چاو کەوە، قژ درێژ، سەر چەرموو)، کە دەبن بە لێکسێم، ڕێگە بە هەڵوەشانەوە دەدەن.
واتە ئەوانیش هاوشێوەی ($X^O$)ەکان سیمانتیکیی دروستەکە دەگرنەدەست، یاساکە بۆ پریدیکاتی ئاوەڵناو و ئارگۆمێنتەکەیەتی، کە واتاکەی لەسەر بنەمای واتای پێکهاتەیی داڕێژراوە، بۆیە ئارگۆمێنتەکەی بە { + } وەرگرتووە و بەهۆیەوە کۆتوبەندی واتایی خۆی دەپارێزێت، بەمەش ئاوەڵناوەکان هاوشێوەی کردارەکان، کۆتوبەندی واتایی خۆیان بە واتا پێکهاتەییەکان دەپارێزن و بەوەش کەسێتیی ئاوەڵناوەکان لەیەکترەوەجیادەبێتەوە، کەسێتییەکە هەبوون و جڵەوی ئاوەڵناوەکە دەپارێزێت و ناچێتە سنووری ئاوەڵناوێکیترەوە. بڕوانە نموونەی (٤٩) بۆ ئاوەڵناوی (جوان/ أ،ب،پ ت،ج)

٤٩/ أ.گوڵی جوان.

ب. کچی جوان .

پ.ڕەنگی جوان .

ت.سەوزەی جوان.

ج.ماڵی جوان.

سەرەڕای ئەوەی واتای ئاوەڵناوی ‹جوان› لە دروستەی فرێزەکانی (أ ، ب ، پ، ت، ج )دا فەرهەنگیی و پێکهاتەییە، بەڵام نواندنی واتایی ‹جوان› لەگەڵ هەریەک لە (گوڵ، کچ، ڕەنگ، سەوزە، ماڵ،) واتا و نواندنێکی واتایی جیاوازیان هەیە، بەوەش واتایەکی شاراوەی ناو ‹جوان› نوێنراوە. بۆ نموونە ‹جوان› لەگەڵ (کچ)دا ڕواڵتییە، لەگەڵ (گوڵ)دا ڕەنگ و شێوەیە، لەگەڵ (سەوزە، ماڵ)دا تازەییە.

سنووری هەڵاوێرکردنی واتای ئاوەڵناوی ‹جوان›، لە نموونەیەکی وەک ‹کوڕی جوان›دا فراوانبووەو لەبەرامبەر ئاوەڵناوی ‹قۆز›دا چەمک و واتایەکی نوێی بەرهەمهێناوە، بەڵام جێی بە ‹قۆز› لەقنەکردووە! بڕوانە نموونەی ( ٩٢ أ،ب )

٩٢. أ- کوڕی قۆز

ب- کوڕی جوان

ئاوەڵناوی ‹جوان›، لەگەڵ ‹کوڕ›دا، واتای ڕواڵەتیی ناسکی هەیە و بۆ جۆرێک لە ‹کوڕ›ە، کە تا شێوەی ‹کچ› ناسک بێت. بەڵام ‹قۆز› بۆ ڕواڵتێکی دیاریکراوی نێر/ کوڕ / پیاوە.
نواندنەکان بۆ واتای پێکهاتەیی ئاوەڵناوەکان بوون، نواندنە ناپێکهاتەییەکان بۆ دوو نواندن دابەشدەبن. بڕوانە هێڵکاریی(٢١).(مەعروف، ٢٠٢٠، ٧٨)




هێڵکاریی (٢١)

جێی سەرنجە ئاوەڵناوەکان سنوردارترین کۆتوبەندیان دەکەوێتە سەر بۆ هەڵبژاردنی ئارگۆمێنتەکانیان، لە ئاوەڵناوێکی وەک /جوان/دا کۆتوبەندی واتایی بۆ ئارگۆمێنتەکەی کەمتربێت: (کچی جوان / منداڵی جوان / خانووی جوان / کورسی جوان / باخی جوان / داری جوان / دەرگای جوان / شاری جوان)....

ئەو نمونانەی سەرەوە لە/جوان/دا ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە ئاوەڵناوێکی چالاکە، چونکە پێشتر تەنیا لەگەڵ ناوی /کچ/دا بەکاردەهات، بەڵام ئێستا بەهۆی فراوانبونی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی /جوان/ ەوە لەگەڵ /کوڕ/ یشدا بەکاردێت، تەنانەت لەگەڵ [-_مرۆڤ]یشدا وەک لەنموونەکاندا دیارەو هاتووە، بۆیە ئەم ئاوەڵناوە بە پرێدیکات دادەنرێت، هەروەها بۆ ئاوەڵناوی /زیرەک/یش بەهەمان شێوە تەنیا لەگەڵ [+مرۆڤ]دا بەکاردەهات، بەڵام ئێستا بەهۆی فراوانبونی بەکارهێنانیانەوە لەگەڵ [-مرۆڤ] یشدا بەکاردێت. بڕوانە نموونەکانی ( ٥٠) (محەمەد، ٢٠٢١، ١٨٩)

٥٠)

أ. مامۆستای زیرەک

ب. ڕێبواری زیرەک

ت. مۆبایلی زیرەک

پ. شاشەی زیرەک

ج. پێوەری زیرەک

ح. تیشێرتی زیرەک

وەک لە نموونەکانی (٥٠_ أ،ب)دا دیارە، ئاوەڵناوی /زیرەک/ لەگەڵ ناوی /مامۆستا/ و/ڕێبوار/ هاتووە، کە بۆ واتای پێکهاتەیی بەکارهاتووە، چونکە هەردووکیان [+مرۆڤ] ن، بەڵام ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی (ت، پ، ج ، ح)، دەبینین کە هێندە بەکارهێنانی فراوانبووە لەگەڵ ناوی /مۆبایل/ و/شاشە/ و/پێوەر/و/تیشێرت/ دا هاتووە، کە بەشی ناوی بێگیان دەکات، کە ئەم فراوانبوونە بەواتای (پرێدیکات ) ناودەبرێت، بەپێچەوانەی ئاوەڵناوی /زیرەک/ ئاوەڵناوی /کۆن/، پرێدیکاتێکە کە دەبووە ئارگۆمێنتەکەی نیشانەی [+مرۆڤ]ی هەبوایە، بەڵام وەک جێگرەوەیەکی فۆرمداڕشتن دەشێت ئەویش وەک ئاوەڵناوەکانی سەرەوە بە نیشانەی، [-مرۆڤ] کاربکات. سەبارەت بە فراوانبوونی بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەری زمانی کوردییەوە پێکهاتەی واتایی ئاوەڵناوەکان ئاوەڵناوی/کۆن/ و /سارد/ یش بە فراوانی بەکاردێت.وەک نموونەکانی (٥١ آ ب)

(آ) (پیاوی کۆن / ژنی کۆن / سەیارەی کۆن / ئامێری کۆن / موبایلی کۆن).....
(ب) (بای سارد / پیاوی سارد / بازاری سارد / ژنی سارد / هامۆشۆی سارد)...

ئەوەی سەبارەت بە ئاوەڵناو خرایەڕوو، ئەوەیە ئاوەڵناویش دەرهەق بە ئارگۆمێنتەکەی کۆتوبەندی واتایی دەشکێنێت.(مەعروف ، ٢٠١٠، ١٠١).

ناپێکهاتەیی ئیدیۆمی، ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، کە بەرەو ئیدیۆم دەڕۆن، یاخود ئیدۆمیان دروستکردووە، کەواتە دەتوانیین بڵێین کە زۆربەی ئاوەڵناوەکان واتای ناپێکهاتەیی ئیدیۆمییان نییە. ئاوەڵناوەکانی وەک ‹کورت، لوس، پیس....› دەتوانن بەرەو ناپێکهاتەیی ئیدیۆمی بچن وەک نموونەکانی (دەست کورت، زمان لوس، چاو پیس)، لە هەمان کاتدا ئەم وشانە واتا پیکهاتەییەکانیان لەدەستتادەن. بۆنموونە (داری کورت، بەردی لوس، لەچکی پیس)، وەک لە هیڵکاریی (٢٢) پاساودانی دەخرێتەڕوو:




هیڵکاریی (٢٢)

هیڵکارییەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەریەک لەو ئاوەڵناوانە بۆ مەبەستێکی جیاواز واتای ناپێکهاتەیی ئیدیۆمیان پێکهێناوە. ئەو ئاوەڵناوانە بەهۆی چالاکیی بەکارهێنانیان واتای ناپێکهاتەیی

ئیدیۆمیان دروستکرووە، بەڵام لەهەمان کاتدا واتای پێکهاتەیی خۆیان لەدەستنەداوە. بڕوانە نموونەکانی ٥٢أ، ب، پ، ت)بۆ واتایی پێکهاتەیی بۆ ئاوەڵناویی‹کورت، لوس، پیس....›

٥٢. أ- داری کورت .          بەردی لوس.          کراسی پیس.

ب - تیشێرتی/فانیلە/ کورت.          کاشی لوس.          پێڵاوی پیس.

پ - جامانەی کورت.          بەرقاپی لوس.          خانووی پیس.

ت - شەرواڵی کورت.          کۆگای پیس.

## ٣/٢_٢) واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە فرێزی پێشناوییدا:

فرێزی پێشناویی، پرۆژەی پێشناوەکانە، لە پێشناوێک و فرێزێکی ناوی پێکدێت، واتا جێکەوتەو ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە دوای پێشناوێک، شوێنی فرێزێکی ناوییەو لە ( ٥ )دا شێوازبەند دەکرێت.

$p^{-}$ ——— $N^{-}$ + Preposition (٥)

[پێشناو (پریدیکات) + ( $^{-}_{+}$ئارگۆمێنت)]

پێشناو لە دروستەی فرێزی پێشناویدا سەرێکی حوکمکەرە، ئاراستەی حوکمکردنەکەیشی بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی دیکەوەیە، چونکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزێکی ناویی دەکات. (بروانە نموونە(٥٣)

٥٣. أ. بە چاو

ب. ئاکۆ نامەی بۆ هاوڕێکەی نارد.

هێڵکاری درەختی(٢٣) بۆ دروستەی (٥٣ ا)




هێڵکاریی (٢٣) (مەجید، ٢٠١٦، ١٨)

فرێزی پێشناویی، لەبەرئەوەی لە یەکێک لە جێکەوتەکانی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە، ڕۆڵی ئاوەڵکردارئاسا ببینێت.(مەعروف،٦٩،٢٠١٠) پێشناو لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا هەمیشە تەواوکەرێکی هەیە، واتە دروستەکە لەسەرەو تەواوکەر پێکدێت، بەوەش پێشناو بەبێ ئەو تەواوکەرە، کە فرێزێکی ناوییە، هیچ گۆکردنێکی نییە، لە ( ٥٤ )دا دروستەیەکی تەواوی فرێزی پێشناوی دیارە، لە (٥٤ ا، ب، پ)دا ڕێگەنەدان نادروستی بە تەنیا هاتنی پێشناو و تەواوکەرەکەی، ڕووندەبێتەوە، بڕوانە ( ٥٤ )

٥٤/ أ.فانیلەکەم لە ئازاد سەند. {سەند: کڕی}

ب. فانیلەکەم لە سەند.

پ. فانیلەکەم ئازاد سەند.

یاسای دروستەی فرێزی پێشناویی :

١. $P^- = N^- + P$ (لە سلێمانی)

٢.$P^- = D^- + P$ (لە پیاوەکە)

٣.$P^- = A^- + P$ (لە پیاوێکی زیرەک)

واتە دروستەی فرێزی پێشناویی، دروستەیەکی ناسادەیە، بەشەکانی وابەستەی یەکترین، نەبوون و قرتاندنی هەریەکێکیان، دروستەیەکی نادروست دێنێتەکایەوە، لەمەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندی پێشناو و تەواوکەرەکەی لە فرێزی پێشناوییدا، پەیوەندییەکی نەپچڕاو و لێکنەترازاوە. (مەعروف،٢٠١٠،٨٦).

هەرچەندە پێشناوەکان سەرەی ڕێزمانین(X)ن، بەوەش دەبێت جڵەو و حوکمی سینتاکسیی و واتاییشیان هەبێت، بەڵام وەک ئاماژەی بۆ کرا، پێشناوەکان حوکمکەری سینتاکسیین، بەڵام ڕکێفی واتایی لە ناو فڕیزە پێشناوییەکەدا بە دەست تەواوکەرەکەوەیە.

نموونەکانی خوارەوە ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە پێشناوەکان کۆتوبەندی واتاییان نییە، مەگەر لەڕێی تەواوکەرەکانیانەوە کۆتوبەندیان بۆ دابنرێت، ئەوەش وەک گوترا بەهۆی کەمیی ژمارەیانەوەیە. بڕوانە پڕۆژەکانی پێشناوی /لە/ لە نمونەکانی (٥٥) و پێشناوی /بە/ لە نمونەکانی (٥٦)دا (حسەین، ٢٠١١ ،١٣٨)

(٥٥)-/لە/ (ناو و شوێن و جێگا) من لە شار دەژیم. (ئاوەڵکرداری شوێن)

/لە/ (ناوی کەس) من لە ئازادم وەرگرت. (ئاوەڵکرداری سوودوەرگرتن)

/لە/ (ناوی کەرەستەی خاو) ماست لە شیر خاسەکرێت. (ئاوەڵکرداری سەرچاوە)

/لە/ (ناوی کات) من لە هاویندا سەفەردەکەم. (ئاوەڵکرداری کات)

(٥٦)-/بە/ (ناوی کات) بە منداڵی گەمەم بە بووکە شووشە دەکرد. (ئاوەڵکرداری کات)

/بە/ (ناوی شوێن) بە کەلار دا ڕۆیم. (ئاوەڵکرداری شوێن)

نمونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە هەژموونی واتایی لە فرێزی پێشناویدا، بە دەست ئارگۆمێنتەکانەوەیە، بۆیە پێشناوی /لە/ و/بە/ تەنها ئەرکی سینتاکسییان بەجێهێناوە، ئەوە تەواوکەرەکەیە واتای شوێن، کات، سەرچاوە،.... بەرجەستەدەکات و ناوەرۆکی واتایی تەواوکەرەکە دەچێتە سەرەوەی پرۆژەکان، بڕوانە هێڵکاریی (٢٣)، چونکە گەر سەرنجبدرێت لە کۆی نموونەکاندا پێشناوەکە (لە)یە . بەوەش پەیوەست بە ئارگۆمێنت و ئارگۆمێنت _ داواکەرەوە یاساکە بەپێی یاسای ژمارە (٧ ) دادەڕێژرێت، لە هێڵکاریی (٢٤)

(٧)- (پێشناو (پریدیکات) + ( +- (ئارگۆمێنت))




هێڵکاریی (٢٤)

ئەوەی لە بەکارهێنانی پێشناوەکاندا دەرکەوتووە ئەوەیە، کە یاساکە پێچەوانەبووەتەوە، وەک دەرکەوتووە پێشناوەکان پریدیکاتن، بەڵام بە هۆی کەمیی ژمارەیانەوە ئەوان ناگۆڕێن، واتا جێگیرن، بەڵکو ئەوەی گۆڕان دروستدەکات ئەو ئارگۆمێنتانەن، کە لە دوایانەوە دێن. وەک لە نمونەکاندا ڕوونبووەتەوە، گۆڕانی ئارگۆمێنتەکان بووەتە هۆی گۆڕانی واتایی. نموونەکان

پەیوەست بە واتای پێکهاتەیی فرێزە پێشناوییەکانەوە هێنرانەوە، ئەویش لەبەرئەوەی هیچ نموونەیەک بۆ بەرزکردنەوەی واتای فرێزی پێشناوی دەستنەکەوتوون.

## ٣-٣/٢) واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی فرێزی کرداریی:

ڕەگی کردار ($V^0$) دەبێتە دروستکەری پرۆژەی فرێزی کرداریی، وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی کرداریی گۆدەکات. (سەعید،٢٠١٥،٢٧)، چونکە ڕەگی کردار زانیاریی سینتاکسی و واتایی تێدایەو ڕەگی کردار بەبێ سەرە ئەرکییەکان توانای دەربڕینی واتای کردارەکەی هەیە، بۆیە سەرە ئەرکییەکان نابنە بنەمای واتاو گۆڕینی واتا، ڕەگ بەتەنها لە ڕابردوو و ڕانەبردووشدا واتاو ناوەڕۆکی ڕستەکەش دیاریدەکات. (مەعروف، قادر ٢٠١١، ٤٢٠)، بڕوانە( ٥٦ آ ب)

٥٦. أ. ڕۆیش/ ڕۆ بڕوانە هێڵکاریی (٢٥)

ب. نان خوار/ خۆ بڕوانە هێڵکاریی (٢٥)

بۆ ئەم پارەو دیاریکردنی دروستەی فرێزەکان، کردار، کە مەبەست لێی ڕەگە، بۆ دروستەی سینتاکسیی و پاشان واتایی تاقیدەکرێنەوە، دروستەکە بۆ دیاریکردنی هەیکەلی پەیوەندیی (X, Y) یە. ڕەگ سەرەی ڕێزمانیی فرێزی کردارییە، بۆیە جڵەوی سینتاکس و سیمانتیکی بە دەستەوەیە. بەڵام لێرەوە دەبێت لەڕووی دروستەییەوە کردارەکان جیابکەینەوە بە واتای ئەوەی ($V^0$)کە سەرەی فەرهەنگیی فرێزی کردارییە، کامەیە؟

نموونەکان بۆ کرداری فەرهەنگی $V^O$ بەپێی هەردوو یاسای پێش_ سینتاکسیی $V^O$ + [...] و $V^O$ + [Y] تاقیدەکرێتەوە، چونکە پەیوەندییەکە لە نێوان نواندنی واتایی کردارەکەو تەواوکەرەکەیدا لێکدەدرێتەوە. (محەمەد،٢٠٠٠، ٤٧) نواندنە سینتاکسییەکەی ئەو نواندنە فەرهەنگییە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت: بڕوانە هێڵکاریی (٢٥).




هێڵکاریی (٢٥)

وەک دواتر لە سیمانتیکی ڕستەدا ڕووندەکرێتەوە، کردارەکان لەم قۆناغەدا هاوشێوەی فرێزەکانی دیکە لەڕێگای پەیوەندییە دووانییەکانەوە سینتاکس و سیمانتیک دەنوێنن، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە کردارە فەرهەنگییەکە، جلەوی سینتاکسیی لە کردارە سینتاکسییەکە جیاواز دەبێت، کردارە سینتاکسییەکە ($V^-$) دەبێت، ($V^-$) کردارە سینتاکسییەکەی کردارە فەرهەنگییەکەیە، پاش ئەوەی هەڵاوێری سینتاکسیی و سیمانتیکیی جێبەجێدەبێت.

ڕەگی کردار لەزمانی کوردییدا لەدوو نواندنی جیاوازدا دەردەکەون، ئەوانیش پەیوەستە بە دروستەی کردارەکە پێش تاف، بەڵام نواندنەکانیان واتای جیاواز ناهێنێتەکایەوە، بڕوانە ( ٥٧.أ،ب ، پ)

| ڕەگ | ناوی کرداریی |
| --- | --- |
| ٥٧.أ- خۆ | خواردن |
| خوار | خواردن |
| ب. کر | کردن |
| کە | کردن |
| پ. گر | گرتن |

نواندنی ڕەگەکان لە (٥٧)دا، جگە لە ڕەفتاری دروستەیی جیاواز، واتای جیاوازیان نەهێناوەتەبەرهەم، مەگەر لە ئاستێکدا ببنە لێکسیمێکی سەربەخۆ.

ڕەگی کردارەکانی وەک (ترس، خەو) لەو ڕەگانەن، کە بوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، (سەعید، ٢٠١٥، ١٠١).وەک وترا لێکۆڵینەوەکە پێشنیازی کردووە، کرداری فەرهەنگی ($V^O$) ڕەگە، ڕەگیش لێکسیمێکی ناسەربەخۆیە.(مەعروف،٧٨،٢٠١٣) بۆیە نواندنی فرێزی کرداریی، دەستەواژەییەو بەتەنها بەکارنایەت و لەڕێی سەرە ئەرکییەکانەوە سەربەخۆ دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی واتاکە لەڕەگەکەدایە، بۆیە ڕەگەکە بە ویستی نیشانەکان تەواوکەر هەڵاوێردەکات، هەڵاوێرکردنی ئەم قۆناغەی کردار / ڕەگ پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی دەبێت.

گەر پەیوەست بە ڕوونکردنەوەکانی جەمسەری واتاییەوە، بڕوانینە فرێزی کرداریی، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەمیش واتاکەی سێ جەمسەرییە. بڕوانە هێڵکاریی (٢٦).




هێڵکاری (٢٦)

لەبەرئەوەی واتاو دروستەی فرێزە کردارییەکە بە ($V^O$)ەوە پەیوەستکرا، بۆیە سەرە واتاییەکە هاوشێوەی فرێزەکانی دیکە بە واتای فەرهەنگییەوە بەستراوەتەوە، هێڵکارییەکە لە کردارەکەوە واتای پێکهاتەیی خوارەوەی دروستەکە بەرجەستەدەکات، نموونەکان لەسەر ناوی کرداریی (خواردن) جێبەجێدەکرێن، کە ئەگەرچیی ناواخنی فرێزە کردارییەکە تەواوکەر(Y)و سەرێکە(X)، کەچی واتای ڕەگەکە چووەتە سەرەوەی هەرەمەکە، بەوەش واتای ڕەگەکە زاڵ دەبێت.

(نان، سێو، گۆشت) خوار واتای ڕەگەکە زاڵەو دەربارەی خواردنە.




هێڵکاری (٢٧)

له نێو ڕەگ و قەد و چاوگدا (ناوی کردار)ییدا ئەگەرچی تایبەتمەندێتیی دروستەیی و سینتاکسی جیاواز هەیە، بەڵام وا نابینرێت، کە جیاوازیی واتایی لەنێوانیاندا هەبێت، بڕوانە نموونەکانی (آ ،ب،پ٥٨)

٥٨ / آ.کوژ، کوشت، کوشتن

ب. پرس، پرسی، پرسین

پ. خەو، خەوت، خەوتن

بۆ نموونە، لەڕووی دروستەییەوە ڕەگ بەرکار هەڵدەبژێرێت، (دۆخی بەرکاری، accusative case)دەداتی. (مەعروف، ٢٠٢٠ ، ٦٧ – ٧٢) بەڵام قەدەکە، کە لە هەمان کاتدا فرێزی تافیشە، لە ڕووی دروستەییەوە، تافەکە (VP) هەڵدەبژێرێت و لەڕووی سینتاکسییەوە (دۆخی بکەری Nominative case )دەدات.

لە زمانی کوردییدا چونکە فرێزی کرداریی، ڕاناوی بکەری و بەرکاریی وەردەگرێت، لە ئاستی سەرەوەی ڕستەو دەرکەوتندا گرنگییەکی زیاتری هەیە وەک لە فرێزەکانی تر، چونکە دەکرێت فرێزەکانی تر لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەون، بەلام لەزمانی کوردییدا ڕستە بەبێ دەرکەوتنی ئەم فرێزە هەرگیز دروستنابێت. ( عەلی، ٢٠٢٠ ،٥٦) بشڕوانە (سەعید.٢٠١٥،٢٨).

نموونەو بەڵگەکان و هێڵکاریی (٢٨)یش بۆ نیشاندانی واتای پێکهاتەیی دروستەی فرێزەکە بوو، بەڵام پێشبینییدەکرێت لە ناواخنی کردارە فەرهەنگییەکەدا واتای ناپێکهاتەیی هەبێت. بەوەش وەک چۆن واتای پێکهاتەیی کردارەکە دەچێتە سەرەوەی پرۆژەکە، هەر ئاواش واتای ناپێکهاتەیی کردارەک حوکمی کۆی پرۆژەکە دەکات. گریمانەکان لەوبارەیەوە بەو جۆرە دەبن، کە: (ا) کردارەکە هەر لە فەرهەنگەوە واتای ناپێکهاتەیی تێدایە، (ب) لە سەرەوەی پرۆژەکاندا واتا ($V^-$) واتای ناپێکهاتەیی بەرهەمدەهێنێت. بۆچوونەکان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن، کە واتای ناپێکهاتەیی فرێزە کردارییەکە بەرەو سەرەوە، کە جەمسەری بە لێکسیمبوونێتی بۆ ئیدیۆم، واتای ناپێکهاتەیی بەرهەمبهێنرێت، چونکە لە بەلێکسیمبووندا نەک تەنها، واتا بەڵکو پۆلەڕەگەزی فرێزەکەش بۆ ئاوەڵناو دەگۆڕێت، بڕوانە (٥٩)و هێڵکاریی (٢٨) لەگەڵ هێڵکاریی (٢٧) بەراورد بکە.

(٥٩







هێڵکاریی (٢٨)

# بەشی سێیەم

# نواندنی واتایی لە ڕستەدا

## ١/٣) واتای ڕسته بەپێی سیمانتیکیی لێکدەرەوەیی:

پاش ئەوەی لە بەشی یەکەمدا بنەماو هەنگاوەکان بۆ گەیشتن بە لێکدانەوەی واتایی خرانەڕوو، لەم بەشەدا هەنگاوەکانی تیۆری سیمانتیکیی لێکدەرەوەیی بەسەر ڕستەی زمانی کوردییدا جێبەجێدەکرێن. وەک چۆن تیۆرییەکە گریمانەو هەنگاوەکانی لێکدانەوەی واتایی ناوە، لە پارەکانی ئەم بەشەشدا بەو چەشنە نواندنەکان دەخرێنەڕوو. ئەویش بەوپێیەی لە سەرەتای گریمانەکەدا باکگراوندی واتای ڕستە تەنها دروستەی قووڵ بوو، ڕووکەشیش بۆ نواندنی سینتاکسیی بوو، بە جۆرێک نەدەبوو واتا لە دروستەی ڕووکەشدا گۆڕانی بەسەردا بهاتایە، بەڵام ڤێرژنێکی دیکەی تیۆرەکە بانگەشە بوو بۆ هەبوون و لێکدانەوەی هەندێک واتا لە دروستەی ڕووکەشدا، بەوەش نواندنی واتایی بە پێی هێڵکاریی و نواندنی (٢٩) دەبێت.




هێڵکاریی (٢٩).

## ١-١/٣) نواندنی واتایی لە دروستەی قووڵدا:

دروستەی قووڵ دارشتەی واتایی ڕستەیە، بەوەش لێکدانەوەی واتایی ڕستە دیاریدەکات، پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ فەرهەنگدا هەیە، واتا هەنگاوی دوای فەرهەنگەو نەگەیشتووە بە دروستەیەکی سینتاکسیی. وەک لە هێڵکاریی ( ٣٠)خراوەتەڕوو:

فەرهەنگ

↓

دروستەی قووڵ

↓

یاساکانی گوێزانەوە

↓

دروستەی ڕووکەش

هێڵکاریی (٣٠)

دەبێت ئەوە بزانرێت، کە واتای دروستەی قووڵ بە ڕەگی کردارەکانەوە پەیوەستە، بۆیە نواندنی فەرهەنگیی کردارەکان و نیشانەی ئەو وشەو فرێزانەی بۆ بونیاتنانی دروستەی قووڵ هەڵدەبژێرێن، پێویستە لەڕوویەکی ترەوە ئاماژە بەوە بدەین، کە هەریەکە لەو تیۆری سیمانتیکییانەی بۆ لیکدانەوەو بەرهەمهێنانی واتابوون، فەرهەنگیان کردووەتە بنەمای داڕشتنی واتا لە سینتاکسدا بۆیە هەنگاوەکانی ئەم پارە لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاکس دەستپێدەکریت، کە ئەمەش پەیکاڵی ئەو هەنگاوانەیە، کە لێکدانەوەی سیمانتیکیی و سیمانتیکی بەرهەمهێنان پەیەویانکردووە. وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەپێدرا لە (١/١) فەرهەنگ کۆی زانیارییە زمانییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و سیمانتیکەوە لەخۆدەگرێت. ئەوانەش لەناو کەرەستەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون. .(مەعروف، ٢٠٢٠ ، ٧) ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا گرنگە، زانیارییە واتاییەکانن لە کەرەستە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون دەبنە تێکردە بۆ دروستەی واتایی ئاستی قووڵ، بۆیە دەبێت ئەو زانیارییە واتاییانە دەستنیشانبکرێت، کە لە فەرهەنگدا لە توخمە داواکەرو توخمە داواکراوەکاندا گەنجکراون، چونکە دروستەی قووڵ وەک ئاستێکی سیمانتیکی، داڕێژەری واتای ڕستەیە. دروستەی قووڵ یەکێکە لە ئاستەکانی فەرهەنگ، کە ئاستی ڕێزمانیی نادیاری هەیە، ئاستی قووڵ داڕشتەی نواندنێکی ڕاستەوخۆی گۆکردنە ڕێزمانییەکانە .(مەعروف ،٢٠٠٩، ٦).

وەک پێشتر ئاماژەپێدرا ڕەگ کرداری فەرهەنگییەو ڕەگ جڵەوی سینتاکسیی و واتایی تێدایە. (سەعید،٢٠٢٠ ، ١٥٢).مۆرفیمەکانی تر کار لە واتاو ناوەڕۆکی واتایی ناکەن، بەڵام نموونەکانی ئەم پارە بۆ خستنەڕووی نواندنی سینتاکسییە، ئەویش بۆ سەربەخۆیی بەکارهێنانیانە. بڕوانە نموونەی (٦٠) .

٦٠. أ.من هەنارەکانم خوار د

ب. من هەنارەکانم نار د

پ. من هەنارەکانم بر د

ت. من هەنارەکانم فرۆش ت

ج. من هەنارەکانم کڕ ی

لە نموونەکانی (٦٠) دا کرۆکی واتایی کردارەکان ڕوونکراوەنەتەوە، بەجۆرێک کە مۆرفیمە نیشانە نەکراوەکە /د، ت ،ی/ بۆ تافە، بەوەش بەهای واتایی ڕەگەکە ڕوونتردەبێتەوە. بۆ نموونە بڕوانە پرادیگمای گۆڕینی ڕەگ لە نموونەکانی (٦١آ،ب،پ،ت)دا.

٦١)آ. پیاوەکە کەپرەکەی خاسکرد. /خاسکرد = چاککرد/

ب. پیاوەکە لەحەن ماڵەکە کەپرەکەی خاسکرد. /لەحەن = لەتەنیشت/

پ. منداڵەکە یەک حەمکە هەناری خوارد. /حەمکە = زۆر/

وەک لە بەشی یەکەمدا (١/١) ئاماژەپێدرا وشەکانی ناو فەرهەنگ جگە لە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی،زانیاریی واتاییان تێدا گەنجکراوە، هەر بەو زانیارییانەشەوە بۆ پێکهاتەی ڕێزمان دەخرێنەکار .

لە خستنەکاری کردارەکان پەیوەست بەو زانیارییانەی لە خۆیدا پەیوەست بە سینتاکس واتا هەڵیانگرتووە. (مستەفا ، ٢٠٢٠ ، ١٥٢) دروستەی قووڵ بەرهەمدەهێنێت، بڕوانە نواندنی زانیارییە واتاییەکانی کرداری (خواردن ) لە هێڵکاریی(٣١)دا .

فەرهەنگ ← دروستەی قووڵ ← دروستەی ڕووکەش

خواردن ← من سێو خواردن ← أ. من سێو خواردم. / ب. من سێوم خوارد.

هێڵكاریی (٣١)

بەوەش کردارەکە ویستە فەرهەنگییەکەی جێبەجێدەکات.(سەرچاوەی پێشوو، ١٦٢)و نیشانە واتاییەکانی داواکراوەکانی پەیکاڵی ویستە فەرهەنگییە واتاییەکانی ڕەگی کردارەکان دەبێت، بۆیە پەیوەست بە هێڵكاریی (٣١) بڕوانە هاوکێشەی (١).

١/ فرێز ← داواکراوی واتایی
فرێز ← داواکراوی واتایی
کردار ← داواکەری واتایی

وەک ئاماژەی بۆ کرا، لەناو فەرهەنگدا بۆ هەر توخمێک دەروازەی زانیاریی (فەرهەنگیی)هەیە (دزەیی،٢٠١٣، ٤٣) یەکێک لەو دەروازانە، واتای توخمەکانە، کە بۆ دیاریکردنی واتای ڕستە دەهێنرێنە دروستەی قووڵەوە. دروستەکە لە دوای دانان و دامەزراندنی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دێت. (seteinberg,1999,72).گریمانەی داڕشتەی دروستەی قووڵ وایدادەنێت، کە داواکەرەکەی ناو دروستەکە کردارەکانن، کردارەکان بونیاتنەری دروستەی قووڵن بەپێی نیشانە واتاییەکان داواکراوەکان هەڵاوێردەکەن، بۆیە کردار بەرهەمهێنەری واتایە لە دروستەی قووڵدا. لە فەرهەنگدا توخمە فەرهەنگییەکان هەن بە داواکەرو داواکراوەوە، لە دروستەی قووڵدا ڕیزدەکرێت بەپێی بوونی پێویستیی دروستەیی و هەڵاوێری واتایی نێوان داواکەرو داواکراو ، لە (٦٢)دا کرداری /خواردن/ و /شکاندن/ بەپێی کۆتوبەندی واتاییان جڵەوی پۆلەڕەگەزی [+ خۆراک]

و [+شتێک، کە بشکێت] دەگرن، پاشان تەواوکەری دووەم، کە بتوانێت کارای ئەو دوو کردارە بێت، بەوەش بونیادی دروستەکە بە کردارێک و دوو تەواوکەر بە نیشانەی واتایی ڕێگەپێدراوەو دەبێت. بڕوانە(٦٢)







دروستەی بەرهەمهێنانی واتای ڕستە، لە کەرەستەکانی /شکاندن، خواردن)/ بوونی هەیە، کە دەچنە ئاستی ڕووکەش گۆڕانە سینتاکسیەکان ڕوودەدەن. (حسەین،٢٠٢١،١٣-٢٣) دروستەی قووڵ لەو ڕوانگەیەوە خراوەتەڕوو، کە سەرچاوەی وەرگرتنی کەرەستەی دروستەی ڕستەیەک ئاماژەی پێبدرێت، کە لەو ئاستەدا پەیوەندییەکان واتایین و نواندنێکی تەختیان(Flat represention) هەیە، هەڵاوێری واتاییانەی بکەرەکان و پێکهاتەی واتایی/دروستەی قووڵ بەرهەمدێنێت.(مەعروف ،٢٠٢٠ ، ٧٢)، کە ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت سینتاکس لە قۆناغی ڕووکەشدا، کە قۆناغی خستنەڕوو و نواندنە، پێکەوەبەستنی سەرەو تەواوکەرو پێکەوەبەستنی پێکهاتەکان ئەنجامدەدات، لەوەشدا هەر زمانەو یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە.

گواستنەوەی کەرەستە زمانییەکان لە فەرهەنگەوە بۆ ئاستی قووڵ و پاشان بۆ ئاستی رووکەش بە زانیارییە واتاییەکانەوە هێڵێکی بەردەوام و نەپچڕاوی نێوان ئاستی قووڵ و ئاستی ڕووکەشە. لە ئاستی قووڵدا هەموو پەیوەندییە واتاییەکان دەردەخات و لە ئاستی ڕووکەشدا پەیوەندییە واتاییەکان دەگۆڕێت  بە نواندنێک بە زانیارییە واتاییەکانەوە دەبێتە پردێکی نێوان نواندنی فۆنەتیکی و نواندنی لۆژیکی. (قادر ،٢٠١٥، ٢٥ )، بشڕوانە (Crystal,2003,125) زۆرینەی بەڵگە لۆجیکی و ئەزموونییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە تەواوی زمانە سروشتییەکانی مرۆڤ لە بنەڕەتدا یەک بنەما  پەیڕەودەکەن لە دروستەی هەموویاندا گشت یاساکان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی قووڵ وەکویەکن. (حسەین،٢٠٠٩، ٢٣)، بەڵام سەرباری  ئەوەش زمانی کوردیی وەک (S O V) پێشبینیی ئەوەی لێدەکرێت توخمەکانی لەگەڵ کردارەکاندا بۆ نواندنێکی تری دروستەی قووڵ قۆناغێکی پێش ڕووکەشی هەبێت، ئەمەو دواتریش لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا دەردەکەوێت، کە ئارگومێنت داواکەری سینتاکسیی نوێیە، هەڵاوێرکردنی نوێی دەبێت (بڕوانە پاری دووەم) بۆ نواندنی بیرۆکەکە بڕوانە هێڵکاریی ( ٣٢).

فەرهەنگ ⟵ (من ، سێو ، خواردن)

↓

ئا.قووڵ ⟵ (من سێو خواردم)

↓

ئا.قووڵ ⟵ (من ، (سێو ، خواردم)

↓

ئا. ڕووکەش ⟵ ( من سێوم خوارد.)

هێڵکاریی (٣٢)

لە ئاستی قووڵی دووەمدا، / خواردن / پەیوەندییە واتاییەکانی زیاددەکات، دەبینین تایبەتمەندی /سوێند خواردن/ جیاوازە لە /سێو خواردن/ لەم ئاستی قووڵە، کە ئاستی قووڵی دووەمە داواکارو داواکراوەکان بەپێی تایبەتمەندیی هەردوو کردارەکە پێکهاتەکانی زیاددەکات، وەک لە هێڵکاریی (٣٢)  خراوەتەڕوو.

## ١/٣- ٢) نواندنی واتایی له دروستەی ڕووکەشدا:

### ١/٣- ٢-١) واتا له دروستەی ڕووکەش_ڕستەدا:

ڕسته دوا نواندنی سینتاکسیی زمانەو بەرهەمی پڕۆژەسازدانی فراوانکراوە، له پڕۆژەسازداندا فریزەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕسته دروستدەکرێن، پاشان لەڕێی هێنانی بکەرەوە پڕۆژەکە بۆ ڕسته فراواندەکرێت. واته ڕسته هەمان نواندنی واتایی و دروستەیی قووڵە پەیوەست بە واتاوە، ڕاستەو پەیوەست بە دروستەشەوە دروسته. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانه ( سەعید، ٢٠٢٠)،و ( باتنی ،١٩٩٣، ١١٤) دروستەی ڕووکەش له قۆناغی یەکەمی سیمانتیکی لێکدەرەوەییدا تەنیا نواندنە سینتاکسییەکەی دروستەی قووڵە، کە تێیدا دروستەو ئەرکە سینتاکسییەکان جێبەجێدەبن، بەوەش نواندنی واتایی ناکەوێتە ئەم ئاستی نواندنە، دروستەی ڕووکەش نواندنێکی سینتاکسی دروستەی قووڵە. (مەعروف،٢٠٢٠،٢١) نموونەکانی پاری پێشتر بەسن بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە واتای ڕووکەشی ڕستەیەک لەگەڵ قووڵەکە پەیکاڵی یەکن، بەو جۆرەی له هێڵکاریی (٣٣)دا نوێنراوە، قووڵ بۆ واتایەو ڕووکەشیش بۆ سینتاکس.




هێڵکاریی (٣٣)

بەڵام بەهۆی ئەو ڕەخنانەی له ئاستی نواندنی واتایی له قووڵدا گیران، واتا جگه له فەرهەنگ، کە زانیارییە واتاییەکانی تێداهەڵگیراون، چووە نواندنی دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشیش، بۆ نیشاندانی گۆڕانی نواندنەکە بڕوانه هێڵکاریی ( ٣٣ ).

## ١/٣- ٢-٢) واتا لە دروستەی ڕووکەش_مۆرفۆسینتاکسدا:

مۆرفۆسینتاکس بەرهەمی پەیوەندی و تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە. کەرەستەی ئەم پێکهاتەیەش مۆرفیمە وشەگۆڕەکان و نوسەکەکان دەیاننوێنن، کە پەیوەندیی ڕێزمانیی نێوان کەرەستەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و فرێزو ڕستە ڕێکدەخەن و بەشداری لە پێکهاتنی دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەکەن. (برزۆ،٢٠٢٠، ١٥٨). مۆرفۆسینتاکس بریتییە لەو پرۆسانەی زمان، کە نواندنی تایبەتێتیی سینتاکسیی لەڕێی کەرەستەی مۆرفۆلۆژییەوە دێنێتەکایەوە، واتە لەڕێگەی بوونی مۆرفیمی بەندی وەکو کلیتیکەوە. (Bussman:1996,316)، بشڕوانە (قادر ،١٨،٢٠٠٣)، مۆرفیمە بەندەکان (جگە لە گیرەکی وشەداڕێژ) بەشداری لە داڕشتنی دروستە مۆرفۆسینتاکسیەکان دەکەن، چونکە گیرەکە ڕێزمانی و نوسەکەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا مۆرفیمن، بەلام ئەرکی سینتاکسیان هەیە، بۆ ڕێکخستن و نواندنی دروستەی سینتاکسیی لە ڕێگەی ئەو مۆرفیم و وشانەی، کە ئەم جۆرە کەرەستانە لێکیاندەدەن و پرۆسەو سیستەمی یاسا ڕێزمانییەکان ڕێکدەخەن. (محی الدین، ٢٠٠٨ ،٩٦). بشڕوانە (محمد و قادر ،١٢٥،٢٠١٠). "دروستەی مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسەو بەشێکە لە مۆرفۆلۆژیی کرداری سینتاکسیی، بەوپێیەی بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات. (سەعید،٢٠٢٠ ،٢٥٥).

"مۆرفۆسینتاکس نواندنی کەتیگۆرییە سینتاکسیەکانی ڕستەیە بە مۆرفیم، ئەوا بۆچوونەکە ئەو مەرجە دەسەپێنێت، کە دەبێت لە بری هەر کەتیگۆرییەکی دەرنەبڕراو، مۆرفێمێک لە جیگەی دابنرێت/ کۆپییبکرێت، پەیوەست بەمەوە، بەوپێیەی ڕەگی کردار $V^{O}$ سەری ڕێزمانیی حوکمکەرەو لە سینتاکسدا هەلاوێرکردنی سیمانتیکیی و پۆلەڕەگەزیی بۆ تەواوکەرەکەی دەکات، بوون و هێشتنەوەی لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا خورتییە. لەو ڕوانگەشەوە، کە ڕەگ $V^{O}$ هەڵگری واتای سیمانتیکیی کردارە، وەک توخمێکی فەرهەنگیی، جڵەوی هەردوو پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەو مۆرفۆسینتاکسیشی گرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی $V^{O}$ بەتەنها پرۆژەسازدەری ڕستە نییە، بۆیە نەک ڕەگ، تەنانەت فرێزی کرداریی بێتاف VP یش، کە پرۆژەی ڕەگە، بە تەنها ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو بۆ TP، گۆکردنی تەواوکەرێکی سینتاکسیی دەبێت، کەواتە TPیش لەناو مۆرفۆسینتاکسییەکەدا، هاوشێوەی پرۆژەی سینتاکس، فرێزێکی هەبووەو ڕوودەداتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیە، هەرچیی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکانی بکەرو بەرکارە، پاش کۆپییکردن و جوڵاندنیان، بە فرێزی تافەوە دەلکێنرێن، نەک بە فرێزی کردارییەوە، بەوەش مۆرفۆسینتاکس

نواندنێکی سینتاکسییە لە ئاستی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا بەرهەمدێت، چونکە ڕێککەوتن، کە سەرێکی ئەرکییە، بونیاتیدەنێت. (سەعید، ٢٠٢٠،٢٥٧-٢٥٨)، مۆرفێمی تاف لە فەرهەنگدا فۆڕمی بۆ داڕێژراوەو لە سینتاکسدا بۆ ڕێژەو بۆ تافاکانی تر مارکەی لێدەدرێت.(مەعروف ،٢٠١٣،٢٥) نەک بەفرێزی کردارییەوە، بەوەش مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی سینتاکسییە لە ئاستی فراوانکراودا بەرهەمدێت، چونکە ڕێککەوتن، کە سەرێکی ئەرکییە بونیاتی دەبێت .

٦٣. ئەوان وانەکە/ دەرسەکەیان خوێند. ⟵ خوێندیان ∅

مۆرفۆسینتاکس خاوەنی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی و دروستەیەکی سینتاکسییە ، (حمەرەحیم ،٢٠٠٣، ٤٢) مۆرفۆسینتاکس ڕووبەڕووبوونەوەیەکە لەنێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا ڕوودەدات، لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە کۆمەڵێ کەتیگۆری هەردوو سیماکە هەڵدەگرن و گەلێک بۆشایی و کەلێن لە ئاستی ڕێزمانی زمانەکە پڕدەکەنەوە. (ڕەشید ،٢٠٠٩، ٤٢)

دروستەی مۆرفۆسینتاکس بەوە پێناسە دەکرێت، کە نواندنێکیی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسەو بەشێکە لە مۆرفۆلۆژیی کرداریی سینتاکسیی.(سەعید،٢٠٢٠،٢٥٥). دروستەی مۆرفۆسینتاکس بچوککردنەوەی فۆنەتیکیی و شکڵیی دروستکانی ڕستەن.(Estaj,2005,14) و بەرهەمی دروستەی ڕووکەشە(surface structure)، (برزۆ ، ٢٠٢٠،١٠٣). هەر لە پێناسەکەوە بۆمان دەردەکەوێت دروستەی مۆرفۆسینتاکس ئەگەرچیی ڕەهەندێکی دروستەیی / فۆرمی هەیە، بەڵام واتاو لێکدانەوە واتاییەکەی لە ڕستەوە وەردەگیرێت، چونکە پەیکاڵ بە سینتاکس، مۆرفۆسینتاکسیش دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بە مۆرفێم دەنوێنێت، دەبێت داواکراوو داواکەریش تێیدا بەهەمان نیشانەی ڕیزمانیی و واتاییەوە هەبن، بەوەش دروستەکەی، پەیکاڵی دروستە ڕووکەشە گشتی و قووڵەکە نابێت، چونکە لە ڕووی واتاوە پێشبینیی واتای جیاوازی لێدەکرێت بڕوانە شیکردنەوەی خوارەوە لە نموونەکانی(٦٤-آ،ب،پ)و هێڵکاریی(٣٤).

٦٤) أ. شتم ∅

من کەلوپەلەکان/جلەکانم شت.

من حەوشەکەم شت.

من بەتانییەکەم شت.










هێڵکاریی(٣٤)

لەبەرئەوەی نموونەی (٦٤أ،ب) هەمان کردار بەشداری لە دروستە قووڵەکەی کردووە، واتە مەزەندەکرا کە دروستەی مۆرفۆسینتاکس دروستەیەکی سەرپشکییانە لە هەناوی دروستەی ڕووکەشە، گشتییەکە هاتووەتەدەرەوە، ئاخێوەری زمان وەک بژاردەیەک بۆ ئابووریکردن

بەکاریدەهێنێت، نەک مۆدێلێکی سەربەخۆ بێت، بۆیە واتاکەی هاوشێوەی دروستەکەی لە دروستە ڕووکەشە گشتییەکە وەردەگیرێت، بەوەش هەردووکیان دەبنە وەچەی یەک دروستەی قووڵ بەجۆرێک دانەیەکیان خورتییە، کە سینتاکسە، دانەیەکیان کە سەرپشکییە، مۆرفۆسینتاکسە، بە لێکدانەوەی واتای دروستە مۆرفۆسینتاکسیەکە لە لێکدانەوەی جیاوازی دروستەی ڕووکەشدا خۆی دەبینێتەوە، کەواتە لە مۆرفۆسینتاکسدا، گۆڕانی واتاو لێکدانەوەی سیمانتیکی جیاواز،تەنیا بە جیاوازی ئارگۆمێنتە ناوەکییەکەی بەرکارەوە بەندە، بە پێچەوانەوە کردار جێگیرەو لە هەردوو دروستەی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا پارێزگاریی لە واتافرەهەنگییەکەی دروستەی قووڵ دەکات، چونکە بۆنموونە وەک لە (٦٥)دا دەخرێتەڕوو، فۆڕمێکی مۆرفۆسینتاکسیی دەکرێت نواندنێکی مۆرفیمییانەی پیڕێک لە ڕستەو دروستەی ڕووکەش بێت، ئەوەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە، کە لێکدانەوەی واتای مۆرفۆسینتاکس بە باکگراوندە سینتاکسییەکەیە. (٦٥)



## ٢-١/٣) واتا پێشنیازکراوەکانی ناو دروستەی ڕووکەش:

ڕوانگەی جیاکردنەوەی واتای دروستەی قووڵ و واتای دروستەی ڕووکەش بۆ قۆناغی تیۆری ستانداردیی فراوانکراو دەگەڕێتەوە، ئەویش پاش ئەو ڕەخنانە دێت، کە لە نواندنی واتا لە دروستەی قووڵ گیران، پرسیارەکە لێرەدا ئەوە دەبێت کە ئایا واتای دروستەی ڕووکەش لە کام توخمانەوە دێت؟ چونکە لە واتای دروستەی قووڵدا، توخمی کردار، دەبێتە بنەمای نواندنی واتای ڕستەیە، بۆیە دەبێت لێرەوە واتاکانی ئاستی نواندنی دروستەی ڕووکەش ڕوونبکرێتەوە، نمونەکانی پێشوو پەیوەست بە نواندنی واتا لە دروستەی ڕووکەشدا ئەوەی دەرخست کە ڕستە وەک نواندنێکی سینتاکسیی لە ڕووکەشدا دەردەکەوێت و بنەچەی پەرتپەرتکردنی واتایی دروستەکە لە قووڵدا بنیاتدەنرێت، واتا کردار و داواکراوەکانی، واتاکان دروستدەکات.



هێڵکاریی(٣٥)

لەسەر ئەو بنەمایە پێشبینییەکان بۆ واتای ناو دروستەی ڕووکەش گریمانەدەکرێت بەجۆرێک واتای دروستەکە لەسەر بنەمای دیکە جگە لە دروستەی قووڵ دابڕێژرێت. ئەم ئاستە بریتییە لە بەرهەمە دەرچووەکان/ دەرکردە out put یان کەرەستەو بەرهەمی یاسا گشتییەکە.(مەحویی،٢٦،٢٠٠١). لێرەوە نواندنە واتاییەکانی دروستەی ڕووکەش بەپێی ئەو پێشنیازەی بۆ واتا لەو دروستەیە کراوە دەخرێنەڕوو، بۆیە لێکۆڵینەوەکە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەکەوێت، کە ئایا کام نواندنەی دروستە ڕووکەشەکە واتای ئاستەکەی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی فۆڕمە جیاوازەکانی دروستەی ڕستەو باسمەندو مۆرفۆسینتاکس لە ڕووی دروستەو توخمەوە هەمان پێکهاتەن، بۆیە واتاکە لەو نواندنانەدا تاقیدەکرێنەوە. بڕوانە هێڵکاریی (٣٦)




هێڵکاریی( ٣٦)

هێڵکاری (٣٦) ئەوە دەردەبڕێت، کە دروستەی ڕووکەش لەبەردەم ئاخێوەری زمانی کوردییدا فرە نواندن و فرە دەربڕین بێت، تا ئەو سنورەی ڕێزمان ڕێگەیپێدەدات، دەتوانرێت لە فۆڕمی تردا دەرببڕێت، بۆیە بەپێی هێڵکارییەکە باسمەندو دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکە وەک نموونەی نواندنی سەرپشکییانەی دروستەی ڕووکەش لێکدەدرێنەوە، بەجۆرێک ئاخێوەر سەرپشکییانە دەتوانێت بۆ دەربڕینی زانیارییەکان، یان بۆ دەربڕینی واتا بەکاریانبهێنێت، هەرچەندە هێڵکارییەکە خودی دروستەی ڕووکەشی کردووە بە یەکێک لە نواندنە سەرپشکییەکان، بەلام ئەو دروستەیە بۆ گشت ئاخێوەری زمانی کوردی بە دروستەیەکی گشتی لێکدەدرێتەوە. بڕوانە ڕوونکردنەوەکانی(١، ٢، ٣، ٤)

١- دروستەی قووڵ　　　من هەنار خواردن　　　گشتی.
٢ـ دروستەی ڕووکەش　　　من هەنارەکانم خوارد　　　گشتی.
٣ـ دروستەی ڕووکەش　خواردمن .　　　مۆرفۆسینتاکس/ تایبەتی/ تاکلایەنانە.
٤-دروستەی ڕووکەش　هەنارەکان من خواردمن.　باسمەند/ تایبەتی / تاکلایەنانە.
(چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر عەبدلجەبار مستەفا مەعروف ،٢٠٢٢/٢/٩)

دروستە ڕووکەشەکانی (٤،٣)بەنواندنی تاکلایەنانە هەژماردەکرێن، ئەوەش لەبەرئەوەی بژاردەیەکن لەبەردەم ئاخێوەری زمانی کوردییدا تا ئەو واتایە بنوێنێت، کە لەدروستەی قووڵدا هەیەو ئەو مەبەستەش دەردەبڕێت، کە خۆی دەیەوێت.

## ١/٣-٢-١) دروستەی ڕستەی باسمەند:

لە (قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە)دا چەمکی (باسمەند) بە نیشانەیەکی سینتاکسی گواستنەوە دادەنرێت و زیاتر دروستەی پێشخستنی سینتاکسیی دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی سەرپشکییانە، کە خۆی لە بەسەر تۆپیککردنی ( هێنانەپێشەوە)ی کەرەستەیەک، یان ئاماژەپێکراوێکدا دەبینێتەوە، لەڕاستیدا زاراوەی (topicalization) لەلایەن چەندین زمانەوانەوە بەکارهاتووەو هەریەکەیان پێناسینی جیاوازیان پێبەخشیوە. پرۆسەی باسمەند، بەسەرتۆپکردن (هێنانە پێشەوە)ی کەرەستەیەکە بۆ سەرەتای ڕستە. (عەبدوڵا،٢٠١٣ ،٦١) لە ڕستەی باسمەندییدا کە بریتییە لە جوڵاندنی ئارگۆمێنت (ئەو فریزانە دەگرێتەوە، کە لە دروستەی بنەڕەتییدان و بوونیان لەڕستەدا خورتییە)و نائارگۆمێنتەکان (ئەو فریزانە دەگرێتەوە، کە نابنەڕەتیین و بێ دۆخن) بۆئەوەی لەڕووی واتاو مەبەستەوە لەلای قسەکەر تیشکیبخرێتە سەر، ئەوە دەردەکەوێت. ڕستەی باسمەندیی پەیکاڵی گواستنەوە شاراوەکەی زمانی کوردییە، ئەویش لەبەرئەوەی (أ)بۆ لای ڕاستە (ب) لە ڕێگەی تۆخمی ڕێککەتنەوە جێی بۆ خۆش دەکرێت، ئەگەرچیی ڕستەی باسمەندیی سەرپشکییە، واتە بۆ واتایە، بەڵام سینتاکس ڕێگەدانەکەی بۆ دروستدەکات.(قادر،٢٠١٥ ،٦٥). لە ڕووی سینتاکسەوە و بۆ جێبەجێکردنی مەرجە سینتاکسییەکە، سەبارەت بە دۆخی کەرەستە هێنراوەپێشەکە هەمان دۆخی ڕێزمانییان هەیە، بەڵام ((هەر گواستنەوەیەک لە جێکەوتەی چەسپاوی ئارگۆمێنتەکانی کرداردا ڕوودەدات ، ئەوا بە پرۆسەی هاونیشانەکردن چارەسەردەکرێت)) (مەعروف،٢٠٠٩ ، ١٢٨).

"ئەم جۆرە گواستنەوەیە جووڵەیەکی سەرەکی و دەربڕینی ڕووکەشی گۆکردنی ئاماژەو نیشانەکانی ڕیزبوونێکی تایبەتی وشەو پێکهاتەکانی ڕستەیە، سەرەتاکانی شیکاری پرۆسەی باسمەند ساکاربوون و لوتکەی دۆزینەوەکانیان بۆ پرۆسەکە خۆی لەوەدا دەبینییەتەوە" (قادر، ٢٠٠٨، ٦٩"، کە "پرۆسەیەکە پێویستی بە گواستنەوەی پێکهاتەیەکە بۆ سەرەتای ڕستە"، (Jacobsen, 1986,230) لە (قادر،٢٠٠٨،٦٩) وەرگیراوە. ئەم سەرەتایەش لەلایەن چۆمسکییەوە وەرگیراوە و گەشەپێدراوەو خراوەتە چوارچێوەی یاسایەکی سینتاکسیی تایبەتەوەو دواتریش بە یاسایەکی سینتاکسی تر ئەزموونبەندکراوە، کە لە یاسای (٨) دا خراوەتەڕوو:

یاسای (٨)

$a.S^{=} \longrightarrow TOP\ S^{-}$

$b.S^{-} \longrightarrow COMP\ (S^{=}\ S^{-})$

یاسای (٩) لە داری زمانی ( آ )دا خراوەتەڕوو.




لەم داری زمانییەدا گرێی (comp)ی زمانی کوردی بەتاڵە، لەبەرئەوەی ئەم دوو کەرەستەیە کەرەستەی ڕستەی ناسادەن، بۆیە لەڕستەی ناسادەدا نییە، بەڵام وەک جێکەوتەیەکی ئەبستراکت لە داری زمانی (ب)دا سەیردەکرێت و داشنراوەتەوە هەروەک چۆن لە زمانی ئینگلیزیدا جێکەوتەی (comp) شوێنی (That , WH)و بە یاسای قرتاندن لە یاساکەدا لادەبرێت.

## ٢-٢-١/٣ دروستەی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی:

"ئەوەی لە دروستەی ترۆپکدا ڕوودەدات، بەرهەمهێنانی دروستەیەکی سینتاکسییە بە هێنانەپێشەوەی پێکهاتەیەک پەیوەست بە یاسای هەڵواسینەوە Adjunction." (سەعید،٢٠٢٠، ٢٩٠). "ئەم جۆرە گواستنەوەیە جوڵەیەکی سەرەکیی و دەربڕینی ڕووکەشی گۆکردنی ئاماژەو

نیشانەکانی ڕیزبونێکی  تایبەتی وشەو پێکهاتەکانی ڕستەیە". (قادر،٢٠٠٨ ،٦٩)، "هەربۆیە ترۆپک لێکەوتەی یاسایەکی جوڵاندنە بەپێی زانیاریی ئاخێوەری زمانی کوردیی، ئەویش ئەو زانیارییە دەگرێتەوە، کە ئاخێوەر لە سینتاکسیی زامانیی کوردییەوە هەڵیهێنجاوە. (سەعید،٢٠٢٠ ،٢٩٠). ئەگەر زانیاریی ترۆپک، زانیارییەکی تایبەتیی سەرپشکییانەی ئاخێوەر بێت، ئەوا دەبێت پرنسیپێکی گشتیی هەبێت، کە پێڕەوەی بەکارهێنانی ڕێسا سینتاکسییەکە بگرێتەوە، پرنسیپەکەش بکرێتە پێوەر تا ئاخێوەر بەهۆیەوە زانیاریی تایبەتیی ترۆپک بونیاتبنێت، هەروەکچۆن ئەنالۆژییانە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان  بۆ دروستکردن و هەڵگواستنی دروستەی مۆرفۆلۆژیی نوێ بەکاردەهێنێتەوە. بۆ نموونە دانە فەرهەنگییەکان لەسەر بنەمای یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دروستدەکرێن، ئەم یاسایانەش دەبنە پێڕەو و بەشێوەی ئەنالۆژیی، فۆرم و واتای نوێ سازدەکەن. هەروەک پێشبینییدەکرێت وشە ئەگەرییە لێکدراوەکانی /کۆمپیتەر فرۆش، مۆبایل فرۆش، سپلیت فرۆش/ بە ئەنالۆژیی لەسەر بنەمای یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی تایبەت بەزمانەکە کە [بناغە + ڕەگ]ە، دروستبکرێن، هەروەک وشەکانی/میوەفرۆش، سەرتاش، وتارخوێن،..هتد/ نموونەو وشە هەبووەکانی بەکاربردنی ئەو یاسایەن". (سەعید، ٢٠٢٠، ٢٩٠-٢٩١). بڕوانە ( ٦٧-أ)، کە تێیدا بەرکار بە جێکەوتەی ئەو گۆکردنەی پێیدراوە، بەڵام لە ( ٦٧-ب)دا بەرکارەکە بەهۆی گواستنەوەیەوە، لە جێکەوتەیەکی تر گۆیکردووە، کەجێکەوتەی بەرکار نییە، هەر بۆیە لەلایەک مەرجی گۆکردنی لەجێکەوتەی فرێز بەزاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە دۆخەکەی لەدەستداوە، لەبەرئەوە کاتێک بۆ سەرەتای ڕستەکە دەگوێزرێتەوە ڕستەکە ناڕێزمانی دەکات، هەربۆیە بۆ ڕوودانی ئەمە پێویستە، ناوە گشتییەکە /کتێب/ لە (٦٧-پ)دا بەهۆی دیارخەرەوە فیچەری [+ناسراویی]ی پێبدرێت، ئەو کات گۆکردنی فرێزی دیارخەریی دەبێت و هێنانەپێشەوەی بۆ سەرەتای ڕستەکە ڕێگە پێدراودەبێت،  پاشان لەهەنگاوی دواتردا دەبێت کەرەستە هێنراوەپێشەکە نیشانەی دۆخ لەجێی خۆی کۆپیبکات و دۆخی ڕێزمانیی وەربگرێت.(سەرچاوەی پێشوو، ٢٩١) بڕوانە (٦٧-ت).

٦٧- أ.  تۆ کتێبت سەند.

ب. کتێب ، تۆ سەندت.

پ.کتێبەکە ، تۆ سەندت.

ت. کتێبەکە، تۆ  t  سەندت.

"جێی ئاماژە بۆکردنە، ناسراویی کەرەستەکان ــ ئەوانەی فیچەری [+ناوی گشتیی] یان هەن- لە چوارچێوەی فرێزی کردارییدا، وەک مەرجێکیی بەترۆپککردنیان هۆو پاساوی سیمانتیکیی بۆ هەیە، کە بەدروستەی زانیارییەوە بەندن، چونکە ئەو کەرەستانەی بەترۆپکدەکرێن زانیاریی نوێن، بۆیە لەناو کەرەستەکانی دیکەی ڕستەدا، سینتاکسییانە تیشکیان دەخرێتەسەرو بەهایان دەردەخرێت" (سەعید، ٢٠٢٠، ٢٩٢). وەک لە نموونەکانی(٦٨-آ ب پ ت) دەخرێتەڕوو:

٦٨)ا.ئەوان گەمەیان کرد. (گەمە =یاری)

ب.گەمەکە، ئەوان کردیان.

پ.ئەوان تەیمانەکەیان چنی. (تەیمان =چنینی قامیش بۆ پەرژینی باخچە)

ت.تەیمانەکە، ئەوان چنیان.

نموونەی (٦٨_ا و پ) بەوپێیەی لەسەر بنەمای سینتاکسیی (S O V) داڕێژراوە، دەبێت پەیوەست بە ترۆپک و باسی گشتییەوە لێکبدرێتەوە، چونکە مەبەست لە دەربڕینی ئەم ڕستانە بۆ مەبەست و واتای گشتییە، بە جۆرێک بکەرو زانیارییەکان لەسەر بکەر بۆ دەربڕینی واتا گشتەکەیەو واتا بەپێچەوانەی دروستەی قووڵەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ لێکدەدرێتەوە، بەڵام نموونەکانی (٦٨_ب و ت) واتاو مەبەستێکی تاکلایەنانەیەو واتاو مەبەستەکە لای ڕاستەوە بە بەرکار دەست پێدەکات. دروستەی باسمەند گواستنەوەیەکی سەرپشکانەیە لەڕستەی ڕووکەشدا تێیدا ئاخێوەری زمان ئەو داواکراوە، یان ئەو ئارگومێنتەی بۆ ئەو جێی مەبەست و بابەتە، دەهێنێتەپێشەوە، پەیوەست بەنواندنی واتاوە لەڕستەی باسمەندا لەبەرئەوەی دروستەی قووڵمان بە کردارەوە بەسترایەوە، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکرێت، واتا لەڕستەی باسمەندا ڕەهەندێکی واتایی جیاوازی نییە، ئەوەش بەوپێیەی کردارەکە پەیوەستە بەنواندنی سینتاکسیی تاکلایەنانەوە، بۆیە باسمەندیش نواندنێکی ڕووکەشییانەی ئەو واتایەیە، کە لە دروستەی قووڵدا نوێنراوە، تەنها ئاخێوەر مەبەستی خۆی بە دروستەیەکی جیاواز، کە ئەویش هێنانەپێشەوەی بەرکار یان هەر کەرەستەیەکی تر، کە دەشێت ئاوەڵکردارەکان بن، دەخاتەڕوو، واتە واتاو مەبەستێکی تری نواندنی واتای قووڵەو نواندنی ڕووکەشە. بڕوانە نموونەکانی (٦٩_ا ب پ) بۆ نواندنی واتاو مەبەستی گشتیی ئاخێوەرە:




### ٣-٢-١/٣) واتای ئیدیۆمیی:

ئیدیۆم، وەک چەشنێکی دەربڕاوی ناپێکهاتەیی و وەک فۆڕمێکی چەسپاوو قاڵبووی ئاخاوتن لە زماندا ناسراوە، چەمک و تایبەتێتی و پێکهاتەو دروستەو واتای تایبەتیی خۆی هەیە. چەمکی ئیدیۆم وا ناسراوە، کە واتای سەرتاپای دەربڕاوە ئیدیۆمییەکە پێکەوە لە واتای پیتی فەرهەنگیی یەکە یەکەی وشە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستناهێنرێت و لەڕووی پێکهاتن و فۆڕمەوە بە دەربڕاوی چەسپاوو جێگیر جیادەکرێنەوەو یەک گۆکردنیان هەیە. لەبەر ئەمانە لە زانستی لێکسیکۆلۆژییدا بە یەک یەکەی زمانیی دانراون (هەرچەندە فۆڕم و پێکهاتنی جیاشیان هەیە).

مەرجی بوون بە ئیدیۆمی دەربڕاوێک بریتییە لە: ناپێکهاتەیی واتایی و چەسپاویی فۆرمەکەیان. ئیدیۆمەکان لەگەڵ تایبەتێتیی چەسپاویاندا، بە ناسادەیی پێکهاتەییان دیاریکراون، لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، بۆ فۆرمی وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی بڕوانە (٧٠)و لەڕووی سینتاکسییشەوە فۆرمەکانی فرێزی ئیدیۆمی بڕوانە(٧١)و ڕستەی ئیدیۆمییان بڕوانە(٧٢) لێدەستنیشانکراوە.(حسەین،٢٠٢١، ١١٩).

٧٠. ملپان (کەسێک بەس قسەبکات و هیچی لەدەستنەیات)

جینگز (فره جولْیاو)

٧١.حەیته بردییەتی. (کەسێک لەڕوو لاواز)

٧٢. لەقه ئەدا. (قسەی ناشرین و بەرزونزم دەڵێت)

ئیدیۆم نموونەی گۆڕانی چەمکە، یان بەواتایەکی تر لە ئیدیۆمدا شێوەکانی فۆنەتیکیی وشەکان، لەسەر چەمکی خۆیان دەلالەت ناکەن، بەڵکو بۆ چەمکێکی تر دەبنە ئاماژە. (ساغروانیان،١٣٦٩، ٥٣٠) لەبەرئەوەی واتا ناپێکهاتەییەکان لە جەمسەری دروستەکان وەرگیراون، بۆیە لە ڕستەدا واتای ئیدیۆمی ڕستەیی، کە واتاکەی لە کۆی دروستەکەوە وەردەگیرێت، نەک تاکە تاکەی وشەکانی، بۆیە پێشبینیدەکرێت، کە واتای ئیدیۆمی و پراگماتیکیش لە فەرهەنگدابن، بەڵام لە دروستەی ڕووکەشدا بەرهەمبێت، ئەویش لەوەوە پێشبینیکراوە، کە سیفەتی بنەڕەتیی ئیدیەم واتای تەواویەتی، بەشێوەیەکی گشتی واتای هەر ڕستەیەک، کە کشان، یان فراوانبوونی واتایی لەخۆگرتبێت، ئەوەش ئەرکی پێکهێنەری واتای پارچە ڕێزمانییە سەرتاییەکانی ئیدیۆم نییە. پێکهاتەکانی ئیدیۆم دەتوانرێت جیابکرێنەوەو بگۆڕێن. (حسێن،٢٠١٢، ٣٤٨) ئیدیۆم واتایەکی تایبەتیی بێ هاوتا دەبەخشێت، (دزەیی،٢٠١١، ٤٦) دەبینین ئیدیۆم واتای فەرهەنگیی وشە وەردەگرێت و بۆ مەبەستێکی تری دەبات. ( موسا ،٢٠٠٩، ٨).

واتای دەربڕینەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئیدیۆم ڕەهەندێکی پارچە پارچەیی نییە، بەڵکو واتایەکی گشتگیری هەیەو لە دوای واتای بنەڕەتی دروستەی ڕووکەشەوە دێت، بەمەش ڕستەکە هاوشێوەی وشەی لێکدراوو واتای فرێزەکان لە جەمسەری سەرەوەی دروستەکە دەبێت، بڕوانە نواندنی (٧٣، ٧٤، ٧٥)

٧٣. ئاگر لە ماڵ کردنەوە. ⟵ واتای دروستەی قووڵ.

↓

٧٤. ئاگر لە ماڵیان ناکرێتەوە. ⟵ واتای دروستەی ڕووکەش و واتای پێکهاتەیی.

↓

٧٥. ئاگر لە ماڵیدا ناکرێتەوە. ⟵ واتای دووەمی دروستەی ڕووکەش/ واتای ناپێکهاتەیی

لە نواندنی واتایی (٧٣)دا، کە واتایەکی پێکهاتەیی هەیە، پێشبینیی واتای دروستەکە لە کۆی واتای ڕستەکەوە دەکرێت، چونکە واتاکەی لە دروستەی قووڵەوە پەیوەست بە لیڤڵە

فەرهەنگییەکەوە هاتووە، تەنانەت دروستە ڕووکەشەکەشی پێشبینیی ڕوودانی دەکرێت و وەک هەر ڕستەیەکی دیکەی ئازاد جێگرەوە بۆ داواکەر (کردار)و داواکراواکانی (بکەرو بەرکار) ڕوودەدەن. (بڕوانە جێگرەوەکانی ڕستەی (٧٤) لە نموونەکانی (٧٥)دا، بەڵام تەنها دەبێت ئەوە بزانرێت، کە مەرج نییە هەر ڕستەیەک بگاتە واتای دووەمی دروستەی ڕووکەش و واتای ناپێکهاتەیی ئیدیەمیی بەرهەمبهێنێت، بەوەش واتای دروستەی ڕستەیەک لە ئەگەری بوون بە لێکسیمەوە دەبنە ئیدیەم و واتای ئیدیەمییان دەبێت، نەک کارێکی ئۆتۆماتیکیی/ خودکاریی بێت. بەلێکسیمبوون گۆڕینی فۆڕمێکی سینتاکسییە بۆ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی، ئەویش بەپێی پێویستییە واتایی و ڕێزمانییەکانی فۆڕمە سینتاکسییەکەیان دەردەکەون، بەوەش بەلێکسیمبوونەکە، دوای بەسینتاکسبوون/ بەڕێزمانبوون دێت، بە جۆرێک بەسینتاکسبوون/ بەڕێزمانبوونەکە بەخورتی دەبێت ڕووبدات، بەڵام بەلێکسیمبوونەکە ڕوودانەکەی مەرجدارە.(سەعید، ٢٠١٥، ٤٥). بەوپێیەش بڕوانە هەنگاوەکان لە هێڵکاریی(٣٧)دا



هێڵکاریی (٣٧)

٧٦) ا. ئاگر لە حەوشەکەیان ناکرێتەوە.

ب. زۆپا لە ماڵیان ناکرێتەوە.

پ. ئاگر لە نەورۆزدا ناکرێتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە نموونەکانی (٧٧ـ ٧٨ ـ ٧٩)

٧٧- ئەو لە گوێی گا دا نوستن . ⟵ واتایی دروستەی قووڵ.

٧٨- ئەو لە گوێی گادا نوستووە. ⟵ واتایی دروستەی ڕووکەش.

٧٩-pro لە گوێی گادا نوستووە. ⟵ واتای دووەمی دروستەی ڕووکەش/ بێئاگا.

هەرچەندە نواندنی واتایی (٧٧) وەک دروستەیەکی سینتاکسیی ئازاد پێشبینیی سەربەخۆبوون و ڕوودانی ناکرێت، بەڵام واتای نواندنی (٧٧ )پێشبینیکراوەو هەمیشە پێکهاتەیی ئیدیۆمییە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە مەرج نییە واتا پێکهاتەییەکەی نواندنی (٧٨)ی ڕووکەشی ڕستەکان لە کاتی بوون بە ئیدیۆمدا بمێنێتەوە، بەڵکو لەناودەچن، ئەوەش لەبەرئەوەی واتای سەرەوەی جەمسەرەکە زاڵەو بەکاهێنانی زیاترە. بڕوانە هێڵکاریی (٣٨)



هێڵکاریی (٣٨)

## ٤-٢-١/٣) بەستنەوەی واتایی لە ڕووکەشدا:

بەستنەوەی واتایی، بە پەیوەندیی نێوان تەواوکەرەکانەوە داواکراوەکانەوە پەیوەستە، بەوەش داواکەر ڕۆڵ لە لێکدانەوەی واتادا نابینێت. ئەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕێکدەخات، تیۆری بەستنەوەیە. تیۆری بەستنەوە تیورێکی سینتاکسیی پاشان سیمانتیکییە، سینتاکس و واتای ڕستە بەپێی تیوری بەستنەوە لە کردارەوە هەڵناهێنجرێت، بەڵکو پەیوەستە بە چەشنی داواکراوەکان و چەشنی بەستنەوەی داواکراوەکانە. واتە بەستنەوەش هاوشێوەی باسمەند لێکدانەوەی واتاکەی بۆ لای ڕاستی ڕستەکە دەگەڕێتەوە، نەک لای چەپ کە لە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی کرداردایە. بڕوانە هێڵکاریی (٣٩)و نواندنەکەی لە (٨٠).

تیۆری بەستنەوە وەک لقێک لە تیۆرەکانی ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوە، بە شێوەیەکی گشتیی لە دابەشبوونی فرێزەکانی ناو ڕستە دەدوێت و ئەو شوێنانە دیاریدەکات، کە تێیدا فرێزێک لەگەڵ فرێزێکی تر دا هاو نیشانەن، کەواتە وەک هێڵکاریی (٣٩)دەریدەخات، تیۆرەکە لە نێوان فرێزە تەواوکەرەکاندا (y,y)یە و پەیوەندیی بە سەرو تەواوکەرەوە نییەو تیۆرەکە خۆی بە دیاردەی هاوئاماژەیی و هاونیشانەکانی نێوان فرێزەکانی ناو ڕستەوە خەریکدەکات ( Trask, 1993, 30). بنەمای تیۆرەکە لەسەر بناغەی ئەو کەرەستانەیە، کە بەستنەوەکەیان لەسەر جێبەجێدەبێت، بۆ نموونە: ئەنافۆرەکان (جێناوە خۆییەکان) هەمیشە بەستراوەن و نائازادن. بڕوانە(٨١،أ)، کە ئەنافورە بەستراوەکە دروستەیەکی ڕێزمانیی هێناوەتەئاراوە، کەچی لە (٨١–ب،پ) دا پێچەوانەکەی ڕویداوە، بەڵام جێناوی کەسیی و ناوە تایبەتەکان هەمیشە ئازادن، واتە نابێت ببەسترێنەوە بڕوانە (٨٢–اب) (Chomsky,1986,166) .

٨٠) [داواکراو + داواکراو] + داواکەر

i i

j i




ئانافۆرەکان i i

جێناو و ناوی تایبەت j i

هێڵکاریی (٣٩)

بۆ ئاخێوەری زمانەکە، ئەو دروستە سینتاکسییانە پێویستیان بە مارکەو نیشانەکردنە، کە لە بیچمێکدا خۆیان دەنوێنن و چەند واتاو لێکدانەوەیەکیان تێدا حەشاردراوە. لەو کاتەدا تیۆرەکە پێوەرێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی لە یەک بیچمدا هەڵگیراون. ئەویش بۆئەوەی مەوداکانی نێوان قسەکەرو گوێگر یەکسان بکرێنەوە. قسەکەر لە کاتی دەربڕینی

دروستەکەدا، پەیوەست بەستنەوەکانەوە چەمک و بیرو زانیارییەکانی دەنێرێت، گوێگریش ئەگەر چی دروستەکەی بە هەمان بەستنەوەی بۆ گەیشتنی زانیارییەکە لە لایە، بەڵام مەرج نییە، لە هەمان کاتدا بەدەستبهێنێتەوە، بۆیە نیشانکردنەکە دەبێتە ڕوونکردنەوە بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی ناواخنی دروستە سینتاکسییەکە. بەدەستهێنانەوە و بیرکەوتنەوەی واتا جیاوازەکانی بیچمێکی سینتاکسیی لە لای گوێگر، دەبنە بەڵگەی هەبوونی هەمان زانیاریی لای گوێگر واتا وەک پێشتر گوترا، ئەگەرچیی دەوروبەرەکان کاریگەرییان لەسەر خێرایی تێگەیشتنی گوێگر هەیە، بەڵام دەبێت زانیارییەکان ناوەکیی (internal) بن و دەوروبەر یارمەتیدەر بێت بۆ بەدەستهێنانەوەیان. لەڕێی نمونەکانی(٨١، ٨٢) بەڵگەکان دەهێنرێنەوە.

٨١) أ. نەوزاد دەیەوێت، ئەو خۆی کارەکە تەواوبکات .
i j I

ب. نەوزاد دەیەوێت، ئەو خۆی کارەکە تەواو بکات
j j i

پ. بیستون و دڵشاد داوایان لە نەسرین و شەونم کرد ، کە (pro) بڕۆن.
j/ i j i

ت. ئەوان داوایان لە نەسرین و شەونم کرد کە (pro) بڕۆن.
i j i

٨٢) أ. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد.
ب. ئەو کوڕەکەی بە دەمانچە کوشت .

نموونەکان (٨١، ٨٢) چەند دروستەیەکی سینتاکسیین و لە فۆرمی ڕستەی سادەو ئاڵۆزدا نوێنراون. دیوی دەرەوەی ڕستەکانی (أ،ب،پ،ت) هەمان بیچمیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕستە ئاڵۆزەکە فرێزی ئانافۆریی (خۆ)ی تێدایەو دەبێت بەستراو بێت و لە ڕووی واتاشەوە دەشێت، توخمەکانی ناو ڕستەکان خاوەندارییان هەبێت، بۆیە گوێگر بۆ هەڵهێنجانی واتاکەی، بەو شێوەیەی (٨١_أ،ب) بە (j,i) هاونیشانەکراون، دوو لێکدانەوەیان لە بەردەمدا دەبێت: لە یەکەمدا ئانافۆرەکە لەگەڵ بکەری ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەمان کەسن و لە یەک کاتدا بە هەردووکیانەوە

دەبەستریێتەوەو نیشاندەکریێت، (٨١-پ،ت)ش بەستنەوەی یەکەم ئەوە دەگەینێت، (بیستون و دڵشاد داوادەکەن برۆن)، بەڵام لە دووەمدا (نەسرین و شەونم دەرۆن). لە (٨٢)شدا ئەگەرچیی بۆ خاوەندارییەکان ئانافورەکان دەرنەبڕاون، بەڵام لە سەریێکەوە، دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی فریێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەندارییەو لە سەرەکەی ترەوە فریێزیکی لەڕیێی نیشانەی / ی /ەوە پرۆسەی ڕیێکەوتنی (Agreement) ئەنجامداوە، نەک بەستنەوە، بۆیە لیێکدانەوەکە بەو جۆرە دەبیێت، کە (أ) گەر پرۆسەی ڕیێککەوتن بیێت، ئەوا فریێزەکان بەستنەوەی جیاوازیان دەبیێت و یەک ڕەهەندی واتاییان دەبیێت، بڕوانە (٨٣).(ب) ئەگەرچیی مۆرفیمی / -ی/ لە فریێزەکانی (براکەی ، ژنەکەی ، دەمانچەکەی) مۆرفۆسینتاکسیی و ئانافۆرییە، بەڵام بۆ دەرهیێنانی واتا شاراوەکانی ئەو دروستانە، لە سەرەتادا دەبیێت، ئانافۆرە دەرنەبڕاوەکان دابنریێنەوە، پاشان لە ڕیێی بەستنەوە جیاوازییەکانەوە، ڕەهەندە واتاییەکانی ئەو بیچمە سینتاکسییانە ڕوونبکریێنەوە، چونکە ئانافۆرەکان بەستنەوەی جیاوازیان لەگەڵ بۆ گەڕاوەکانیاندا دەبیێت. بڕوانە (٨٣).

٨٣.أ. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد،

j i

ب. ئەو کوڕەکەی بە دەمانچەکە کوشت.

k j i

٨٤) أ. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

i i i

ب. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

j i j i

پاش ئەوەی لە نموونەکانی (٨٣) دا ئانافورەکان دانرانەوەو بەپیێی خاوەندارییەکان بەسترانەوە، دەرکەوت: لە یەکەمدا (ژنەکە و براکە) هی (پیاوەکە)ن، بەڵام لە دووەمدا (ژنەکە) هی (پیاوەکە)و (براکە)ش هی (ژنەکە)یە .

لە نمونەکانی (٨٣، ٨٤)دا بەستنەوەکان بۆ نیشاندانی ناواخنە واتاییەکانی بیچمی ڕستەکانە، کە دەشیێت گویێگر لە ڕیێی پرسیاری لە جۆری >برای کامیانە ؟ < ەوە یەکیێک لە واتاکانی دەستبکەویێت .

ئەگەرچیی نموونەو شیکردنەوەکانی سەرەوە بۆ زمانی قسەکردن هیێنرانەوە، بەڵام دەکریێت لیێکدانەوەی بیچمەکان بۆ نوسینیش هەمان خستنەڕوو و ئەنجامی هەبیێت، بۆ نموونە لە

ڕستەیەکی لە جۆری (٨٥)دا، هەرچەندە ئانافورەکانیش بەرجەستەکراون، وەک مانشێتی ڕۆژنامەیەک بۆ خوێنەر دوو جۆر لێدان هەڵدەگرێت، چونکە بەپێی نیشانەکردنەکان، لە یەکەمدا ماڵەکە هی مام جەلالەو لە دووەمدا هی کاک نەوشیروانە.

٨٥) أ. مامجەلال کاک نەوشیروانی، لە ماڵەکەی خۆیدا بینی .

i j i

ب. مامجەلال، کاک نەوشیروانی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی .

j j i

دەبێت ئەوە لەیادنەکەین تیۆری بەستنەوە پەیوەندی بە کردارەوە نییە، لە دوو ڕستەی ڕووکەشدایە، چونکە تیۆری بەستنەوە لە پەیوەندیی هاوئاماژەیی نێوان تەواوکەرەکان دەدوێت، بەوەش پەیوەندی بە کردارەوە نابێت، بەڵام ئایا لە زمانی کوردییدا کردارەکان ڕۆڵیان لە لێکدانەوەی واتای تەواو کەرەکاندا هەیە؟ (مەعروف، ٢٠٢٠، ٤٧).

## ١/٣-٢-٥) دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان:

ئاوەڵکردارو دەربڕاوە ئەوەڵکردارییەکانیش بەرهەمهێنەری فرێزی ئاوەڵکردارییین، فرێزی ئاوەڵکردارییش لە فرێزە سەربارو هەڵواسراوەکانن، چونکە دوای بونیادی ڕستە لە دروستەی ڕووکەشدا بە فرێزەکاندا بەتایبەت بە فرێزە کردارییەکاندا هەڵدەواسرێن، بەڵام بوونی واتاییان لە بوونی سینتاکسییان گرنگترە. دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان بەگوێرەی جێکەوتە جیاوازەکانی ڕستە، واتای ڕستە دەگۆڕن و واتای جیاواز بە ڕستە دەبەخشن.(مەحویی ٢٠٠٩ :٢٠٢) لە زمانی کوردیدا وشەکانی ( هێشتا، دیسان، خۆزگە، هەرگیز، تەنیشت = قەو...... ) ئاوەڵکردارن، ئەم جۆرە ئاوەڵکردارانە بە دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان ناوبراون، جیاوازیی ئەم ئاوەڵکردارانە ئەوەیە، کە دەتوانرێت بە کۆی ڕستە و هەریەک لە ($\bar{\bar{N}}$1_ واتە بکەر ) و($\bar{\bar{N}}$2_ واتە بەرکار)و($\bar{V}$2 _ واتە کردار) دا هەڵبواسرێن . جێگۆڕکێپێکردنیان لەڕستەدا واتای سینتاکسی نوێ دەهێنێتەکایەوە، چونکە لە هەر کەتیگۆرییەکی سینتاکسییەوە نزیک بن ، بەوەوە دەبەسترێتەوە . بڕوانە(٨٦) ڕوونکردنەوەکان لەسەر (هێشتا) دەخرێتەڕوو:

٨٦) أ . هێشتا/ هێمانە من کچەکەم نەدیوە . (واتا کەسی تر کچەکەی دیوە)

ب . من هێشتا/ هێمانە کچەکەم نەدیوە . (واتا کەسی ترم دیوە، هێشتا کچەکەم نەدییوە)

پ . من کچەکەم هێشتا/ هێمانە نەدیوە . (کچەکەم هێشتا نەدیوە، ڕەنگە قسەی لەگەڵ کردبێت)

له (٨٦ _ أ) دەربڕاوی ئاوەڵکرداری (هێشتا/ هێمانە) بەگشت ڕستەکەدا لە (٨٦ _ ب) دا بە بکەردا (٨٦ _ پ) بە بەرکاردا، لە (٨٦ _ ت) دا بە کردارەکەوە هەڵواسراوە ، جێکەوتەی بنەڕەتی ئاوەڵکرداری (هێشتا) کەنیشانە (+ کات) ی هەیە ، لە (٨٦ _ پ) ە، دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان دەتوانن وەک دەرخەری فرێزی پێشناویش دەربکەون . بڕوانە( ٨٧ أ ، ب ،پ ).

٨٧) أ . هەرگیز/ قەت لەبازاڕ نانم نەخواردووە.

ب . لەبازاڕیش هەرگیز/ قەت نانم نەخواردووە .

پ . نانم نەخواردووە ، قەت/ هەرگیز لە بازاڕیش. (مەعروف ٢٠١٠، ٧٤)

نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەبڕن، کە لێکدانەوەی سیمانتیکیی، وابەستەی هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشە، ئەگەر واتا لەنیوان ئاستی دروستەی ڕووکەش و دروستەی قووڵدا بگۆڕین، ئەوا دەبێت دروستەیەکی ڕووکەش واتایەکی جیای لەو واتایە هەبێت، کە دروستەی قووڵ هەیەتی، ئەم مۆدێلەی لیکدانەوەی واتایی لە زمانی کوردیدا بۆ ئەو ڕستانەی کە دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان وەک (ئێستا/ ، تەنها، تەنیا، پاشان، دواتر) یان تێدا بەکاردێت، بە گوێرەی جێکەوتە جیاوازەکانی ڕستە واتای جیاواز بەرهەمدەهێنن، بۆ نموونە سەیری (intention)ی دەربڕاوی (تەنها) لە ڕستەکانی (٨٨آ ،ب،پ)دا ، گرتنەوەکانی دەربڕاوی (یش)لە (٨٩ آ،ب،پ) دا ، هی دەربڕاوی (هەر) لە ڕستەکانی (٩٠ آ،ب،پ)دا .( ئیبراهیم،٢٠١٤، ٥٩ ) .

٨٨_ أ. تەنها من لەسەر کورسییەکە/ تەختەکە دانیشتووم .(ئەوانی تر لەسەر / فەرش) دانیشتوون)

ب.من تەنها لەسەر کورسییەکە/ تەختەکە دانیشتووم . (تەنیا لەسەر کورسییکە لەسەر شتی تر نا )

پ.من لەسەر کورسییەکە/ تەختەکە تەنیا دانیشتووم .

دوو واتای هەیە :

١- بەتەنیا کەسی ترم لەگەڵ نەبوو.

٢- تەنیا دانیشتووم هیچی ترم نەکردووە .

٨٩_أ. ئێمەیش سەرمان لە نەخۆشەکە دا . (ئێمەیش وەک ئێوە / ئەوان چوینە لای نەخۆشەکە )

ب.ئێمە سەریشمان لە نەخۆشەکەدا. (ئێمە لەگەڵ کارێکی تردا،سەرمان لە نەخۆشەکە دا)

پ.ئێمە سەرمان لە نەخۆشەکەیش دا. (ئێمە سەرمان لە نەخۆشەکە و خەڵکی تریش دا)

٩٠_ أ.هەر تۆ گۆڤارەکە بنووسەرەوە.      (تەنیا تۆ کەسی تر نا)

ب.تۆ هەر گۆڤارەکە بنووسەرەوە.      (تەنیا گۆڤارەکە شتی تر نا)

پ.تۆ گۆڤارەکە هەر بنووسەرەوە.      دوو واتای هەیە:

١.بەردەوامبە لە نووسینەوە.

٢.تەنیا بنووسەوە کاری تر مەکە.

دەربڕاوی ئاوەڵکردارییی لە کاتیگۆرییە سییینتاکسییەکانن. ئاوەڵکرداری/هەروەها/، کە لەسەرەتای ڕستەدا دێت، مۆرفیمی/_یش/ داوادەکات، پاش بەرهەمهێنانی ئەم چەشنە ڕستەیە، بە ئاوەڵکرداریی /هەروەها/ سەری دروستەیەک بەپێی دروستەی (١٠) مۆرفیمی /_یش/وەردەگرێت.

١٠_ ڕێسای دروستری دەربڕاوی ئاوەڵکرداریی/_یش/

مۆرفیمی/_یش/ بلکێنە بە X ەوە، ئەگەر X سەرێکی ڕێزمانیی بوو. وەک لە(٩١.آ،ب،پ)دا دەخرێتەڕوو:

٩١)آ.ئێمە نامەشمان نووسی.

ب.ئێمە نامەیش دەنووسین.

پ.ئێمەش نامە دەنووسین.

کاتێک دروستەی (١٠) لەگەڵ(٩١)دا بەراوورددەکەین، دەبێت حساب بۆ یاسایەکی جێگۆڕکێ بکەین، یاسای جێگۆڕکێی/_یش/ لە یاسای جێگۆڕکێی جێناوی لکاوی بکەریی دەچێت و بۆ بەراوردکردنیش دەشێت، بەڵام پێویستە بەرلەوەوی لەو یاسایە بدوێن، بسەلمێنرێت کە /_یش/ لە ئاستی قووڵدا بە مۆرفیمی کاتەوە دەلکێت و بەگوێرەی پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و مۆرفۆسییینتاکسییەکانی کرداری ئاڵۆز جێگەی خۆی هەنگاو بە هەنگاو بەجێدەهێڵێت، تاوەکو بەو کەرەستەوە دەلکێت، کە دواجار بە /پێک/(subjunctive verb) ەوە یان کرداری ئاڵۆزەکەوە لکاوە. (مەحویی،ئەحمەد،٢٠٠٤، ٣٩) بڕوانە نموونەکانی(٩٢ آ،ب،پ)(٩٣آ ب پ)(٩٤ آ ب پ ت).

٩٢_آ./من/ چوویشم.

ب./من/ دەیشچم.

پ./من/ چوومیش.

٩٣_ آ./من/ گرتیشم، بەڵام ئازادیشمکردن.

ب./ئێمە/ هەڵیشمانگرتن، بەڵام نەیشمانخستن.

پ./ئێمە/ سەریشمانهەڵگرت، بەڵام نەشمانکوشتن.

٩٤_ آ./من/ دەیشیانگرم، بەڵام بەڕەڵایشیاندەکەم.

ب./من/ هەڵیانیشدەگرم، بەڵام نایشیانخەم.

پ./من/ سەریشیانهەڵدەگرم، بەڵام ناشیکوژم.

ت.١. هەروەها (من) نانەکە دەخۆم و دێشم.

٢. هەروەها(من نانەکە دەخۆم و دێمیش.

(٩٢ آ ب پ) (٩٣آ،ب،پ) (٩٤ آ،ب،پ،ت) نموونەی زمانەکەن و بەڵگەن بۆ ڕاست و دروستی ئەو بۆچوون و گریمانانەی داوای ئەوە دەکەن، کە دەبێت نموونەکان لە کردارەوە جیاوازیی نانوێنن بەڵکو /یش/ لە ڕووکەشدا بە گرێکاندا هەڵدەواسرێن، بەوەش واتاو مەبەستی ئاخێوەری زمانەکە ڕووندەبێتەوە.

## ٢/٣) واتای ڕستە بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێنان:

وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆکرا، بەرهەمهێنانی واتایی، قۆناغیکی تری نواندنی واتایی قوتابخانەی بەرهەمهێنانە، هەروەها وەک لە بەشی دووەمدا تاقیکراوەتەوە، تیۆرەکە پەیوەستە بە ئارگۆمینتداواکەر و ئارگومێنتەکانییەوە، واتا دروستەی ئارگومێنتە، بەوەش ڕەهەندێکی فەرهەنگیی -واتایی- سینتاکسیی دەبێت. فەرهەنگ ئارگۆمێنتداواکەرەکەی بە زانیارییەکانەوە تێدا هەڵگیراوە، دروستەی ئارگۆمێنت لە چێوەی هەڵاوێرکردنی واتایی و دروستەی وەک داواکردنی ئارگۆمێنتەکان دەنوێنرێت. بەوەش تیۆرەکە لە نێوان هەر سێ کوچکەی فەرهەنگ - دروستەی ئارگۆمێنت و دروستەی ڕووکەش لە بەرهەمهێنانی واتاییدا کاردەکات، واتا دروستەی قووڵ بوون و نواندنێکی ئەوتۆی نامێنێت، یان ڕاستتر ئەوەیە بڵێین، دروستەی ئارگۆمێنت لە دوو ڕەهەندی واتایی و دروستەییەوە جێگرەوەی دروستەی قووڵە، هەندێکجار گواستنەوەکان لە نێوان دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش واتا بگۆڕن.(حسەین،٢٠١٢، ٢٣١) بشڕوانە ( Chomsky ,1993, 34).

هەرچەندە تیۆرەکە بەپێی کردارەکان دروستەکەی دادەڕشت، ئەویش لەبەرئەوەی بۆ جێگرتنەوەی تیۆری دروستەی قووڵ بوو، بڕوانە دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری ( کڕین)، بەڵام وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەی بۆ کرا، ئاڕاستەکان بەو شێوەیە ڕۆیشتن، کە سەرەڕای کردارییەکان نا کردارییەکانیشی دروستەی ئارگۆمێنتیان هەبێت. وەک نموونەی(٩٥).

٩٥- کڕین [من ، کتێبەکە]

داواکەر داواکراو داواکراو

ئارگۆمێنتە ناکردارییەکان ناوو ئاوەڵناوو پێشناو دەگرنەوە. (سەعید ، ٢٠٢٠، ٥٣-٥٥) سەرەڕای ئەوەش دەبێت جۆرێک لە کرداریش بگرنەوە. نواندنی واتایی هەریەک لەپێشناوو ناوو ئاوەڵناو لە بەشی دووەمدا خرانەڕوو، پێویستی کرداریش بۆ نواندنی واتایی ڕەگی کردارەکان تاقیکرایەوە، تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماند، کە پەیوەندی دروستەی ئارگومێنت و ئارگومێنت داواکەردا جیاوازەو ئارگومێنتداواکەرەکان دەسەڵاتی سیمانتیکیان بەسەر تەنها یەک ئارگومێنتدا هەیە.

گەر لە سەرەتادا لە روانگەی دروستە/ داواکراو سینتاکسەوە ئەوە ڕوونبکرێنەوە، دەگەینەئەوەی، کە(TP) نەک (VP)، داوای ئارگومێنتی، یان کەتیگۆری بکەر دەکات بە دۆخی ڕێزمانی نۆمینتەیڤییەوە (TP) و (VP) هەبوونی دوو کردار بە دۆخی ڕێزمانیی جیاوازەوە دەسەلمێنێت، چونکە لەناو (VP)ەکەدا ڕەگەکە دۆخی ئەکوزەتیڤی/ بەرکاری دەدات (هەمان سەرچاوە ،٢٠٢٠، ٢٧٦) بشڕوانە (ANDREW CARNIE,2011,11) سەلماندنی دروستەیی و سینتاکسیی دوو نواندنی کرداری تافدارو بێتاف، (مەعروف ، ٢٠١٣، ٧٥-٧٨) ڕێگا بۆ هەبوونی دوو نواندنی واتایش خۆشدەکات، واتا وەک چۆن کرداری بێتاف تەنها دەسەڵاتی سینتاکسی بەسەر بەرکاردا هەیە، کرداری تافداریش بەسەر بکەردا، لەڕووی واتایشەوە بەهەمان ئەنجام دەگەین. وەک(لەبەشی دووەمدا-٢/٢-٢ )ئاماژەی بۆ کرا. ڕەگی کردار نواندنە فەرهەنگییەکەی کردارە، کەئەویش هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی خۆی هەبوو، بۆیە دەبێت کرداری هەڵاوێرکردنی لەئاستێکی نواندنی تردا بێت. لە (٩٦)دا تاقیکردنەوەکان لەسەر کرداری <خواردن> ئەنجامدەدرێت.

٩٦-




لەنموونەی (٩٦٥)دا کرداری <خواردن> لەچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا کردارێکی یەک ئارگومێنتییە، ئەویش بەوپێیەی تەنها دەتوانێت ئارگومێنتێکی ناوەکی بۆ کردەی خواردن هەڵاوێربکات، کە خاوەنی نیشانەی [+خۆراک] بێت، بەڵام کردارێکی نائازاد / بەلێکسێم نەبووی لەجۆری [+بخۆر] هەڵبژێرێت. ڕوونکردنەوەکە دەربڕی ئەوەیە، نواندنی سیمانتیکیی کردار بۆ بەرهەمهێنانی واتای ڕستە بە دوو قۆناغی نواندندا دەڕوات، ئەویش کرداری فەرهەنگیی و کرداری نا ئازاد / بە لێکسیمدا نەبوو سینتاکسیی دەبێت.(سەعید ، ٢٠٢٠ ، ٢٧٧) بشڕوانە (حسەین ، ٢٠١٢، ١١٣). لێرەوە کرداری سینتاکسیی لە کرداری فەرهەنگیی لە هەڵاوێرکردنی واتایی و سینتاکسیشدا جیادەکرێنەوە، ئەو هەڵاوێرکردنەی لە سینتاکسدا هەیە، پێیدەوترێت، هەڵاوێرکردنی ڕستەو بەڵام هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی زیاتر پەیوەستە بە ئاستی سینتاکسەوە. (سەعید ، ٢٠١٥، ٦٥) بەوەش دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری (خواردن و کڕین ) بە شێوەی نموونەی(٩٧)ی لێدێت.

٩٧- أ. [[[کڕین ] کتێب ] من]

ب. [[[خواردن] سێو] ئەو]

نواندنی کردارەکان لە (٩٦) دا لەلایەکەوە، هەبوونی دروستەی واتای جیاوازی کردارەکان دەردەخات و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیی سیمانتیکیی دەکات بە دووانی/ دووپەلکیی. جگە لەوە دەبێت ئەوە لەڕێی پرۆسەی بە لێکسیمبووی لە دروستەی کردارە سینتاکسییەکەوە هەبوونەکەی بسەلمێنرێت، بۆ ئەوە بڕوانە هێڵکاریی( ٤٠ )




هێڵکاریی (٤٠)

کرداری [نانخواردن] بەلێکسێمیبووی هەمان دروستەی (TP) یەکانە بە مۆرفێمی /-ن/ی لەکردارخستن بووەتە ناوو هەڵاوێرکردنی سینتاکسیی و واتایی خۆی هەیە. (مەعروف ، ٢٠٢٠، ١٨) چونکە لە ڕووی سینتاکسەوە تەنها دۆخی نۆمینتەیڤیشی هەیە و لە ڕووی واتایشەوە کردارێکی کۆتوبەندار و تەنها بە نیشانەی [ +بخۆری، + مرۆڤ]ەوە بکەر هەڵاوێردەکات، بەوەش خۆی لە کرداری <خواردن>و کرداری سینتاکسیەکانیتر جیادەکاتەوە، بڕوانە دروستەی ئارگۆمێنتی < خواردن> و ئەو کرداره سینتاکسیانەی لەوەوە دروست دەبن.لە نموونەی (٩٨، ا ب)

٩٨- أ. [[خواردن] سێو] بکەر]

نان

گۆشت

بەراز

وینجە

شووشە

ب. سێو خوار
نان خوار
بەرازخوار
وینجەخوار
شووشەخوار

نمونەکانی (٩٨-ب)، کە کردارێکی سینتاکسیین، بەجیا هەریەکەیان خاوەنی هەڵاوێرکردنی جیاوازن، بەجۆرێک لە هەڵبژاردنی بکەرەکەیاندا نیشانەی جیاوازی سیمانتیکی هەڵاوێردەکەن بۆ نموونە کرداره سینتاکسییەکانی < نانخوار، سێوخوار > هەڵاوێری بکەر بە نیشانەکانی [+مرۆڤ] ەوە دەکەن، بەڵام کرداری <وینجەخۆر> بکەرەکەی بە نیشانەی (+ئاژەڵ)ەوەیە. لە کاتێکدا <بەراز خۆر> هەڵاوێرکردنی بکەرەکەی ڕەهەندێکی ئاینی بو دروستدەبێت. لەکاتێکدا <شوشەخۆر> پەیوەست بە بکەرەکەیەوە نیشانەی (+ مناڵ/ +دەروێش) هەڵاوێردەکات.
ڕوونکردنەوە بۆ دروستەی ئارگۆمێنتی کرداره سینتاکسییەکە بۆ بەرهەمهێنانی واتا، هاوشێوەی کرداره فەرهەنگییەکەو دروستەی ئارگۆمێنتییە دووپەلکییەکە بو زمانی کوردی کە قاڵبی ( S O V) جێبەجێدەکات(سەعید،٢٠٢١، ٩٠)، دەیکاتە خاوەنی کرداری جیاوازی سینتاکسیی، بڕوانە نواندنەکەی لە هاوکێشەی (٢)و هێڵکاریی(٤١)دا

٢- [S[O V ]]




هێڵکاریی (٤١)

هەروەها پاش ئەوەی، تیۆری دروستەی ئارگۆمێنت، بۆ دروستەی فریزەکان خرانەڕوو، دەرکەوت کە پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیکی نێوان (x+y) پەیوەندییەکانیان دوانین، بەڵام جێبەجێکردنی تیۆری لێکدانەوەی سیمانتیکیی واتای لێکدەرەوەیی، سیانین و دروستەی قووڵ بەباکگراوندی فەرهەنگییەوە ڕۆڵی لەنواندنی واتاییدا هەیە. (چاوپێکەوتن ،مستەفا ،٢٠٢٢/٥/٤)

تاقیکردنەوەکان بۆ نواندنی واتایی لە لێکدانەوەی واتاییەوە دەستپێدەکەن، تا دواتر پەیوەست بە سیمانتیکی بەرهەمهێنانەوە نواندنە واتاییەکان لە ڕستەدا تاقیبکرێتەوە.

لەو ڕوانگەیەی، کە سیمانتیکی بەرهەمهێنان جێگرەوەی دروستەی قووڵە، دەبێت پەیوەندییەکان لە نێوان فەرهەنگ و دروستەی ئارگۆمێنتدا بێت. (حمەغەریب، ٢٠١٥، ٤٣)چونکە لە فەرهەنگدا زانیاری گەنجکراو/ خەزنکراو پەیوەست بە سیمانتیکەوە هەیە، بەڵام لە دواتردا بەپێی پەیوەندی لۆژیکی/ واتایی ئارگۆمێنت بۆ ئارگۆمێنت داواکراوەکان دادەڕێژرێت، دارشتنەکە مەبەست لێی ئەوەیە، دروستە پێش سینتاکسییەکەیە، کە ئارگۆمێنت_ داواکەرو ئارگۆمێنتەکان بەپێی دروستە و واتا دەسەلمێنێت.

هەرچەندە ئارگۆمێنت داواکەر لە سەرەتای تیۆرەکەدا هاوشێوەی دروستەی قووڵ واتا ئارگۆمێنت_داواکەرو کردارو پێداویستیەکانی بوو. بڕوانە (مەحوی،٢٠٠١، ٢٢٧)و (ابراهیم، ٢٠١٤، ٨٨)بەوەش هەر کردارێک بەپێی ناواخنە فەرهەنگییەکەی، دروستەیەکی ئارگۆمێنت/ لۆژیکی بۆ دادەڕێژرا، زۆربەی سەرچاوەو بۆچوونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە کردارێکی وەک /کڕین/ دوو ئارگۆمێنتە، بەڵام کردارێکی وەک /چوون/ یەک ئارگۆمێنتە. بڕوانە نواندنەکەی لە(٩٩)دا

کڕین [ کتێبەکە ، من ]

چوون [ من ]

نواندنەکەی (٩٩) تەنها بۆ پریدیکاتی کردارەکەیە، کە پەیوەندییەکان دەبەستێتەوە بە کرداری فەرهەنگییەوە، بەڵام دەشێت پەیوەندییەکان بەجۆرێک وردتربکرێتەوە، کە هەڵاوێرکردنی دووەمی ئەو دروستە ئارگۆمێنتەمان بۆ بەدەستبهێنێت، ئەویش بەوپێیەی دواتر لە قۆناغێکی دروستەی ئارگۆمێنتدا گریمانەی ئەوە دەکرا، کە دەبێت پەیوەندییەکان بۆ دروستەی ئارگۆمێنتیش دووپەلکیی بن. بەوەش دروستەی ئارگۆمێنت وردتر هەڵاوێرکردنەکان جێبەجێدەکات.

هاوشیوەی ئەو کردارانەی، کە لەبەشی دووەمدا بۆ ئارگۆمێنت_داواکەرەکانی وەک ئاوەڵناوو پێشناو کران دەبێت کردارەکانیشی (آ) ئاستێکی نواندنی وردتریان هەبێت لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا. (ب) کرداریش هاوشێوەی ئاوەڵناوو پێشناو هەڵاوێرکردنێکی دووپەلکیانەی هەبێت. ئەمەش دەمانگەیەنێت بە دوو ئاراستەی جیاواز :(١)نواندنەکەی (٩٩) ئاستی نواندنەکەی کردارێکی تری تێدا بەرجەستەببێت و گریمانەی دووپەلکی تێدا جێبەجێبکرێت، چونکە ئەو نواندنەی (٩٩) بەپێی هەنگاوەکانی سەرەتای سیمانتیکی بەرهەمهێنانە. لەبەرئەوەی زمانی کوردیی زمانێکی (S O V) یە. ڕەنگە جێبەجێکردنی سیستەمی دووپەلکیی/ پێواژووی دوو پەلکی باشتر گونجاو/ شیاو بێت. (٢) لە بۆچوونەکەوە بیرۆکەی پریدیکاتۆر سەرهەڵدەدات، کە کردارێکی بچوکترە لە پریدیکاتەکە.(سەعید، ٢٠٢٠، ٥٣) بشڕوانە (Aarts,2001, 93).

هەردوو بۆ چوونەکە بۆ قۆناغی دروستەی ئارگۆمێنتی شیاوەو گونجاوە، چونکە لەسەرنجدان لە نواندنەکەی (٩٩) تێڕوانینێکی لۆجیکییانەی پەیوەست بە ئاڕاستە نوێکەی دروستەی ئارگۆمێنت بۆ دروستدەبێت، بۆ نموونە کردارێکی وەک /خواردن/ بەپێی نواندنەکەی پێشتر دەبێت لە هەڵاوێرکردنەکەیدا دوو ئارگۆمێنت هەڵببژێرێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا کردارەکە دەتوانێت زانیاریمان لەسەر نیشانە و ئەدگاری بکەرەکە بداتێ ؟

بەدڵنیاییەوە زانیاریی ورد لە کرداری / خواردن / بکەرەکەی لە دروستەی ئارگۆمێنتدا بەرجەستەنابێت. ئێمە پێشتر بانگەشەی ئەوەمان کرد، کە سیستەمی (S O V) بۆ دارشتنەوەی دروستەی ئارگۆمێنت ئاسان و گونجاوە بۆئەوە بوو کە وایدابنێین کردارەکە وەک پریدیکاتۆرێک لەگەڵ بەرکارەکە دەبێتە دروستکەری پریدیکات، نەک بەتەنیا، بەوەش کۆی کردارە تێپەڕەکانی زمانی کوردی خۆیان پریدیکاتۆرن، لە سینتاکسدا بەقۆناغێکی تر دەبنە پریدیکات. بەڵگەشمان بۆ ئەوە، کردارە بەلێکسیمبووە سینتاکسییەکانە، کە بەلێکسیمبووەکە لە پریدیکاتەکەوەیە، نەک پریدیکاتۆرەکە. ئەو بۆچوونە نەک بۆ واتا، بەڵکو بۆ سینتاکسیش لۆژیکی و ڕێگاپێدراوە. بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە (١٠٠)دا

١٠٠) خواردن [ داواکراو ، داواکراو ]

بەرکار بکەر

+خۆراک +بخۆر

+گیاندار

لە نموونەی (١٠٠)دا بۆ بکەرەکە زانیاریی [+ گیاندار] زانیارییەکی گشتییە، تایبەتنەکراوە بە جۆرێک گیاندار. بڕوانە (١٠١).

١٠١) ئاسکەکە/ قازەکە / مرۆڤەکە سەوزەکەی خوارد.

نموونەی (١٠١) ئەوە دەسەلمێنێت، کە کرداری / خواردن / زانیارییەکی وردو نیشانەکراوی لەسەر بکەرەکە نەداوە، چونکە کردارەکە لەگەڵ /سەوزە خواردن/ دا پەیوەستە بە بکەرەکەوەو زانیارییەکانی گشتگیرو نیشانەکراون، بۆیە لێرەوە بۆچوونی ئەوە دەخرێتەڕوو، کە دەبێت بەپریدیکاتۆرەکە لە سینتاکسدا پریدیکاتێک بە زانیاریی واتایی وردتر دروستبکات/ بەرهەمبێنێت. گریمانەی (کردار و بەرکار) وەک پریدیکاتێک دەمانگەیەنێت بەوەی کە ئەم دروستەیە جۆرێکی تری پریدیکاتی سینتاکسی بێت. بەوەش پریدیکاتۆر لە ناو ئەو دروستەیەدا بە تەنیا ئارگۆمێنتی بەرکار هەڵدەبژێرێت، ئەوکاتە پریدیکاتۆرەکە لەگەڵ ئارگۆمێنتە ناوەکییەکەدا دەبێتەوە بە سینتاکسێکی تر، بڕوانە (١٠٢) هەنگاوەکانی نێوان دوو قۆناغی دروستەی ئارگۆمێنت.

[ S , O V ] بڕوانە (١٠٢)

← پریدیکاتۆر

[ [ S ] O + V ] بڕوانە (١٠٣)

پریدیکات

١٠٢) خواردن [ سێو ، کوڕەکە ]
نان
گۆشت
بەراز
وینجە
شووشە

١٠٣) سێو خواردن [ کوڕەکە]
نان خواردن
بەراز خواردن
وینجە خواردن
شووشە خواردن

گۆشتخواردن [ ئەو ]
+گیاندار
+گۆشتخۆر
+ژیری

وینجە خواردن [ ئەو ]
+گیاندار
-گۆشخۆر
-ژیری

بەڵگەی هەبوونی ئەو دروستە سینتاکسییانە، بەلێکسیمبوونیانە، بەلێکسیمبوون وەک پرۆسەیەکی فەرهەنگیی سینتاکسیی سەیردەکرێت، کە پاش بەسینتاکسبوون دەبێتەوە بە فەرهەنگ. (محەمەد ،٢٠٢١، ١١٦) نموونەکانی وەک (سوێندخواردن) (نانخواردن)و (میوە فرۆشتن) بەڵگەن بۆ

بوونی سینتاکسییانەی ئەو پریدیکاتانەی (١٠٣). بڕوانە(١٠٤) قۆناغەکانی پریدیکاتی سینتاکسیی و فەرهەنگیی بەلێکسێبوونەکە.



## ئەنجام:

١. پێشبینیناکرێت فۆنێمە کەرتییەکان لە فەرهەنگەوە ناواخنێکی واتاییان هەبێت، بۆیە نواندنە واتاییەکان لەوێدا بۆ پەسنکردنی فۆنیمەکەیانە، بەڵام فۆنێمە ناکەرتییەکان لە هێزدا بۆ ڕێزمان_بوونە و تێیدا واتای فەرهەنگیی دەنوێنرێت، پەیوەست بە زرنگەشەوە توخمە فەرهەنگییەکان دەبنە دووان و لەفەرهەنگدا جگە لە گۆڕان لە زانیاریی فۆنۆلۆژییدا، گۆڕانی سینتاکسیی و واتاییش ڕوودەدەن.

٢. زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان پەیوەست بە دروستەو واتاوە فەرهەنگیین و لە کەرەستەو توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون. توخمەکان بۆ هەردوو پرۆسەکانی هەڵگواستن و لێکدراوو واتای ئەو دروستە مۆرفۆلۆژییانە لە ($X^0$, $X^{-1}$)دا هەڵگیراون.

٣. ئەگەرچیی دروستە و نواندنی واتایی لە هەڵگواستنەکاندا بە پێشگرو پاشگرەکانەوە پەیوەستە، بەڵام لە ئاستی سەرەوەیدا واتای جیاوازی دروستەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهاتووە، واتای وشەهەڵگواستنەکەی تێدا دەردەکەوێت، بەوەش لە هەڵگواستندا دەبێت بەدوو جەمسەری.

٤. پەیوەست بە نواندنی واتایی لە وشە لێکدراوەکاندا، جگە لە ئاست و جەمسەرەکانی خوارەوە، کە فەرهەنگیین، نواندنی سەرەوە کە پرۆژە و فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان جگە لە واتای پێکهاتەیی جەمسەری سەرەوەدا، پێشبینیی واتای ناپێکهاتەییش دەکرێت، بۆیە واتای وشە لێکدراوەکان سێ جەمسەریین.

٥. دروستەی ئارگومێنتی وشەی لێکدراوو فرێز چوونیەکن و لە نواندنی واتادا ئاست و لیڤڵی فەرهەنگیی و سەرەوەیان هەیە، فرێزەکانیش هاوشێوەی لێکدراوەکانی فرێز جگە لە واتای پێکهاتەیی، واتای ناپێکهاتەییش دەردەبڕن.

٦. ئەگەرچیی لێکدانەوەی واتای ڕستەی زمانی کوردیی بەپێی قۆناغی ستانداردی زمانەکان لە نێوان فەرهەنگ و دروستەی قووڵدایە، دروستەی ڕووکەش تەنها نواندنێکی سینتاکسییە، بەڵام هەر بەپێی گەشەی تیۆرەکە، دروستەی ڕووکەشیش نواندنیی واتایی تێدا بەرجەستە دەبێت، هەریەکێک لە بەستنەو باسمەندو دەربڕاوی ئاوەڵکرداریی لەنەر ئەوەی لەو واتایانەن، کە لەلای ڕاستی ڕستەوە ڕوودەدەن و پەیوەستی کردار نیین، بۆیە بە دروستەی ڕووکەش هەژمارکراون.

٧. قۆناغی بەرهەمهێنانی واتایی، کە بە سیمانتیکی بەرهەمهێنانەوە پەیوەستە، تێدا دروستەی ئارگومێنت جێی دروستەی قووڵ دەگرێتەوە، ئەگەرچیی لە هەردووکیاندا کردار دەسەڵاتە واتاییەکەی بە داواکراوەکانی دەدا، بەڵام لە بەرهەمهێنانی واتاییدا، بەتایبەت بۆ زمانی کوردیی بە پێی قاڵبی (S O V) کردار دوو نواندنیی واتایی دەبێت، دانەیەکیان

پریدیکاتۆرەو پەیوەندیی واتاییەکەی بۆ بەرکارە، ئەویتریشیان پریدیکاتەو پەیوەندیی واتایی بۆ بکەرە.

٨. ئیدیۆمی کوردی لە دەربڕینە ناپێکهاتەییەکانە، لە ڕووی فۆڕمەوە، لە دوو بەش یان زیاتر پێکهاتووە ئەمەش تایبەتییەکی تری ئیدیۆمی کوردییە، کە جیای دەکاتەوە لەو فۆڕمە سادانەی کە بەکارهێنانی ئیدیۆمیان هەیە، نەک خودی خۆیان ئیدیۆم بن.

# لیستی سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردیی:

### ا-کتێب:


١. باتنی، محەمەد رەزا،١٩٩٣، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: حەسەن قازی، سوید.

٢. برزۆ، ئومێد بەرزان ،٢٠٢٠،توێژینەوە زمانەوانییەکان ،بەرگی یەکەم، تهران، چاپخانەی جنگل، ئێران.

٣. بوقرە،نعمان/ خۆشناو ،نەریمان عەبدوڵڵا،٢٠١٦،ئاراستەکانی زمانەوانی(لە سۆسیر تا چۆمسکی) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤. بەسیر،کامل حەسەن،١٩٨٥،بەراوردکارییەک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا،بەغدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد،ڕێکخستن و لە چاپدانەوەی نەریمان خۆشناو.

٥. تاهیر،شەهاب شیخ تەیب، ٢٠٢٠، چەند بابەتێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٦. حاجی مارف،ئەورەحمان،١٩٧٩،ڕێزمانی کوردی،بەغدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم،وشەسازی_ناو، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق.

٧. حاجی مارف،ئەورەحمان،٢٠١٤،ڕێزمانی کوردی ،وشەسازی، هەولێر، بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم،ژمارەو ئاوڵکردار،دەزگای ڕۆژهەڵات.

٨. حاجی مارف،ئەورەحمان،٢٠١٤،فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی، هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٩. حسین، شیلان عومەر،٢٠٠٩، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتەی زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپی یەکەم.

١٠. حسین،شیلان عومەر، ٢٠١٢، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کورییدا، سلێمانی، چایخانەی ئارۆ.

١١. حسین،شیلان عومەر، ٢٠٢١،ئاوەزمەندی گەنجی وشە، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی وفارسیدا، چایخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٢. حسین،شیلان عومەر،٢٠٢١،زانستی زمانی کارەکی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.

١٣. حسين،ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩،سینتاكسیی كرداری لێكدەر و لە شێوەزاری هەرامیدا، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١٤. خورشيد،غازی عەلی،٢٠١٠،فۆنۆتیك و فۆنۆلۆجی، سلێمانی.
١٥. خورشيد،غازی عەلی،لارس میلین،٢٠١٠،سایكۆلۆژیای زمان، هەولێر، چاپخانەی سپێرز-دهۆک.
١٦. خۆشناو،نەریمان عەبدولا،نوام چومسكی ،٢٠٢٠،ڕۆنانە سینتاكسیەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
١٧. دەزیی ، عەبدالواحید موشیر، ٢٠١٣، وشەسازی زمانی كوردی، چاپی یەكەم، هەولێر، لەبڵاوكراوەكانی كتێبخانەی ئاودێر.
١٨. دەزیی ، عەبدالواحید موشیر،٢٠٠٩،واتاسازی، هەولێر،چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی.
١٩. دەزیی، عەبدالواحید موشیر،٢٠٠٩،واتاسازی،چەند لێكۆڵینەوەیەكی سیمانتیكی و پراگماتیكییە، هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی/هەولێر.
٢٠. دەزیی، عەبدالواحید موشیر،٢٠١١، لیكسیكۆلۆجی، چاپی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی ماردین.
٢١. دەزیی، عەبدالواحید موشیر،٢٠١٣، ڕستەسازی ڕۆنانكاری و گوێزانەوە، چاپی یەكەم، هەولێر، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ئاودێر.
٢٢. دەزیی، عەبدالواحید موشیر،٢٠١٤،لێكسیۆلۆجی ، هەولێر، چاپی دووەم.
٢٣. دەزیی، عەبدالواحید موشیر،٢٠١٤،واتاسازی وشەو ڕستە، هەولێر چاپی سێیەم.
٢٤. رشيد، صباح،٢٠٠٩، هەندێ لایەنی دەسەلات و بەستنەوە(GP) لە زمانی كوردییدا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
٢٥. سالح، دەروون عبدالرحمن،٢٠١٢، ئیكۆنۆمی لە ئاستەكانی زمانی كوردیدا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
٢٦. سەعيد، سازان زاهیر، ٢٠٢٠، نواندنی سینتاكسی لە زمانی كوردییدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی سارا،سلێمانی
٢٧. سەعيد، تابان محەمەد،٢٠٠٨، گەشەسەندن و پوكانەوەی گەنجی وشە لە زمانی كوردیدا، زانكۆی سلێمانی
٢٨. سەعيد، یوسف ڕەشید،كلود جیرمان و ریمون لوبلان،٢٠٠٦، واتاسازی، هەولێر، چاپخانەی وزارەتی پەروەردە .
٢٩. صديق، فاروق عومەر،٢٠١٥، ڕەچەڵكی وشە و پەلهاوێشتنی، سلێمانی، چاپی یەكەم،دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

٣٠. عەلی ، تالیب حوسێن، ٢٠٢٠، زانستی زمان و زمانی کوردی ، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی
٣١. فارووق،هۆشەنگ،ه.ج.ویدسۆن،٢٠٠٨، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، دهۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی
٣٢. فەتاح،محەمەد معروف،قادر،سەباح ڕەشید،چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی ڕوون
٣٣. قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردییدا بە کەرەستەی کرمانجی خواروو، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشک،
٣٤. قادر، کاروان عومەر،٢٠١٢، فۆرمی لۆجیکی لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی بینایی
٣٥. قادر،ابوبکر عومەر،٢٠٠٣، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردی و فارسیدا، زانکۆی سلێمانی.
٣٦. صدیق،فاروق عومەر، ٢٠١١، لە دایک بوونی وشە،چاپی یەکەم،سلێمانی،چاپخانەی شڤان.
٣٧. محمد،حاتم ولیا،٢٠١٩، مۆرفۆلۆجی، سلێمانی، چاپی یەکەم.
٣٨. محمدأمین، أمیر محمد، ٢٠١٦، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای نارین.
٣٩. محمود،ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩، پراگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.
٤٠. محەمەد ڕەزا باتینیی، ١٩٩٣، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان،چاپ و بڵاوکردنەوەی:سوید،و/حەسەنی قازی، سوید.
٤١. محەمەد،بژوێن یحیی،٢٠٢١، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا،چاپی یەکەم.
٤٢. محەمەد،حاتم ولیا،٢٠٠٩، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسیەکان، هەولێر، چاپخانەی خانی (دهۆک).
٤٣. مستەفا، مستەفا ڕەزا، ٢٠٢١، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی زمانی کوردییەوە ، بەرگی یەکەم،باشووری کوردستان ، چاپخانەی چوار چرا.
٤٤. موسا، عبدالوهاب خالید،٢٠٠٩ ، هێز و ئاوەز لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، چاپی یەکەم، هەولێر.
٤٥. موسا،عبدالوهاب خالید، ٢٠٠٩، چەند بابەت لێکۆلینێن زمانیی ، ژ وەشانێن ئیکەتیا نڤیسەرێن کورد، دهۆک، چاپخانەی هاوار.

٤٦. موسا،عبدالوهاب خالید،٢٠٠٩، هێز و ئاوەز لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو، چاپی یەکەم، هەولێر،کوردستان.
٤٧. میراودەلی،کەمال،٢٠٠٧، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی، چاپی یەکەم.
٤٨. میراودەلی،کەمال،٢٠١٥، ڕێزمان بنچینەیی کوردی، وانەی چوارەم، ئینگلیزی تێدایە،ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ئەهلییە.
٤٩. مەحوی، محەمەد، ٢٠٠٩، زانستی هێما هێما واتا و لێکدانەوە ،بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.
٥٠. مەحوی، محەمەد، ٢٠١٠، مۆرفۆلۆژی و بەیکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، سلێمانی
٥١. مەحوی، محەمەد،٢٠٠١، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٥٢. مەحوی، محەمەد،٢٠٠١، زمان و زانستی زمان و سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، سلێمانی، بەرگی یەکەم.
٥٣. مەحوی، محەمەد،٢٠٠٦، ئاوازداری ڕێزمانی ناوەڕۆک و وابەستە،زانکۆی سلێمانی .
٥٤. مەحوی، محەمەد،٢٠٠٩، مۆدیل و مۆدیلەکانی ڕێزمان، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
٥٥. مەحوی، محەمەد،٢٠١١، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، سلێمانی، بەرگی یەکەم.
٥٦. مەحوی، محەمەد،٢٠١٦، مەنامە، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، زانکۆی سلێمانی.
٥٧. مەحوی،محەمەد،٢٠٢١، مۆرفۆلۆژیی کوردیی،مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان،سلێمانی،بەرگی یەکهەم و دووهەم،چاپخانەی کارۆ.
٥٨. مەحوی، محەمەد،ئەحمەد،نەرمین عومەر،٢٠٠٤، مۆدیلی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی.
٥٩. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠١٢، دروستەی فرێز لە زامنی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
٦٠. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠٢٠، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی، چاپخانەی سارا.
٦١. ناوخۆش ،سەلام،٢٠٠٥، پۆختەیەک دەربارەی زماننناسی (مێژوویی،بونیاتگەری،چەمیکی)، هەولێر.
٦٢. هەورامانی،محمد ئەمین،١٩٧٣، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی،بەغداد، چاپخانەی مەعاریف.
٦٣. هەورامی ،محەمەد ئەمین، ١٩٧٤، فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
٦٤. ویس ،غازی فاتیح،١٩٨٤، فۆنۆتیک،بغداد.

٦٥. ئەمین ، وریا عومەر،٢٠٠٩ ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،بەرگی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

٦٦. ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤، چەند ئاسۆیەکیتری زمانەوانی، بەرگی یەکەم ، هەولێر، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.


## ب-نامەی ئەکادیمی:

### ا-نامەی دکتۆرا:


٦٧. بابان،عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد،٢٠٠٥، هایپۆنیمی و پەیوەندی واتایی لە زمانی کوردییدا، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی دکتورا.

٦٨. برزۆ، ئومێد بەرزان، ٢٠١٠، مۆرفۆسینتاکس و دروستەی لە شێوەزاری خانەقیندا، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، نامەی دکتورا .

٦٩. حسین،ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٨، سینتاکس و کرداری لێکدراو لە شێوە زاری هەورامیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتورا.

٧٠. ئەحمەد، بڕوا ڕەسول، ٢٠٢١، گەنجینەکردنی زانیاری لە فەرهەنگی عەقڵیدا، زانکۆی ڕاپەڕین، نامەی دکتورا.

٧١. ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠١٣، پراگماتیکی فەرهەنگی پێکداچوونی پێکهاتەکانی، زانکۆی سلێمانی،، نامەی دکتورا.

٧٢. غەریب ،دڵشاد محەمەد ، ٢٠١٩، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، سلێمانی، نامەی دکتورا.

٧٣. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠١٠، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، نامەی دکتورا.

٧٤. قادر، تارا موحسین، ٢٠١١، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتورا.

٧٥. ڕەسول، صلاح حوێز،٢٠١٣، پرەنسیپی ئابووری کردن لە زمانی کوردییدا لە ڕوانگەی تیۆەری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، زانکۆی کۆیە، نامەی دکتورا.

## ب_ ماستەر:


٧٦. ئیبراهیم،بەشدار محمد،٢٠١٤، واتاسازی بەهەمهێنانو لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٧٧. قادر، تارا موحسین، ٢٠١٤، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر .

٧٨. فەتاح، ئەردەوان تۆفیق،٢٠١٥، پۆلکردنی وشە لە ڕستەسازیی لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

٧٩. قادر، ئاوات سالح، ٢٠١٥، ڕێکەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٨٠. عەبدول کەریم، بەهرە محەمەد،٢٠١٥، شرۆڤەی ئاریشە زمانییەکان لە زمانی کوردییدا،سلێمانی، نامەی ماستەر.

٨١. حسن،فەرهاد تۆفیق،٢٠١٠، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێ دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٨٢. سەعید، محمد مجید، ٢٠١٥، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، سلێمانی، نامەی ماستەر.

٨٣. عەبدوڵا، گۆنا عومەر، ٢٠١٣، دروستەی زانیاریی لە زمانیی کوردییدا بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٨٤. فرەج،تریفە محمد،٢٠١٦، دروستەی ڕستە مەرج لە زمانی کوردیداو لێکدانەوەی واتایی ، زانکۆی گەرمیان، نامەی ماستەر.

٨٥. قادر، ئەبوبکر عومەر، ٢٠٠٣، بەراوردی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردی و فارسیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.

٨٦. کەماڵ،دیار عەلی،٢٠٠٢، ڕێزمان ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوازرانەوە، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

٨٧. محی الدین،بازیان یونس، ، ٢٠٠٨، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێجی زمان، نامەی ماستەر.

٨٨. مەجید، ئارام ڕەشید، ٢٠١٦، درووستەی کرداری فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٨٩. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا،٢٠٠٩، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٩٠.یونس، سەمیرە توفیق، ٢٠٠٠، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

٩١.ئەمین، میدیا موراد، ٢٠٠٩، لێکدان و خستنە پاڵ لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی لیکسیکۆلۆجییە، نامەی ماستەر.

**پ-<u>گۆڤار:</u>**

٩٢.حسێن، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢، یاسای کۆپی کردن لە سینتاکسی زمانی کوردی، شێوەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢).

٩٣.حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢، یاساکانی گواستنەوە بە گشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤) .

٩٤.عەلی ، بەکر عومەر، ٢٠١١، سنووری گێڵەکەی واتایی لە وشەی بێگانە و ڕەنکراو، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (١٣)، بەشی (B).

٩٥.فتاح،محمد معروف، ١٩٨٦، دیسان ئیدیەم، پێداچوونەوەی لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، بەغدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق، بەرگی (١٥).

٩٦.فەرەج، هۆگر محمود،٢٠٠٥، کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٥)، بەشی (B).

٩٧.مامە، فەتاح، ٢٠٠٤، تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەشی (B)، ژمارە (١٣).

٩٨.محمد،فەریدون عبدول،قادر،محمد أبوبکر،٢٠١٠، کەرەسە مۆرفۆسینتاکسیەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٧)، بەشی (B).

٩٩. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠١٤، زانیاری زمانی و پێڕەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B،ژمارە ٤٥.

١٠٠. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠١٧، پارامێتەری سەری ڕێزمانی کوردیی و فارسییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (١)، ژمارە (١٢).

١٠١. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠٢٠، ڕێکەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی واتای دەقدا، زانکۆی سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

١٠٢. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا، ٢٠٢١، مەرجی فۆنۆلۆژی لە پرۆسەی بە وشەبووندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

١٠٣. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا،٢٠١٢، ئاوەلکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B).

١٠٤. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا،٢٠١٣، زانیاریی زکماگی و دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان لە زمانیی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٨-B).
١٠٥. مەعروف،عبدوالجبار موستەفا،قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١، کاریگەری فەرهەنگ لە بنیاتی درووستە سینتاکسییەکاندا، بغداد ،گۆڤاری أستاز،ژمارە (٨٦).
١٠٦. ئەمین ، وریا عومەر، ٢٠١٤، مۆرفۆنۆسینتاکس، هەولێر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٣).

## چاوپێکەوتن:

١٠٧. چاوپێکەوتن لە گەڵ د.عبدوالجبار موستەفا مەعروف، لە ٨/ ٦/ ٢٠٢١.
١٠٨. چاوپێکەوتن لە گەڵ د.عبدوالجبار موستەفا مەعروف، لە ١٦/ ٦/ ٢٠٢٢.
١٠٩. چاوپێکەوتن لە گەڵ د.عبدوالجبار موستەفا مەعروف، لە ٩/ ٢/ ٢٠٢٢.

## سەرچاوەی عەرەبی:

١١٠. أبي بكر،الأمام جلال الدين عبدالرحمن،١٩٩٨، همع الهوامع في شرح جمع الجوامع،بيروت،لبنان،جزء الأول، طبع الأولى،دار الكتب العلمية
١١١. الأنصارى،إبن هيشام،جمال الدين،الام إبن محمد بن عبدالله، تحقيق أحمد شمس الدين، محمد محى الدين عبدالحميد،٢٠٠٩، شرح شذوذ الذهب في المعرفة كلام العرب،دارالطلائع.
١١٢. البهنساوى ،حسام ،٢٠٠٣، التوليد الدلالى،القاهرة،الطبعة الأولى ، مكتبة زهراء الشرق للنشر و الطباعة
١١٣. جرمان،كلود،روبلان،ريمون،علم الدلاله،دمشق،نور الهدى لوشن،دارالفاضل
١١٤. السعدان، محمود،١٩٦٢، علم اللغة ،مقدمة للقاريء العربي، اسكندرية،مصر
١١٥. سليمان،د.فتح الله أحمد،١٩٩١، مدخل إلى علم الدلاله، القاهرة،مكتب الأدب
١١٦. عبداللطيف،محمد حماسه،٢٠٠٠، النحو و الدلاله(مدخل لدراسة معنى النحو - الدلالى)،القاهرة،طبعة الأولى،دار الشروق للنشر
١١٧. عزيز،د.محمد،١٩٩٩، نحو الفية،شرح المعاصر و أصيل ألفية إبن مالك،مكتب شباب
١١٨. ليونز،جون،١٩٨٥، نظرية شوميكى اللغوية، ترجمةحلمى خليل،الأسكندرية،دار المعرفه.
١١٩. زكريا، ميشال، ١٩٨٥، مباحث في النظرية الالسنية و تعليم اللغة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، لبنان، بيروت.

## سەرچاوەی فارسی:


١٢٠. ساغروانيان، سيد خليل،١٣٦٩، فرهنگ اصتلاحات زبان شناسى ،مشهد،چاپ اول، نشر نما.

١٢١. شفيعى، محمد رضا،١٣٨٥، كدكنى موسيقى شيعر، چاپ نهم، تهران، كتابخانه ملى ايران ،مؤسسه أنتشارات أگاه.

١٢٢. شمسيا، سيروس، ١٣٨١، معانى، تهران،چاپ هفتم،نشر ميترا.

١٢٣. طباطبايى،علاالدين،١٣٩٥، تركيب در زبانى فارسى_بررسى ساختارى واژەهاى مركب،تهران، ناشر كتاب بهار.

١٢٤. عبدالهى ، منيژه،١٣٩١، مقاله بررسى ساختار استدلال در سه متن دورەى قاجار، دانشگاه شيراز، مجله بوستان أدب،شماره دوى تابستان.


## سەرچاوەی ئینگلیزی :


125. Anthong Ezechukw ogu ,Chinwe Innocentia ahumaraze, Grammar,fedecal university of technology Owerri, . 2016 .

126. Aarts, B. 2001, English syntax and Argumentation, Second Edition,New york, palgrave.

127. Azam estaj ,2005,morphosyntactic changes in Persian and Their Effects on The syntax, ferdowsi university of mashhad.

128. Babby.Leonard Harvey,the syntax of argument strucrure , Cambridge university,press,1st edition, 2009.

129. Barware M. 2004.Topics Ingoverment And Binding Theory,With Reference To English Northern Kurdish . Unpublished Ph.Dthesis, University Of Salahaddin .

130. Bresnan,J.(2000).Lexical Functional Sytax, Black Well,London.

131. Bussmann.H.T: kazzazi,K and trauth,G.1996,Routledy Dictionary of language and linguistics ,London and New York.

132. Carnie.A, 2011. Modern syntax, Cambridge university press.

133. Chomsky .N,1986, Knowledge of language : Ite nature origin ,and use ,New York ,prager.

134. Chomsky ، N ، 1981 ، Lecures on government and binding berlin ، newyork.

135. Chomsky,N.1995,the minimalist program,Cambridge mass:Massachusetts institute of technology press,30.

136. Chomsky.N.1993, lectures on government and binding, the pisa leture,7ed for:BERLIN,NEWyork.
137. Cruse,A. 2006 ,A glossay of semantics and pragmatics,Edinburg university , in Scotland.
138. Fasold.R. and connr linton.j ,2006 , ,An introduction to language and linguistics.
139. FROMKIN.V,and roaman,R.and Hymas,N.2002, AN introduction to language,Thomson,Heinle.U.S.A.
140. Fromkin.V.,AN introduction to language,9edition,intemational edition,2011.
141. GREET Booij,2007, the Grammar of words,An Introduction to linguistic morfhology, second Edition,oxford university press.
142. Grystal,D. 2003,A dictionary of Linguistics and phonetics, Fifth Edition, 5Rd.ed, Blackwell, oxford.
143. Haegman,L.and G.Gacgueline,1999: ,English Grammer,black well, oxford.
144. LEGAT,Jwie Anne , 1999, The morphosyntax of Irish Agrement ,MIT.
145. Martin Haspelmath and Andrea D.sims, Understanding Morphology, ,the Ohio state university,2010, ,Hodder Education an Hachette Uk company.
146. P:H.mattews.The consice oxford dictionary of lingnistic,2nd edition,publication 2007.
147. Strnberg D,D.1999.psycholIguistics language,mind and world ,six impression ,Longman ,London and New York.
148. Trask,R,L.1993-Routledge-Adictionary of Grammatical in linguistics. Routledge:london

**لينك/**

149. https: //grammar.your dictionary.com
150. https://link.springer.com
151. https://www.researchgate,net/publication/274569335-morpgology
152. https://www.researchgate.net
153. https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-scalise
154. https://www.scribd.com/document/376441754/sergio-scalise-Generative-morph
https:/www.blackwellpublishing.com/content/BPL-Images-

## پوختە

لێکۆڵینەوەکە بۆ ناونیشانێکی لە جۆری (نواندنی سیمانتیکیی لە شێوەزاری گەرمیاندا) تەرخانکراوە، کە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی نواندنی واتایی لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا، فەرهەنگ وەکو پاشخانی زانیارییەکان دەربارەی کەرەستەکان و زانیارییەکانی ناوەوەیان پەیوەست بە ڕێزمان و واتاش گەنجکراون، بە جۆرێک کە نواندنی ئەو زانیارییانە لە ڕێزماندایە و لەوێدا درکی پێدەکرێت.

بۆیە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکە لە فەرهەنگەوە دەستی پێکردووە بەرەو پێکهاتەی ڕێزمان، لە ڕێزمانیشدا گریمانەی هەبوونی واتا لە فۆنۆلۆژییدا تاقیکراوەتەوە، پاشان مۆرفۆلۆژیی، نواندنی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا وەک پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان مۆرفۆلۆژیی و نواندنی واتایی ناو مۆرفۆلۆژیی کاری لەسەر کراوە.

پەیوەست بە سینتاکسیشەوە وەک پێکهاتەیەکی ڕێزمان لەبەرئەوەی لەو پێکهاتەیەدا فرێز و ڕستە هەن، بۆیە بەپێی دروستەی ئارگۆمێنت لەسەرەتادا کار لەسەر نواندنی واتای ناو فرێزەکان کراوە تا دواتر هەنگاونراوە بەرەو لێکدانەوەی سیمانتیکیی و بەرهەمهێنانی واتایی لە ڕستەدا کە ئەوانیش دوو قۆناغی قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانن، بەوەش لێکۆڵینەوەکە واتای لە کۆی مۆدێلی ڕێزمانی کوردییدا خستووەتەڕوو.

لێکۆڵینەوەکە هەنگاوەکانی بەپێی ڕێبازی پەسنیی/شیکاریی جێبەجێکردووە کەرەستەکانیش سەرباری کرمانجی ناوەڕاست، هەندێک لە بەڵگەو نموونەکانیشی لە شێوەزاری گەرمیان وەرگرتووە.

# ملخص

خصص البحث لعنوان من النوع (التمثيل الدلالي في لهجة كرميان) وهو محاولة للتعرف على التمثيل الدلالي بين القاموس والقواعد، ويتم تجديد القواميس أيضا كمعلومات خلفية حول المواد ومحتواها المتعلق بالقواعد والدلالة، بحيث يتم تمثيل تلك المعلومات في القواعد وتحقيقها فيهما.

لذلك، بدأت خطوات البحث من القاموس إلى بنية القواعد، وفي قواعد اللغة تم اختبار فرضية الدلالة في علم الأصوات، ثم التشكل، وتم العمل على التمثيل الدلالي في علم التشكل كعلاقة قوية بين التشكل والتمثيل الدلالي.

وفيما تعلق ببناء الجملة أيضا كهيكل نحوي، لأنه يحتوي على عبارات وجمل، لذلك وفقا لتركيب الحجة ركز البحث بداية على تمثيل الدلالة في الجمل، ثم اتخاذ الخطوات إلى التفسير الدلالي والإنتاج الدلالي في الجمل، وهما مرحلتان من مدرسة الإنتاج النحوي، وهكذا يقدم البحث الدلالة في النموذج العام لقواعد اللغة الكردية.

اتبع البحث خطواته وفق المنهج الوصفي / التحليلي، بالإضافة إلى اللغة الكردية المركزية، فإن بعض الأدلة والأمثلة مأخوذة من لهجة كرميان.

# Abstract

The research is entitled (Semantic Representation in Garmian Dialect), which is an attempt to identify semantic representation between dictionary and grammar. Dictionaries are also rejuvenated as background information about materials and their content related to grammar and meaning, so that the representation of that information is in grammar and is understood there.

Therefore, the steps of the research started from the dictionary to the structure of grammar, in grammar the hypothesis of meaning in phonology was tested, then morphology, semantic representation in morphology as a strong relationship between morphology and semantic representation within morphology.

Regarding syntax as a grammatical structure because it contains phrases and sentences, so according to the correctness of argument, first worked on the representation of meaning in phrases and then moved towards semantic interpretation and semantic production, which are two stages from the school of grammatical production, and thus the research presents the significance in the general model of the grammar of the Kurdish language.

The research followed the steps of descriptive analytical method. In addition to Central Kurdish, some of the evidence and examples were taken from Garmian dialect.